# رووداو
RÛDAW

ژمارە (459) دووشەممە 2017/5/29 – 8ی جۆزەردان 2717 (750) دینار


### بەرپرسێکی حەشدی شەعبی:
## دەبێ پێشمەرگە چیای شنگال چۆڵ بکات

**رووداو– دهۆک**

بەرپرسێکی حەشدی شەعبی هۆشداری دەداتە پێشمەرگە لە رێگریکردن لە گەڕانەوەی کوردانی ئێزدی بۆ ناوچەکانیان. هەروەها دەڵێت "دەبێ پێشمەرگە چیای شنگال چۆڵ بکات".

نایف جاسم کۆچۆ، موختاری گوندی کۆچۆ و سەرۆکی عەشیرەتی مەندکان، نزیکەی سێ هەفتەیە پەیوەندی بە حەشدی شەعبی کردووە و کەتیبەیەکیان بەناوی کەتائیبی ئێزدیخان بۆ دروستکردووە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) باسی هۆکاری پەیوەندیکردنی بە حەشدی شەعبییەوە دەکات و دەڵێت "سەرەتا متمانەیەکی زۆرمان بە پێشمەرگە کە ئەوان شەڕی داعش دەکەن، بەڵام دواتر ئەو متمانەیە نەما، چونکە زێدی کوردان بووەتە شوێنی حەوانەوەی ئەو داعشانەی ئێمەیان کۆمەڵکوژ کرد". بە گوتەی نایف رۆژانە چەندین کەس پەیوەندی پێوەدەکەن بۆ ئەوەی بچنەوە ناوچە رزگارکراوەکانیان، بەڵام پێشمەرگە رێگەیان پێنادەن. نایف گوتی "ئەگەر بەردەوام بن لە رێگری لەگەڕانەوەی ئەو خەڵکە، هەڵوێستی دیکەمان دەبێ". گوتیشی "بەهیچ شێوەیەک لە مامەڵەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێزدییەکان لە شنگال رازی نیم، دەبێ پێشمەرگە چیای شنگال بۆ ئێزدییەکان چۆڵ بکەن".

بەڵام ئاشتی کۆچەر، بەرپرسی ئاسایشی رۆژئاوای دیجلە کە ئێستا لە شنگالە گوتی "ئێمە رێگەمان لە کەس نەگرتووە بگەڕێتەوە ناوچەکەی، بەڵام ئەوە حەشدی شەعبییە ناهێڵێ و ناوچەکانیشیان تاڵان دەکات".

6»

## داعش دوا شەڕی خۆی لە نۆ کیلۆمەتر دووجادا دەکات
7

## پڕکردنەوەی شوێنی نەوشیروان مستەفا دەخرێتە دوای چلەکەی
4



**د.مونا فەیاز:**
## عەرەب لە نەبوونی سەرکردەدا داعشی قبووڵ کرد
5

### پەنا بۆ کام سیناریۆ دەبات؟
# پارتی کار بۆ دانیشتنی نائاسایی پەرلەمان دەکات

**پەرلەمانتارێکی گۆڕان:**
پەنابردن بۆ ئەنجامدانی دانیشتنی نائاسایی قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە

3 »




## 15 هەزار سیڤیل لە شەڕی دژی داعشدا بە هەڵە کوژراون
»17

**راپۆرت** 6
### فینلاند مەدالیای ئازایەتی دەداتە کۆچبەرێکی کورد



**راپۆرتە هەواڵ** 2
### زەکاتی سێ ملیاردێری کوردستان 60 ملیۆن دۆلارە

**ئەدەب و کولتوور**
### ماڵی هێمن موکریانی لە باشترین مۆزەخانەکانی ئێرانە



**ئابووری** 8
### 5 ملیۆن دۆلاری هەرێمی کوردستان بۆ سپینەر چووەتە دەرەوە



راپۆرتە هەواڵ
رووداو
ژمارە (459) - دووشەممە 2017/5/29



## داوای راگەیاندنی باری لەناکاو لە چەمچەماڵ دەکرێ

رووداو- هەولێر

بەرزان ئەحمەد کوردە، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لە قەزای چەمچەماڵ، بە (رووداو)ی راگەیاند: "دۆخی ئەمنی قەزای چەمچەماڵ زۆر مەترسیدارە، ئێستا چەمچەماڵ پێویستی بەوە هەیە حاڵەتی نائاسایی تێدا رابگەیێندرێ، چونکە دۆخەکە لە زۆر رووەوە جێگای مەترسییە".

بەرزان ئەحمەد کوردە هەروەها گوتی وەک چارەسەرێکی بەپەلە، هەنگاویان بۆ ئەوە ناوە، لە خەڵکانی قەزاکە هێز دروستبکەن بۆ پاراستنی ئەمنی گەڕەک و کۆڵانەکان "ئێستا سەرقاڵی ئەوەین لە بەرپرسانی پێشمەرگە و کەسانی سەربازی ئەمنی حیزبەکان و خەڵکی ناوچەکە هێز دروستبکەین بۆ پاراستنی ئەمنییەتی گەڕەک و کۆڵانەکان".

### ساڵانە زەکاتەکەیان دەدەن

# زەکاتی سێ ملیاردێری کوردستان 60 ملیۆن دۆلارە

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

لەو چەند ملیاردێرەی لە هەرێمی کوردستان هەن، تەنیا سێ ملیاردێر بە تەواوی زەکاتەکانیان دەدەن. گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان زەکاتی سەرمایەداران بە 300 ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنێ.

زەکات یەکێکە لە پێنج بنەماکەی ئیسلام، بەپێی دەقەکانی قورئان لەسەر ئەو کەسانە واجبە کە توانای داراییان هەیە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر سامان و دارایی، دەبێ 2.5%ی سامانەکە ببەخشێتە هەژاران.

لە هەرێمی کوردستان و زۆربەی وڵاتانی ئیسلامی سندوقی زەکات نییە و پارەی زەکات و سەرفیترە بە هەڕەمەکی دەدرێت. بەگوتەی عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتیی یەکێتی جیهانیی زانایانی ئیسلام، زەکاتی ساڵانەی جیهانی ئیسلامی نزیکەی 400 ملیار دۆلار دەبێ.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف بە (رووداو)ی راگەیاند، لە ساڵی 2008 پرۆژەی دانانی سندوقی زەکاتیان داوەتە لێژنەی ئەوقافی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆیان لەبارەی پرۆژەکە بدەن و دەوڵەمەندی بکەن، پاشان لە ساڵی 2010 پرۆژەکەیان داوەتە ئەنجوومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەوانەوە بنێردرێ بۆ پەرلەمان.

بە گوتەی مەریوان نەقشبەندی، ئەوکاتەی ئەوان پرۆژەکەیان ئامادە کردووە، زەکاتی ساڵانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان نزیکەی 30 ملیۆن دۆلار بووە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و نارێکخراو دراوە.

سیراج خەیلانی، سەرۆکی لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی ئەو پرۆژە یاسایە بە (رووداو)ی راگەیاند: "پرۆژەکە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، چونکە دەمانزانی دروستکردنی سندوقێکی زەکات ئاسان نییە".

هەفتەی رابردوو عەلی قەرەداخی، ئەمینداری گشتیی یەکێتی جیهانی زانایانی ئیسلام لە شاری سلێمانی سندوقی زەکاتی راگەیاند، بەڵام مەریوان نەقشبەندی رەخنە لەو هەنگاوە دەگرێت و دەڵێ: "ئەوان ئازادن وەکو رێکخراوێک پارە کۆبکەنەوە، بەڵام هەنگاوەکەیان بەبێ راوێژ بووە و ئێمە رێگا نادەین مینبەری مزگەوت و دەزگاکانی حکومەت بۆ کۆکردنەوەی زەکات بەکاربهێنن".

**پەرلەمانتارێک:**
**سندوقی زەکات لە کوردستان سەرناگرێ**

عومەر عەلی، بەرپرسی راگەیاندنی لێژنەی سندوقی زەکات سەبارەت بە دانانی ئەو سندوقە گوتی "بۆشاییەک لە بواری کۆکردنەوەی زەکات و دابەشکردنی هەیە، رابیتەی ئیسلامی دەستپێشخەری بۆ دامەزراندنی ئەو سندوقە کرد کە هاوکارێکی باشی حکومەت دەبێ بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و کەمدەرامەتی، بە تایبەتی لەم قەیرانە داراییەدا".

عومەر عەلی گوتی، لیژنەیەکی باڵا لە زانایان و خێرخوازان دروستکراوە بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوە و دابەشکردنی زەکاتەکە. داواش لە وەزارەتی ئەوقاف کراوە نوێنەری خۆیان بنێرن یان لە هەر شوێنیک ویستیان چاودێری و لێکۆڵینەوە بکەن، ئازادن. لە کۆتایی مانگی رەمەزانیش لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا وردەکاریی کۆکردنەوە و دابەشکردنەکە بۆ رای گشتی دەخرێتەڕوو.

لەدوای ساڵی 2003 رەوشی دارایی هەرێمی کوردستان بەرەو باشی رۆیشت، پرۆژەکانی وەبەرهێنان دەستیان پێکرد و پیشەسازی نەوت لە کوردستان گەشەی کرد، بەمەش ژمارەی سەرمایەداران زیادی کرد، بەڵام بەگوتەی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر سەرمایەدار خۆیان لە دانی زەکات دەدزنەوە.

یاسین مەحموود، گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند: "سێ ملیاردێر و دەیان ملیۆنێر لە هەرێمی کوردستان هەن، بەڵام وەکو پێویست ئەرکی شەرعیی خۆیان جێبەجێ ناکەن بەداخەوە، بە پلەی یەکەم دەوڵەمەندەکانی هەولێر زەکات دەدەن، پاشان دەوڵەمەندەکانی دهۆک ئینجا سلێمانی".

گوتیشی: "ئەگەر دەوڵەمەندەکانی هەرێمی کوردستان نیوەی زەکاتەکانیان بدەن، ئەمساڵ 150 ملیۆن دۆلار کۆدەکرێتەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سندوقێکی تایبەت وەکو پێویست سوود لەو زەکاتە وەرناگیرێت".

گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەرانی کوردستان دەڵێت چەندین سەرمایەدار بەپێی پێوەرە شەرعییەکان هەموو ساڵێک زەکات دەدەن "دەوڵەمەند و سەرمایەداری زۆر لە کوردستان هەن، ساڵانە زەکات وەکو خۆیان دەدەن، بەڵام سێ سەرمایەداری باشووری کوردستان کە سەرمایەکەیان لە ملیارێک دۆلار زیاترە، ساڵانە لە هەر ملیار دۆلارێک 20 ملیۆن دۆلار زەکات دەدەن، ئەوانیش لە هەولێر ئەحمەد ئیسماعیل، خاوەنی کۆمپانیای ماس، لە سلێمانی کۆمپانیای قەیوان و لە دهۆکیش کاک حاجی مەشهود خاوەنی گرووپی مازی".

**گوتەبێژی یەکێتی وەبەرهێنەران: ئەگەر سەرمایەداران نیوەی زەکاتیشیان بدەن دەکاتە 150 ملیۆن دۆلار**

**ئەوقاف: رێ نادەین رابیتەی ئیسلامی مزگەوتەکان بۆ کۆکردنەوەی زەکات بەکاربهێنێ**

### سێ ورچی دیکەش ئازاد دەکرێن

# ئەو سێ ورچەی ئازادکران دەچنە رۆژهەڵاتی کوردستان

بەختیار قادر
رووداو- هەولێر

قایمقامی قەزای چۆمان دەڵێت ئەو سێ ورچەی لە مانگی نیسانی رابردوودا لەلایەن رێکخراوێکەوە ئازاد کران، ئێستا لەسەر سنووری نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دێن و دەچن، زۆرجاریش دەچنە دیوی رۆژهەڵاتی کوردستان. سەرۆکی رێکخراوەکە دەڵێت بە نیازن سێ ورچی دیکەش ئازاد بکەن.

لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی 2016، رێکخراوی هاوکاری کوردی - ئەمەریکی چوار ورچیان لە گوندی وێزەی قەزای چۆمان ئازادکردن. ورچەکان پێشتر لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان راوکرابوون، یەکێک لە ورچەکان هێندە ئاشنای مرۆڤ بووبوو، نەیتوانی لە چیا بمێنێتەوە و هەر زوو گەڕایەوە نێو ئاوایی. سێ ورچەکەی دیکەش ئێستا لە کوێستانەکانی کوردستان دێن و دەچن.

ئەو ورچەی لە چیا نەحەوایەوە، لە تەمەنی دوو مانگییەوە بە شیر لەلایەن مرۆڤەوە پەروەردە کرابوو، هێندە هۆگری مرۆڤ بوو، هەر رۆژێک دوای بەرەڵڵاکردنی گەڕایەوە نێو ئاوایی.

بڵند بریفکانی، سەرۆکی رێکخراوی کوردی- ئەمریکی بە (رووداو)ی راگەیاند، رێکخراوەکەیان یەکێک لە کارەکانی ئازادکردنی ئەو ئاژەڵە درندانەیە کە مرۆڤ لە ژینگە و سروشتی خۆی دابیڕاندوون، بۆ بەدەستهێنانی برە پارەیەک هێناویاننە نێو ئاوەدانی و سەمایان پێدەکەن.

رێکخراوەکەی بڵند هەر لە سەرەتاوە بەرنامەی ئازادکردنی حەوت ورچی هەبووە، لە ماوەی رابردوودا چوار لە ورچەکانی ئازاد کردن، سێی دیکەش لە داهاتوودا ئازاد دەکرێن.

بریفکانی گوتی "مانگی رابردوو چوار ورچمان لە سنووری ناشناڵ پارکی هەڵگورد لە ناوچەی بەفرزۆنەکان کە شوێنی ژیانی ئاژەڵی دڕەندەیە، ئازاد کردن، سێ لە ورچەکان هەرزوو توانییان خۆیان لەگەڵ سروشت و ژینگەی کە لێیەوە هاتبوون رابهێننەوە، بەڵام یەکێک لە ورچەکان چونکە بە بچووکی کەوتبووە دەست مرۆڤ، نەیدەتوانی لە ئاوەدانی دوور بکەوێتەوە". گوتیشی "ئەو ورچەمان هێنایەوە لای خۆمان، ئێستا لەگەڵ سێ ورچی دیکە کە تەمەنیان هێشتا هی شاخ نییە، لە دهۆک رایاندەهێنین بۆ ئەوەی بیانگێڕینەوە نێو سروشت".

سەبارەت بە چارەنووسی سێ ورچە ئازادکراوەکە، ئەحمەد قادر قائیمقامی قەزای چۆمان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەردەوام لە رێگەی موختاری گوندەکان و پۆلیسەوە چاودێریی ئەو ورچانە دەکەن بۆ ئەوەی کەس زیانیان پێنەگەیەنێ.

ئەحمەد قادر گوتی "ورچەکان بەو پێیەی لەسەر سنووری رۆژهەڵات و باشووری کوردستان ئازادکران، هەمیشە لەسەر سنوور دێن و دەچن، هەندێک رۆژ دەچنە گوندی کۆنەلاجان لە پیرانشار لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەندێک رۆژیش لە گوندی وێزەی سەر بە قەزای چۆمان دەبینرێن".

ئەو ناوچانەی کە ورچەکانی لێن، لەم وەرزەدا پڕە لە ماڵە کۆچەری کە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان روویان لەو ناوچە کوێستانیانە کردووە، شوانەکان بەردەوام بە چەک و سەگ پاسەوانی لە مەڕ و بزنەکانیان دەکەن، ئەمەش مەترسی بۆ سەر ئاژەڵە کێوییەکانی وەکو گورگ و ورچ دروستکردووە.

ئەحمەد قادر دەڵێت "سەرجەم ماڵە کۆچەرییەکانمان ئاگادارکردوونەتەوە کە هەر کەسێک تەقە لەو ورچانە بکات، بەرەوڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە".



ئەحمەد قادر باسی کێشەیەکی ئەو ئاژەڵدارانە دەکات و دەڵێت "لە ئێران کوشتنی ئەو جۆرە ئاژەڵە کێوییە دڕاندانە قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر زیان بە خاوەن ئاژەڵەکان بگەیەنن ئەوە حکومەتی ئێران خاوەنەکانیان قەرەبوو دەکاتەوە، بەس لە هەرێمی کوردستان کوشتنی ئەو ئاژەڵانە قەدەغەیە و ئەگەر زیانیشی هەبوو، کەسی زیانلێکەوتوو قەرەبوو ناکرێتەوە".

ریکلام

بسم الله الرحمن الرحيم

Republic of Iraq
CENTRAL BANK OF IRAQ
جمهورية العراق
البنك المركزي العراقي

## هەلی کار لە بانکی ناوەندیی عێراق

بانکی ناوەندیی عێراق - لقی هەولێر ئاگادارتان دەکاتەوە کە پێویستی بە فەرمانبەرە، لە هەڵگری ئەو بڕوانامە و پسپۆڕیانەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە. جا هەر کەسێک ئارەزووی هەیە داواکاری پێشکەش بکات، لەگەڵ هێنانی گشت بەڵگەنامەی پێویست بۆ باڵەخانەی بانکی ناوەندیی عێراق- لقی هەولێر کە دەکەوێتە نزیک پارکی مناره و پارکی شاندەر لە ماوەی 2017/6/1 تاوەکوو 2017/7/1.

1 - پسپۆڕییەکان (ماجستير علوم حاسبات – ژمێریاری)
2 - بکالۆریۆس
ئەندازیاری حاسبات، ئەندازیاری گەیاندن، ئەندازیاری شارستانی، ئەندازیاری کارەبا، زانستی حاسبات، ژمێریاری، کارگێری کار، دارایی و بانک.
3 - الدبلوم الفني (میکانیک، کارەبا)
4 - پەیمانگا یان ئامادەیی (زانستی، وێژەیی، بازرگانی وەکو پشکێنەری نەختینە (مەرجە لە رەگەزی مێ بێ)

تێبینی:
1 - باشتر وایە ئەوەی داواکاری پێشکەش دەکەن لە 10 یەکەمەکانی زانکۆ (عشرە اوائل) بێت. ئەوانەی لە بواری پسپۆری خۆیان شارەزاییان هەیە و زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەزانن با سیڤی خۆیان بۆ ئیمەیلی بانکی ناوەندیی عێراق/لقی هەولێر (erbil.branch@cbi.iq) بنێرن.
2 - داواکارییەکان لە 2017/6/1 تاوەکوو 2017/7/1 وەردەگیرێن.

بانکی ناوەندیی عێراق / لقی هەولێر

بسم الله الرحمن الرحيم

Republic of Iraq
CENTRAL BANK OF IRAQ
جمهورية العراق
البنك المركزي العراقي

## اعلان صادر عن البنك المركزي العراقي

يعلن البنك المركزي العراقي / فرع اربيل عن حاجته الى موظفين من حملة الشهادات في الاختصاصات المبينة أدناه، فعلى الراغبين تقديم طلباتهم مع أصطحاب كافة المستمسكات اللازمة الى مقر البنك المركزي العراقي / فرع اربيل الكائن بالقرب من (باركي منارة و باركي شاندير) للمدة من 1 / 6 / 2017 الى غاية 1 / 7 / 2017 .

الاختصاصات
1 - الماجستير (علوم حاسبات، محاسبة)
2 - البكالوريوس (هندسة حاسبات، هندسة اتصالات، هندسة مدني، هندسة كهرباء، علوم حاسبات، محاسبة، ادارة اعمال، مالية و مصرفية)
3 - الدبلوم الفني (ميكانيك، كهرباء)
4 - معهد او اعدادية (علمي، ادبي، تجاري) من الاناث للعمل (كفاحصات نقد)

ويفضل الاوائل من الخريجين ومن ذوي الخبرة في مجال الاختصاص وان يجيد اللغة (الكردية، العربية، الانكليزية) فعلى الراغبين تقديم سيرتهم الذاتية على البريد الالكتروني للبنك المركزي العراقي / فرع اربيل (erbil. Branch@cbi.iq)
تقبل الطلبات من 1 / 6 / 2017 ولغاية 1 / 7 / 2017

البنك المركزي العراقي
بغداد 28 / 5 / 2017

رووداو راپۆرت
ژمارە ( 459 ) - دووشەممە 2017/5/29



## دووەمین راپۆرتی چاکسازی بڵاودەکرێتەوە

رووداو- هەولێر

ئەندامێکی لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، هەنگاوی باش نراوە و لەکاتێکی گونجاودا دووەمین راپۆرتی چاکسازییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێتەوە . د.فرسەت سۆفی، پەرلەمانتار و ئەندامی لیژنەی چاکسازی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی رایگەیاند "لە هەوڵەکانمان قۆناخی باشمان بڕیوە، بەردەوامین لە هەموو سێکتەرەکان. جارێ ناتوانم وادەیەک دیاریبکەم، بەڵام لە کاتێکی گونجاودا دووەمین راپۆرتی چاکسازیی بۆ رای گشتی بڵاودەکەینەوە" . رۆژی 2017/2/15 سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان راپۆرتێکی تایبەت بە هەنگاوەکانی چاکسازی بڵاوکردەوە .

# پارتی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان پەنا بۆ کام سیناریۆ دەبات؟

فراکسیۆنی پارتی: بە تەمەنترین کەس سەرۆکایەتی دانیشتنەکە دەکات

فراکسیۆنی گۆڕان: خۆ سەرۆکی پەرلەمان نەمردووە!

فراکسیۆنی یەکێتی: کۆبوونەوە بەبێ رێککەوتن ترازان زیاتر دەکات

فراکسیۆنی یەکگرتوو: بەبێ چارەسەرکردنی کێشەی سەرۆکایەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان سوودی نییە



19 مانگە پەرلەمانی کوردستان بەهۆی پەکخرانییەوە کۆنەبووەتەوە (فۆتۆ: رووداو)

مەحموود یاسین کوردی
رووداو- هەولێر

پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵەکانی خۆی چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بەبێ ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان کارا بکاتەوە، بەڵام زۆربەی فراکسیۆنەکان پێیانوایە ئەو هەوڵە سەرکەوتوو نابێت.

جەعفەر ئیبراهیم، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی، رۆژی نۆی ئەم مانگە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) راگەیاندبوو: "لێکتێگەیشتنی باش هەیە بۆ پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، بۆیە من وای دەبینم لە ماوەی مانگێکدا پەرلەمان کارا بکرێتەوە".

### دانیشتنەکە لە نێوان حوزەیران و ئەیلولدادەکرێت

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، فراکسیۆنی پارتی دەیەوێ لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی یەکێتی و کۆتاکان، پەرلەمانی کوردستان بۆ مەسەلەی گشتپرسی کارابکاتەوە .کۆبوونەوەکەش دەکەوێتە سەرەتای خولی نوێی گرێدان کە لەنێوان 2017/6/1 تاوەکو 2017/9/1 یە، ئەمەش بە پشتبەستن بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێ.

لە ماددەی پێنجەمی ئەو پەیڕەوەدا هاتووە: "پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خول گرێدەدات، یەکەمیان لە سەرەتای مانگی ئادار تا کۆتایی مانگی حوزەیران بەردەوام دەبێت. دووەمیشیان لە سەرەتای ئەیلول دەستپێدەکات و لە کۆتایی کانونی یەکەم کۆتایی دێت".

لە دوای رێگریی پارتی لە گەڕانەوەی د.یوسف محەممەد سەرۆکی پەرلەمان بۆ هەولێر لە رۆژی 2015/10/12، پارتی چەندینجار ئاماژەی بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی سیاسی 17ی نیسانی 2014 لەگەڵ گۆڕان کردووە. بەپێی ئەو رێککەوتنە، بزووتنەوەی گۆڕان سەرۆکایەتی پەرلەمان و چوار وەزارەت و دەستەیەکی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرت.

### پارتی سوود لە پەیڕەوی ناوخۆ وەردەگرێت

لە ماددەی 16، برگەی دووەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژە بە بەتاڵبوونی پۆستی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە کە دەڵێ: "لە کاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی یان سکرتێر لەبەر هەر هۆیەک بێت، پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەکەوە، بەهەمان رێگەی دەقکراو لەم پێڕەوەدا جێگرەوەیەکیان بۆ هەڵدەبژێرێ".

هەنگاوەکانی دوای ئەوەش لە برگەی یەکەمی ماددەی شەشەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا باسکراوە کە دەڵێت "سەرۆکی پەرلەمان یان یەک لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی، بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکەن لە دانیشتنێکی نائاسایی، کۆبوونەوەکەش کورت دەکرێتەوە سەر تێڕوانینی ئەو بابەتانەی لە بانگهێشتەکە دیاری کراون".

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمان پێویستی بە واژۆی 28 پەرلەمانتار هەیە، بەڵام بەپێی یاسای هەڵبژاردن، ژمارە یەکی ساڵی 1992ی هەموارکراو، دەبێ یەک لەسەر سێی پەرلەمانتاران داوا بکەن بۆ بابەتێکی دیاریکراو کۆببنەوە، لەو حاڵەتەشدا دانیشتنەکە پێویستی بە واژۆی 37 پەرلەمانتار دەبێ، چونکە لە حاڵەتی بوونی یاسادا پشت بە پەیڕەو نابەسترێت. پارتی بە تەنیا دەتوانێ داوای ئەو دانیشتنە بکات و واژۆی بۆ کۆبکاتەوە، چونکە 38 پەرلەمانتاری هەیە.

شوان ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی و پەرلەمانتاری پارتی سەبارەت بە چۆنیەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان دەڵێت: "دوو رێگا لە بەردەم پەرلەمانی کوردستان هەیە، یان هەڵبژاردن لە کاتی خۆی، یان تەمەنی یاسایی خۆی درێژ بکاتەوە، چونکە جگە لە پرسی کاراکردنەوەی پەرلەمان، پرسی تەواوبوونی خولی چوارەمیشمان لەبەردەمە".

شوان ئەحمەد پێیوایە پەرلەمان بە رێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان کارا دەبێتەوە "ئەگەر بە رێککەوتن کارا نەکرایەوە، لە رووی یاساییەوە بە تەمەنترین کەس دەتوانێت سەرۆکایەتی دانیشتن بکات، چونکە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیتوانیوە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، بەڵام پارتی دەیەوێ بە گفتوگۆ ئەو بابەتە یەکلایی بکاتەوە، ئەگەرنا باشترین چارەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە یان هەڵبژاردن لە کاتی خۆی و ئامادەسازیشمان وەکو حیزب بۆ ئەو پرۆسەیە کردووە".

بەپێی ماددەی 10 لە پەیڕەوی ناوخۆ، یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لەلایەن بە تەمەنترین پەرلەمانتارەوە سەرۆکایەتی دەکرێ، ئەمەش لە بەرژەوەندی پارتییە، چونکە محەممەد سادق پەرلەمانتاری پارتی بە تەمەنترین پەرلەمانتاری ئەو خولەیە.

### گۆڕان: دەستبردن بۆ ئەوە قەیرانەکان قووڵتر دەکاتەوە

پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەڵێت کاراکردنەوەی پەرلەمان لەو سیناریۆیانەی پارتی باسی دەکات، قەیرانەکە قووڵتر دەکاتەوە.

بەهار مەحموود، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان مۆڵەتیان وەرنەگرتووە، غائیبیش نین، بەڵکو رێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراوە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، بۆیە هەر پەنابردنێک بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی لە دەرەوەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، قەیرانە سیاسییەکە قووڵتر دەکاتەوە".

بەهار مەحموود کە جێگری سەرۆکی لیژنەی یاساییە لە پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە یاساییبوونی ئەو دانیشتنە ئەگەر بکرێ، گوتی: "داوای بەڕێوەچوونی دانیشتنی نائاسایی لەلایەن یەک لەسەر سێی پەرلەمانتارانەوە یاساییە، بەڵام بانگهێشتکردن و راگەیاندنی دانیشتنەکە دەبێ لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە بێت، دەستەی سەرۆکایەتیش نەمردوون تاوەکوو کەسێکی بە تەمەن سەرۆکایەتی دانیشتنەکە بکات".

دوای ئەوەی بە تەمەنترین کەس بۆ سەرۆکایەتی دانیشتنەکە هەڵدەبژێردرێ بەپێی ماددەی 22ی پەیڕەوی ناوخۆ، سەرۆکی کاتی لە دوای سوێندخواردنی، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پێگەکانی دەستەکە کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر، دەکاتەوە، بەمەش پەرلەمان کارا دەکرێتەوە هەروەکو سەرچاوەیەک لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە (رووداو)ی گوت.

### دانیشتنەکە پێویستی بە 56 پەرلەمانتار هەیە

بەربەستی ئەم دانیشتنە نیسابی قانوونییە، چونکە بەپێی ماددە چوار لە پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێت تەنیا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێت، بەمەش دوای پێشکەشکردنی داوایەک بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت بەبێ دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان، دەبێ 50+1 کە دەکاتە 56 پەرلەمانتار، ئامادەی دانیشتنەکە بن.

### یەکێتی: نامانەوێ دابەشبوون رووبدات

سالار مەحموود، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان رای وایە هەر دانیشتن و هەوڵێک لە دەرەوەی رێککەوتنی سیاسی و کۆدەنگیی لایەنەکان، دابەشبوون و لێکترازانی زیاتری لێدەکەوێتەوە . سالار مەحموود دەڵێت: "پێشبینی دەکەم دۆخەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێناچێت لایەنەکان لە پێناوی رێککەوتنێکی نیشتمانی، سازش بۆ یەکدی بکەن. پەنابردنە بەر زۆرینە و کەمینە بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان ترازانی زیاتر دروست دەکات و چارەسەری قەیرانەکان ناکات".

### یەکگرتوو: بەبێ دەستەی سەرۆکایەتیی ئێستا دانیشتنەکە ناکرێ

هەر لەوبارەوە، ئەبوبەکر هەڵەدنی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت "بەبێ دەستەی سەرۆکایەتیی ئێستا ناتوانرێت دانیشتن بکرێ، چونکە دەستەی سەرۆکایەتی ئیعفا نەکراوە و لە ژیانیشدا ماوە، بۆیە ئەو ئەگەرە دوورە کە دانیشتنی نائاسایی بکرێ".

ئەبوبەکر هەڵەدنی هەروەها گوتیشی کە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ چەند پەرلەمانتارێک باسی لەوە کردووە سەرجەم رێگاکان بە بنبەست گەیشتوون، بۆیە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە مانگی 11ی ئەمساڵ کە ماوەی ئەو خولەی پەرلەمان کۆتایی دێت، یەکێکە لە بژارە بەهێزەکان".

### سیناریۆکانی کاراکردنەوەی پەرلەمان

سیناریۆی یەکەم: پارتی (38 کورسی)+ کۆتاکان (11 کورسی)+ بەشێک لە یەکێتی= 56

سیناریۆی دووەم: پارتی (38 کورسی) + یەکێتی (18 کورسی) = 56 کورسی

سیناریۆی سێیەم: پارتی (38 کورسی) + کۆتاکان (11 کورسی) + سۆشیالست (1 کورسی) + شیوعی (1 کورسی) + بزووتنەوەی ئیسلامی (1 کورسی) + ئاراستەی سێیەم (1 کورسی) + یەکگرتوو (3 کورسی) = 56

سیناریۆی چوارەم: پارتی (38 کورسی) + کۆتاکان (11 کورسی) + یەکگرتوو (10 کورسی) = 59 کورسی

سیناریۆی پێنجەم: رێککەوتنی پێنج قۆڵی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان

# کۆمەڵی ئیسلامی داوای "جووڵەیەکی سیاسیی نوێ" لە بارزانی دەکات

نەوزاد مەحموود
رووداو- سلێمانی

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان، رەتیدەکاتەوە نێوانی حیزبەکەی و پارتی گەیشتبێتە قۆناغی نەگەڕانەوە. داواش دەکات، مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان "جوڵەیەکی سیاسی نوێ لە نێوان حیزبەکان دروست بکات، بۆ ئەوەی دەرگای ئاشتەوایی بکرێتەوە".

هەفتەی پێشوو، رێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە، هاوکات بووە رۆژی درەوشانەوەی ناوی عەلی باپیر، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی، کاتێک گوتارێکی پێشکەش کرد و بەشێک لەوانەی ئامادەبوون، هوتافیان کێشا و بە "پیاوی مەرد" ناویان هێنا. دەرکەوتنەکەی ئەوێ رۆژێ قسەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، هەندێک وای بۆ چوون کە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی خواستی ئەوەی هەبێ لە ناوچەی سەوز و نیلی، شوێنی نەوشیروان مستەفا بگرێتەوە، بەڵام سەرکردەکانی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوە رەتدەکەنەوە.

سەلیم کۆیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی و ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبە بە (رووداو)ی گوت "قسە لەسەر بە ئەنجام گەیشتنی چاکسازییە نەک رابەرایەتیکردن، خەڵکی کوردستان چاکسازی و کاراکردنەوەی پەرلەمانی دەوێ و مامۆستا عەلی باپیریش هەوڵ بۆ ئەوە دەدات". هەروەها گوتی "ئێستا بە جدی پرسیار دەکرێ کە ئایا لەمەودوا هەڵوێستی گۆڕان و کۆمەڵ چی دەبێ، هەر ئاوا دەمێنێتەوە یان دەگۆڕێ. ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین لە پارتی کە بجووڵێ و بە ئاقارێکی باشدا بۆ چارەسەر هەنگاو بنێ".

لەبارەی ئایندەی کاری پێکەوەیی بزووتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامیش، بڕیاردەری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بە (رووداو)ی گوت کە حیزبەکەی خاوەنی سیاسەتی سەربەخۆی خۆیەتی و پەیوەندییان بە سیاسەتی گۆڕانەوە نییە. شوان رابەر گوتی "رێککەوتنمان لەگەڵ گۆڕان نییە و هەریەکەشمان تایبەتمەندیی خۆی هەیە"، لەبارەی ئەمیری کۆمەڵیشەوە گوتی: "خۆی خاوەنی کاریزما و پەیام و هەڵوێست و ئەدەبیاتی خۆیەتی، نایەوێ بە تەنیا موڵکی کۆمەڵی ئیسلامی بێ".

ژمارەیەک سەرکردەی ئیسلامی بە رابەرایەتی عەلی باپیر لە ساڵی 2001 لە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی جیابوونەوە و کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستانیان دامەزراند، عەلی باپیر لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بۆ ماوەیەک لەلایەن هاوپەیمانانەوە دەستگیر کرا. کۆمەڵی ئیسلامی لە ساڵی 2005 بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کرد و بووە خاوەنی دوو کورسی. هەروەها لە هەڵبژاردنەکانی کوردستانیش بەشداری کرد و ئێستا خاوەنی شەش کورسییە لە پەرلەمانی کوردستان و سێ کورسی لە پەرلەمانی عێراق .

شوان رابەر دەڵێ: "بەپێی دیراسەکردن بۆمان دەرکەوتووە جەماوەری مامۆستا عەلی باپیر لە کوردستان، جەماوەرێکی بەرفراوانە و ئەو رۆژەی گردی زەرگەتەش شایەتە کە خەڵک چییان بۆ کرد، لەنێو دڵی خەڵکدایە، لە داهاتووشدا پەیامەکانی مامۆستا گشتگیر دەبن و بۆ تەواوی خەڵکی کوردستان دەبن، نەک تەنیا بۆ لایەنگرانی کۆمەڵی ئیسلامی".

یەکێک لە بەرپرسانی کۆمەڵی ئیسلامی کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێ ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سیاسەتی خۆی ناگۆڕێ و سوور دەبێ لەسەر داوای چاکسازی و کاراکردنەوەی پەرلەمان "نابێ پارتی وا تێبگات کە ئێمە رێککەوتنی ستراتیژیمان لەگەڵ گۆڕان هەیە و بە پرس و رای ئەوان بڕیار دەدەین، بێگومان دۆخەکە بە تێگەیشتن و چاوی خۆمان هەڵدەسەنگێنین و کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، سیاسەت و کارکردنی کۆمەڵ ناگۆڕێ".

### بەرپرسێکی کۆمەڵ:
### لە داهاتوودا پەیامەکانی مامۆستا عەلی باپیر گشتگیر دەبن و بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەبن

لەوەتەی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە نێوان حیزبەکاندا پەکی کەوتووە، دواهەمین گۆڕانکاری ئەو پەیامە بوو کە بارزانی بۆ دەربازبوون لەو دۆخە چەقبەستووە خستییەڕوو. بەڵام هێشتا شتێک بەدەستنەهاتووە کە ئومێد لەبەردەم چارەسازیدا بڕوێنێ.

مەروان گەڵاڵی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کورستان، پێیوایە ئێستا دەبێ پێش هەر پرۆژە و وەرەقەیەکی سیاسی "ئاشتەوایی" دەستپێبکات، ئینجا بیر لە چارەسەر و پرۆژە بکرێتەوە "دەبێ کاک مەسعود وەک سەرۆکی گەورەترین پارتی سیاسی لە کوردستان برا گەورەیی خۆی بنوێنێ و سەردانی لایەنەکان بکات بۆ ئەوەی ئاشتەوایی دەربکەوێ".

بەبڕوای مەروان گەڵاڵی، هەنگاوی نوێ و کاریگەر لەو دۆخەی ئێستادا ئەوەیە "مەسعود بارزانی سەردانی لایەنەکان بکات و دواتر لەگەڵ کەسی یەکەمی هەموو حیزبەکان کۆببێتەوە و ئامانجی ئەو سەردان و کۆبوونەوەیەش، تواندنەوەی بەستەڵەکەکان و ئاشتەوایی بێت، دوای ئەوە میکانیزمی چارەسەرکردنی کێشەکان ئاسان دەبێ".

گەڵاڵی دەڵێ، راستە ئەوان و گۆڕان و لایەنەکانی دیکەش پێشتر پڕۆژەیان هەبووە و هەر لایەنە و دیدی خۆی خستووەتە روو بۆ چارەسەری کێشەکان "بەڵام ئێمە کە دروستکردنی دەوڵەتمان لەبەردەمە، بەو سەردانەی کاک مەسعود بۆ لای لایەنەکان 80%ی ناکۆکی و کێشەکان نامێنن". گوتیشی " ئێمە وەک کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ پارتی کاری زۆرترمان هەیە تاوەکو لایەنەکانی دیکە، لە قۆناغە سەختەکاندا پێکەوە بووین، بەڵام ئەگەر کاک مەسعوود هەر لە شوێنی خۆی نەجووڵێ و کەس نەبینێ، خەڵکیش عینادتر دەبن و دۆخەکە باش نابێ".

بەڵام بارزانی لەکاتی بڵاوکردنەوەی دواهەمین راگەیێندراویدا ، وای خستەڕوو کە حیزبەکانی هێناوەتە ژێر بەرپرسیارێتی چاککردنی دۆخەکەوە. مەروان گەڵاڵی پێیوانییە ئەو راگەیێندراوە وەک سەردانی لایەنەکان و کۆبوونەوە لەگەڵیان کاریگەر بێ و دەڵێ "ئەوکات بە کردەوە تۆپەکە دەخاتە گۆڕەپانی حیزبەکانەوە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە ( 459 ) - دووشەممە 2017/5/29



## 17 پۆستی سەرەکیی وەزارەتی دارایی عێراق بەتاڵن

ڕووداو– هەولێر

جەواد بۆلانی، ئەندامی لیژنەی ئابووریی پەرلەمانی عێراق ئاشکرایدەکات، 17 پۆستی سەرەکیی وەزارەتی دارایی بەتاڵن و پێشبینی ڕووخانی وەزارەتەکەش دەکات. بۆلانی دەڵێت وزارەتی دارایی بێ وەزیر، بریکار، ڕاوێژکار و بەڕێوەبەری گشتییە، زۆربەی ئەوانەی لەو پۆستانە دانراون، بە وەکالەت پۆستەکان بەڕێوەدەبەن. لە مانگی ئەیلولی ساڵی 2016 پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگ، متمانەی لە هۆشیار زێباری وەزیری دارایی سەندەوە، دواتریش فازڵ نەبی، بریکار وەزارەتی دارایی خانەنشین کرا، ئێستا عەبدولڕەزاق عیسا، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە وەکالەت بووەتە وەزیری دارایی.

# پڕکردنەوەی شوێنی نەوشیروان مستەفا دەخرێتە دوای چلەکەی

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو– هەولێر

دوای تێپەڕبوونی 10 ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕاندا، تاوەکو ئێستا بزووتنەوەکە قسەی لەبارەی شوێنگرتنەوەی نەکردووە. سەرچاوەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێت تاووەکو دوای چلەی کاک نەوشیروان مستەفا، گۆڕان قسە لەسەر پۆستی ڕێکخەری گشتی ناکات.

جڤاتی گشتی کە دامەزراوەیەکی ڕاوێژکاریی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕانە، پێش کۆبوونەوەی جڤاتی نیشتمانی کۆدەبێتەوە، بەڵام لە پرسی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ڕێکخەری گشتی بەرچاوی ڕۆشن نییە. ڕەئوف عوسمان، سکرتێری جڤاتی گشتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوەکو ئێستا هیچ وەسیەتێک نییە کە چۆن پۆستی ڕێکخەری گشتی پڕبکرێتەوە، بەڵام گۆڕان خاوەنی جەماوەرێکی زۆرە و دامەزراوەی تۆکمەی هەیە، بۆیە چاوەڕێی هێوربوونەوەی دۆخەکە و تێپەڕاندنی ئەو حاڵەتە عاتفییە دەکەین کە بەهۆی پرسەی کاک نەوشیروانەوە دروستبووە".

هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتیی گۆڕان، دوو ساڵ جارێکە و نابێ لە سێ خول زیاتر بێت، ڕەئوف عوسمان کە ئاشنایەتییەکی دێرینی لەگەڵ نەوشیروان مستەفا هەیە، پێیوایە شوێنگرتنەوەی ئەو ئاسان نییە و دەڵێ: "ئەو کەسەی دەبێتە ڕێکخەری گشتی ئەرکی ئاسان نییە، نەک لەبەر ئەوەی کە ڕێکخەری پێشوو کۆچی دوای کردووە، بەڵکو دۆخی هەرێمی کوردستان شلۆقە و چەندین قەیرانی سیاسی، یاسایی و ئابووری هەن و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە ئاسان نییە".



هەڵبژاردنی ڕێکخەری گشتیی گۆڕان، دوو ساڵ جارێکە و نابێ لە سێ خول زیاتر بێت

### یەکێتی: گرنگ وەزعەکە چاک بکەین

یەکێتی لە ساتی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفاوە تاوەکو بەخاکسپاردنی، لە دوو پەیامدا داوای یەکگرتنەوەی لە بزووتنەوەی گۆڕان کرد، بەڵام وەکو سەرکردەیەکی یەکێتی باسی دەکات، ئەوان وەڵامی گۆڕانیان لە مێزگرد و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانەوە وەرگرتووە.

مستەفا چاوڕەش، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لە بارەی شوێنگرتنەوەی نەوشیروان مستەفا گوتی: "ئەوە ئیشی نێوخۆی گۆڕانە کە چۆن کەسێک هەڵدەبژێرن بۆ ڕێکخەر یان کۆنسەی سەرۆکایەتی دروستدەکەن، هەر بڕیارێک بدەن پەیوەستە بە خۆیانەوە، هەر کەسێک ببێتە ڕێکخەر ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی بۆچوونی وایە جڵەوی بزووتنەوەی گۆڕان هەر لە دەست سەرکردە کۆنەکانی یەکێتی دەمێنێتەوە و دەڵێ: "ئەوانە زۆربەیان لە ڕەحمی یەکێتی هاتوونەتە دەرەوە، یەکێتی باش باش دەناسن و باشیش سیاسەتی و هاوسەنگیی هێز دەخوێننەوە، قەناعەتم وایە بڕیاری کۆتایی هەر لای ئەو هەڤاڵانە دەبێ".

گۆڕان کە لە پەرلەمانی کوردستان لە رووی ژمارەی کورسی و دەنگەوە لە دوای پارتی بە حیزبی دووەم دێت، لەسەر هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و کاراکردنەوەی پەرلەمان ناکۆکی لەگەڵ پارتی هەیە.

عەلی حوسێن ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ناتوانین لە جیاتی گۆڕان بڕیار بدەین، ئەوان هەر بڕیارێک بدەن و هەر کەسێک دەستنیشان بکەن بۆ شوێنی کاک نەوشیروان یان دەستەیەک بۆ سەرکردایەتی دیاری بکەن پارتی ڕێزی دەگرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات. پارتی کێشەی لەگەڵ هیچ کەسێک لە نێو گۆڕان نییە، بەڵکو تێبینی و بۆچوونی جیاوازی لەسەر سیاسەت و نەهجی کەسەکان هەبوو".

### زۆربەی دامەزراوەکانی گۆڕان ماوەیان تەواو بووە

وادەی یاسایی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی و کۆنگرەی گۆڕان تێپەڕیوە، دەبوو لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو بکرێن. بەپێی دەستووری نێوخۆی گۆڕان، جڤاتی نیشتمانی بەرزترین دەسەڵاتە لەنێوان دوو هەڵبژاردندا. بەڵام ئێستا وادەی یاسایی جڤاتیش تەواو بووە و هیچ بڕیارێکیش بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی جڤاتەکە نەدراوە.

بەپێی ماددەی 12ی دەستووری نێوخۆی گۆڕان، دەبوو خانەی ڕاپەڕاندن دروستبکرایە کە ڕۆڵی مەکتەبی سیاسی دەبینێت و بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی جڤاتی نیشتمانی لەنێوان دوو کۆبوونەوەدا، بەڵام دوای سێ ساڵ ئەو دامەزراوەیە دروست نەکرا کە لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ڕێکخەری گشتی، ئەندامێکی ئەو خانەیە ئەرکەکانی ڕێکخەری گشتی لەئەستۆ دەگرێ.

سەرچاوەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تا دوای چلەی کاک نەوشیروان گۆڕان هیچ بڕیارێک نادات، لەبەر حورمەت و شکۆی ئەو پیاوە جوان نییە ئێمە پەلە بکەین لە پڕکردنەوەی شوێنەکەی، تاوەکو ئێستاش قسە لەسەر ئەو پرسە نەکراوە".

### پارتی: هەر کەسێک ببێتە ڕێکخەر مامەڵەی لەگەڵ دەکەین

### یەکێتی: هەڵبژاردنی ڕێکخەر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە

## مایکڵ گونتەر بۆ (ڕووداو):

# میدیاکان لەبارەی کاردانەوەی گوتارەکەم زیادەڕۆییان کرد



ڕووداو - هەولێر

مایکڵ گونتەر، لێکۆڵەر و شارەزای ئەمریکی ڕەخنەی لە هەندێک دەزگای میدیایی کوردی گرت کە لە گواستنەوەی هەواڵی پەیوەندیدار بەو قسانەی لەسەر بارزانی و لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوونی، زێدەڕۆییان کردووە و ئەو هەواڵانەشی بە "هەواڵی ساختە" وەسف کرد.

گونتەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت "ئەو هەواڵە ساختەیەی کە لە هەندێک دەزگای میدیایی نێو هەرێمی کوردستان بڵاوکراوەتەوە نیگەرانم دەکات". لەبەر ئەوەی "زیادەڕۆییان دەکرد لەوەی گوایە بەهۆی قسەکانی منەوە کێشە دروستبووە، بەڵام ئەوە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە".

هەفتەی پێشوو مایکڵ گونتەر لە گوتارێکدا لە زانکۆی کوردستان ـ هەولێر، درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بە "نایاسایی" لەقەڵەم دا. سەبارەت بە کاردانەوەی بەرپرسانی کورد بەرامبەر بە گوتارەکەی، گونتەر وێڕای ستایشکردنی "پێگەیشتوویی و گەشەی دیموکراتی لە کوردستان و ئازادیی ڕادەربڕین" بە (ڕووداو) گوت "ئیسرائیلی لێدەرچێ بڕواناکەم لە هیچ شوێنێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەسێک بتوانێ ئەو ڕەخنانە بگرێ کە من لە حکومەتی هەرێمی کوردستانم گرت".

گونتەر کە چەندین کتێبی لەسەر کورد نووسیوە، ئاماژەی بەوە کرد یارمەتیدانی ئاوارە مەسیحییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی ئەمریکییەکان ڕوانینێکی ئەرێنییان بەرامبەر بە کورد هەبێ، لەبەر ئەوەی "ئەمریکییەکان لە ئەوروپییەکان زیاتر پابەندی ئایینن".

گوتیشی، کورد دەبێ لەلای ئەمریکییەکان جەخت لەوە بکاتەوە کە یارمەتی مانەوەی مەسیحییەکان دەدات لە عێراق.

### پەیەدە پێویستی بە تورکیا دەبێ

### ئەگەری زۆرە ئەمریکا لە پەیەدە دووربکەوێتەوە

سەبارەت بە خەونی پەیەدە بۆ فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەتا دەریای نێوەڕاست، گونتەر پێیوایە ئەمە "دەبێ لە ڕێگەی هاوکاری و پەیوەندیی دیپلۆماسی لەگەڵ ئەو خەڵکانە بکرێ کە دەستیان بەسەر ناوچەکانی ئێوە (واتە ناوچە کوردییەکانی ڕۆژئاوا)دا نەگرتووە". بە دووریشی زانی فراوانکردنی ڕۆژئاوای کوردستان هەتا دەریای نێوەڕاست لە ڕێگەی سەربازییەوە بکرێ.

شارەزا ئەمریکییەکە جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم دەسەڵاتی ڕۆژئاوای کوردستان "لە درێژخایەندا پێویستیان بەوەیە دەرگای دیپلۆماسی لەگەڵ دراوسێکانیان بکەنەوە. بۆ ئەوەش من هەمیشە پێشنیازی تورکیام کردووە". ئەوەشی خستەڕوو کە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی نێوان پەکەکە و تورکیا دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی "پەیوەندییەکانی نێوان ئەنەکەسە و پەیەدە باشتر ببێت".

سەبارەت بە پشتگیریی ئەمریکا بۆ پەیەدە و دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری لە باکووری سووریا، گوتنەر بە ئەستەمی دەزانێ ئەمریکا لە دوای تێکشانی داعش لە سووریا پشتگیری دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان بکات لەبەوە ئەوەی "تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایە و هەرواش دەمێنێتەوە... تورکیا پەیەدە بە درێژکراوەیەکی تیرۆریستیی پەکەکە دەزانێت، بۆیەش لە درێژخایەندا ئەگەری زۆرە ئەمریکا لە پەیەدە دووربکەوێتەوە و پشتگیری تورکیا بکات".

مایکڵ گونتەر یەکەمجار لە ساڵی 1993 و بۆ بەشداری لە کۆنگرەی پارتی هاتبووە کوردستان. وەکوو خۆی دەڵێ ئەوکات دەبوایە لە ئیستەنبوڵەوە بە فڕۆکە بچێتە ئامەد و لەوێشەوە بە تەکسی خۆی بگەیەنێتە سنووری هەرێمی کوردستان، لەوێشەوە بە ڕێگایەکی سەخت بگاتە هەولێر. گونتەر پێیوایە هەولێر زۆر گۆڕاوە و گوتی "ئەوکات هەولێر زیاتر وەکوو گوندێکی گەورە و هەڵاوساو دەهاتە بەرچاوم، بەڵام وەکوو خۆیشت دەزانی ئێستا هەولێر یەکێک لە مۆدێرنترین و پێشکەوتووترین شارەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. ئەگەر ڕاستیت دەوێ زۆر شت لێرە هەیە کە لە هی ئەمریکا مۆدێرنترە".

گونتەر سەری لە ڕەوشی ئەمنی هەرێمی کوردستان سوڕماوە. بە گوتەی ئەو لە ئەمریکا "بە گەمژەت دەزانن ئەگەر هەموو شتەکانت لە ئوتۆمبێلەکەتدا جێبهێڵیت و بڕۆیت، بەڵام لە کوردستان هەستی ڕێزگرتن لە موڵک و ماڵ و مافەکانی خەڵکانی دیکە هەیە". جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان نابێ تەنیا پشت بە پێشخستنی تەکنۆلۆژیای ئەمنی ببەستن، بەڵکو وەکوو جاران بەردەوام "پشت بە زانیارییەکانی خەڵکی ئاسایی ببەستن، لە ئەمریکاش نابێ تەنیا پەنا بۆ ئامێرە ئەمنییەکان بەرین، بەڵکو دەبێت هاوکاری لە خەڵکی ئاساییش وەربگرین بۆ ئەوەی زانیاری بدەن".

# یەکێتی شوێنی ئازاد جوندیانی پڕناکاتەوە



نەوزاد مەحموود
ڕووداو– سلێمانی

ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، لەبەر ئەوەی ئازاد جوندیانی ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی بووە، جارێ بیر لە پڕکردنەوەی شوێنەکەی نەکراوەتەوە "ئەگەر شوێنی پڕبکرێتەوە، دەبێ بە دەنگدان لە کۆمیتەی سەرکردایەتی کەسێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی بخرێتە شوێنی".

ڕۆژی نۆی شوباتی ئەمساڵ، ئازاد جوندیانی، گوتەبێژی یەکێتی، بە بڵاوکردنەوەی نامەیەکی درێژ، وازهێنانی خۆی لە یەکێتی ڕاگەیاند کە تێیدا هاتبوو: "دەمەوێ بە هەموو لایەکتان ڕابگەیەنم کە ئەمڕۆ، دوای چل ساڵ لە هاوڕێگە بوون لەگەڵتاندا ، بڕیارم داوە ژیانی (حیزبایەتی) جێبهێڵم و شێوازی تر بۆ سیاسەتکردن و کوردایەتی بگرمەبەر، بێ ئەوەی بۆ یەک تاکە ڕۆژیش لە ئەرکی کوردایەتی داببڕێم یان سارد ببمەوە".

لەو ڕۆژەوە یەکێتی نە دەستلەکارکێشانەوەی ئازاد جوندیانی لە مەکتەبی سیاسی پەسەند کردووە و نە کەسێکیشی لە شوێنەکەی داناوە.

لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی ئازاد جوندیانییەوە، مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی چەند جارێک کۆبوونەتەوە، بەڵام لە هیچکام لەو کۆبوونەوانەدا دەستلەکارکێشانەوەکەی پەسەند نەکراوە. سەرچاوەیەک لە سەرکردایەتی یەکێتی گوتی "تاوەکو چەند مانگێک لەمەوبەریش، بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی داوایان دەکرد دەستلەکارکێشانەوەی پەسەند نەکرێ، بەڵام ئێستا بڕواناکەم کەس داوا بکات".

لە دوایین کۆنگرەی یەکێتیدا کە لەساڵی 2010 بەڕێوەچوو، 47 کەس بوونە ئەندامی سەرکردایەتی. ئازاد جوندیانی 622 دەنگی هێنا و دواتر بووە ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسی. هەر لەو کۆنگرەیەدا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە 1090 دەنگ یەکەم و قادر حەمەجان، بە 935 دەنگ دووەم بوو.

هەرێم کەمال ئاغا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ تاڵەبانی تێبینی لەسەر ئەو کۆنگرەیە هەبووە "چونکە پێیوابوو هاوسەنگیی تێدا نییە بەنیسبەت ناوچەکان، زۆرتریش مەبەستی بادینان بوو".

لەدوای دەستلەکارکێشانەوەی عارف روشدی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی و پەیوەندیکردنی بە پارتییەوە، ڕێواس فایەق، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان خرایە شوێنی. عارف روشدی، تاکە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو لە بادینان. لەدوای ئەو ئێستا یەکێتی هیچ ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی نییە لە بادینان.

هەرێم کەمال ئاغا دەڵێ بەڕێگای دیکە یەکێتی قەرەبووی بادینانی کردووەتەوە "لەو نوێنەرایەتییانەی حکومەت لە دەرەوە بەریکەوتوون، زۆریان بەو کەسانە دراون کە خەڵکی بادینانن و هەروەها وەزیرێکیشمان خەڵکی بادینانە".

حەوت ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکێتیدا تێپەڕیوە. ئەوەش لە ڕووی یاساییەوە کاتێکی زۆرە و لە کاتی قوڵبوونەوەی کێشە نێوخۆییەکاندا، هەندێک لە کادیرەکانی ئەو حیزبە هێندە بێزار دەبن کە بڵێن ئەو سەرکردایەتییەی ئێستای حیزبەکەیان بەسەرچووە.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتی، پێیوایە مادام ئازاد جوندیانی، ئەندامی یەدەگی مەکتەبی سیاسییە، مەکتەبی سیاسیش ژمارەیان لەوە زیاترە کە پێڕەوی ناوخۆ دیاری کردووە، شوێنی پڕناکرێتەوە.

بەپێی پێڕەوی ناوخۆ دەبێ مەکتەبی سیاسی 11 کەس بن، بەڵام ئێستا بە یەدەگەکانەوە 17 کەسی تێپەڕاندووە. فەرید ئەسەسەرد گوتی "ئەگەر مەکتەبی سیاسی خۆیان بیانەوێ کەسێک بخەنە شوێنی، ئەندامێکی کۆمیتەی سەرکردایەتی بە دەنگدان دەخرێتە شوێنی".

لە کۆنگرەی سێیەمدا، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتی 5 کورسی لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بە بەتاڵی هێشتەوە بۆ ئەو بەرپرسانەی لەنێو حیزبەکانی دیکەوە پەیوەندی بە یەکێتییەوە دەکەن. ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی ئەو حیزبە دەڵێ، هەر پێنج کورسییە بەتاڵەکە پڕبوونەوە

قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی ئایندە دوای پەیوەندیکردنی بە یەکێتییەوە کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نەسروڵڵا سورچیش کرایە ئەندامی سەرکردایەتی. هەروەها مەلا ئاوات و ئاسۆس محەممەد کە لە زەحمەتکێشان بوون کرانە ئەندامی سەرکردایەتی.

## د.مونا فەیاز، نووسەر و مامۆستای زانکۆ لە لوبنان بۆ (ڕووداو):

# داعش جۆرێک لە هەستی بەهێزبوونی لای هەندێک عەرەب ورووژاند

د.مونا فەیاز، دکتۆرا لە دەروونناسی لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆکاری سەرهەڵدانی گروپێکی توندڕەوی وەکو داعش باس دەکات و دەڵێت دروستبوونی داعش جۆرێک لە هەستی بەهێزبوونی لە نێو عەرەب ورووژاند. هەروەها دەڵێت حوکم لە جیهانی عەرەبیدا "خۆسەپێنییە". بۆ شاردنەوەی ئەو خۆسەپێنییەش ئاین بەکاردەهێنرێ.

**هەڤپەیڤین: هیوا جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**



### عەرەب لەدوای ڕووخانی عوسمانییەوە هەست بە کەمی و نەمانی ناسنامە دەکەن

**ڕووداو: جەنگی داعش لەڕووی دەروونییەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگا دەبێت؟**

**مونا فەیاز:** داعش جۆرێک لە هەستی بەهێزبوونی لای هەندێک عەرەب ورووژاند، چونکە ئەو گروپە هات بۆ ئەوەی بەجۆرێک تۆڵە بۆ ئەو گەلە عەرەبییانە بستێنێتەوە کە هەست بە لاوازی دەکەن، هەروەها بۆ ئیسلامێک کە لە 2001ەوە، واتە لە پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر و لە پاش داگیرکردنی عێراقەوە هەست بە چەوسانەوە دەکات. هەموو ئەم بابەتانە وایان کرد گەلان هەست بە لاوازی بکەن و پێیانوابێت لە خوارەوەی پلیکانەکەدان، بەڵام سەرهەڵدانی داعش جۆرێک لە هەستکردن بە هێز و تۆڵەسەندنەوەی دروستکرد. چونکە هەستێکی وەها هاتە ئاراوە کە لە کۆتاییدا ئەو کەسەیان دۆزیوەتەوە بە دەنگ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەوە دێت. ئێمە لە یاسا سایکۆلۆژییەکاندا دەزانین کە زۆرینەی خەڵک دوای کەسی بەهێز و سەرکردە دەکەون، یان کەسێک کە بە بەهێز بزانرێت، ئەوانەشی کە ڕەتیدەکەنەوە بەدوای زۆرینە بکەون، کەمن. نزیکەی 24%ی خەڵک لەسەر تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە دەمێننەوە و "نەخێر" بۆ کردەوەکان و سەرکردەکان دەکەن. گەلانی عەرەبی هەستیان دەکرد سەرکردە و ڕێگایەکی ڕوونیان نییە، بۆیە کاتێک ئەوان هاتن و باسی دەوڵەتی ئیسلامییان بۆ کردن، ئەم گوتارە ختووکەی هەستی عەرەب و موسڵمانەکانی دا، چونکە ئەوان لە کەوتنی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەستیان بە کەمی و نەمانی ناسنامە دەکرد کە وەک خەلافەت دایدەنێن و ئەمەش جێی مشتومڕە، چونکە خەلیفە حوکمی نەکرد، بەڵکو سوڵتان بوو وەکو هەر سوڵتانێکی دیکە. بۆیە زامێک لە دوو ئاستدا دروستبوو، زامێک لە ئاستی ناسنامەی ئیسلامی بەوەی کە جیهانی ئیسلامی ڕووخا و پێویستە دەوڵەتی خەلافەت بەدەستبهێنینەوە، زامێکی دیکە لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی بوو کە هەستی کرد پەرش بووە و سایکس پیکۆ عەرەبی دابەش کردووە بەسەر چەندین وڵاتدا، بۆیە ئامانجیان دروستکردنی دەوڵەتێکی عەرەبی یەکگرتوو بوو، لەبەر ئەمە ئەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی دروستبوون هەستیان بە شەرعیەتی تەواو نەدەکرد، چونکە ئەو دەوڵەتانە وەک نیمچە دەوڵەت دامەزران نەک وەک دەوڵەتێکی نیشتمانی باوەڕپێکراو. داگیرکاری ئیسرائیلیش قوڕەکەی خەستتر کرد و جیهانی عەرەبی زیاتر لاواز کرد، هەستیان بە سووکایەتی کرد لە زۆر ئاستدا، دەوڵەتی نیشتمانیی شکستی هێنا و هەندێک پێکهاتەی ئیسلامی هەستان و گوتیان ئیسلام چارەسەرە. داعش لەسەر خەرمانی ئەم هەموو نسکۆیانە هات، تەنانەت دوای شۆڕشیش بینیمان شۆڕشی پێچەوانە سەری هەڵدا. سەرەتا خەڵک هەمان ئەو کاردانەوەیەی هەبوو کە بەرامبەر بنلادن هەیبوو، گوتیان ڕەنگە ئەمە چارەسەر بێت، بەڵام کردەوەکانی دەریخست کە کۆنەپەرست و پیاوسالار و وەحشیگەرانەیە، داعش ئەو شێوازەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی خەڵک بترسێنێ و خۆیانی رادەست بکەن.

**ڕووداو: کەواتە دوو قۆناغ هەیە، قۆناغێکیان بەر لە دروستبوونی داعشە. پێویستە چی بکرێت بۆ ئەوەی تیرۆر و توندڕەوی دروست نەبێتەوە؟ قۆناغی دووەمیش پاش دروستبوونی داعش و ئاوابوونیەتی، لەڕووی زانستی دەروونییەوە چۆن لەو قۆناغەدا کار لەسەر کۆمەڵگا بکرێ بۆ ئەوەی ببێت بە کۆمەڵگایەکی تەندروست؟**

**مونا فەیاز:** دەبێت لە چەند ئاستێکدا کار بکرێت. ئێمە باس لە شکستهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی دەکەین، چونکە تاکی عەرەبی هیچ مافێکی بەدەست نەهێنا، واتە لە پەروەردە، لە کارکردن و لە ئازادی ڕادەربڕینیشدا مافەکانی پێشێلکران. دەوڵەت بە چەندین شێواز پەنای بۆ سەرکوتکردن دەبرد: هەندێکجار ئیسلامی سیاسی زیندوو دەکردەوە و دواتر سەرکوتی دەکردن، سێکولار و لیبراڵەکانی سەرکوت کرد، هەموو ئەوانەی سەرکوتکردن کە داوای مافیان دەکرد، دەشزانین ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی داعش. لە ئاکامدا بەهێزکردنی دەوڵەتی نیشتمانیی دادپەروەر و دیموکراسی چارەسەرە، دیموکراسی بە واتای دابڕان و بێلایەنکردنی دەوڵەت لە ئایین. ئێمە لە جیهانی عەرەبیدا فرەییەکی بەرفراوانمان هەیە، ئەمەش نەک تەنیا لەناو موسڵماناندا، بەڵکو پێکهاتە و گەلی دیکەش هەن. بۆیە هەندێک جار تاکەکان تەنانەت ناونانی جیهانی عەرەبی بە پێشێلکردنی مافی خۆیان دەزانن، من نازانم پێویستە چ ناوێکی لێ بنێین، بۆیەش کاتێک ناوی جیهانی

### عەرەب لە نەبوونی سەرکردەدا داعشی قبووڵ کرد

### لیبراڵیزمی ئابووری دڕندەش هاوکارە لەگەڵ تیرۆر

### داعش لەسەر خەرمانی نسکۆکانی عەرەب هات

عەرەبی دێت، لە نیگەرانیی هاووڵاتیانی کورد یان ئاشووری، یان هەر پێکهاتەیەکی دیکەی وەک مەسیحییەکان تێدەگەم. دەمەوێ بڵێم جیهانی عەرەبی چەمکێکە بە مانا ڕۆشنبیرییەکەی. دەبێت هەموو ئەم کێشانە چارەسەر بکەین، پەرەپێدان و پەروەردە بابەتی سەرەکین، چونکە من چۆن بتوانم خەڵک لە داعش دوور بکەمەوە کاتێک 60 بۆ 70 ملیۆن نەخوێندەوارم هەیە لە جیهانی عەرەبیدا. پرسێکی دیکە پێدانی مافە. کاتێک دەوڵەت لە چوارچێوەی یاسادا ماف و کاروبارەکانی هاووڵاتی ڕێکدەخات، نەک پێکهاتەیەک یان حزبێکی ئیسلامی و هەر حیزبێکی دیکە، لەو کاتەدا هاووڵاتی متمانەی بەو دەوڵەتە دەبێت و ناچار نابێت دوای پێکهاتەی پەڕگیری وەک داعش بکەوێت.

**ڕووداو: زۆرجار باسی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت دەکرێت، ڕاستە گەلی موسڵمان لە ناوچەکەدا هەیە، بەڵام کام حکومەت ئیسلام وەکو خۆی جێبەجێ دەکات و ئەو حکومەتە ئیسلامییە هۆکارە بۆ دروستبوونی تیرۆر و توندڕەوی؟ لە وڵاتانی عەرەبیدا حوکمێکی ئیسلامیی تەواو هەیە؟**

**مونا فەیاز:** نەخێر، لە جیهانی عەرەبیدا حوکمێکی ئیسلامیی تەواو نییە، دەزانین تاکە حوکمی ئیسلامی لە ناوچەکە هەبێت ئێرانە، کە ئایین و مەزهەب لە دەستووردا چەسپێنراوە، ئێران تاکە دەوڵەتی تیۆکراتییە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا، ئیسلام ئاینی دەوڵەت بووە بە واتا ئەخلاقییەکەی، بەڵام بزووتنەوە ئیسلامییەکان ئەمەیان قۆستووەتەوە بۆ بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگە و پێدانی شەرعیەت بە حوکمەکەیان. وڵاتانی عەرەبی "سێکولار"ن ئەگەرنا دەوڵەتی سێکولار نین، حوکم لە جیهانی عەرەبیدا خۆسەپێنە، ئەمە ئەو سیفەتەیە کە دەتوانم گشتگیری بکەم بەسەر سەرجەم ڕژێمەکاندا، بۆیە بۆ شاردنەوەی خۆسەپێنی و بەکارهێنانی گەلان، پەردەیەکی ئیسلامییان هێنا، هەندێک بزووتنەوەی وەکوو (ئیخوان موسلمین)یان بەهێز کرد، کاتیک سادات پشتی پێ بەستن، هەروەها ئەو کاتەی سەرۆکی سووریا محەممەد ئەلبووتی هێنا بۆ ئەوەی بەناوییەوە قسە بکات. دەوڵەت نە سێکولار و نە دیموکراتیک نەبووە، بەڵکو تێکەڵ و پێکەڵ و سەرکوتکەر بووە. کەسانێک هەن دەڵێن ناکرێ ئایین لە دەوڵەت جیابکەینەوە، بەڵام کاتێک ئێمە داوای جیاکردنەوەی دەوڵەت لە ئایین دەکەین، ئەمە لەپێناو پاراستنی ئایینە نەک بەپێچەوانەوە، چونکە قۆستنەوەی ئایین لە سیاسەتدا ئایین لاواز دەکات و دەیکاتە حیزبێکی سیاسی کە من ڕەخنەی لێدەگرم، بەڵام کاتێک دەوڵەت لە ئایین سەربەخۆ دەکرێت، ئەو کاتە ئایین بایەخ بە بەها ئاکارییەکانی کۆمەڵگە دەدات، بەو شێوەیە ئایین و دەوڵەتیش دەپارێزم.

**ڕووداو: کە باسی وڵاتانی عەرەبی دەکرێت دەگوترێت پێویستە ئایین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە، بەڵام لە ئەوروپا ئیسلام تێکەڵ بە دەوڵەت نەکراوە، کەچی کەسانێکی زۆر لەوێوە پەیوەندییان بە ڕیزەکانی داعشەوە کردووە، بۆ نموونە فەرەنسا. هۆکاری ئەمە چییە؟**

**مونا فەیاز:** دەوڵەتی سێکۆلاری لە فەڕەنسا حاڵەتێکی تایبەتە، چونکە ئەوان دژی ئایین

### حوکم لە جیهانی عەرەبیدا خۆسەپێنە

بوون و کارەکانیان دژی کڵێسا بوو، سێکۆلاریزم لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرا یان ئەمریکا بەتەواوەتی جیاوازە. ئەوان ئایین و دەوڵەت جیادەکەنەوە، بەڵام ئایین ناچەوسێننەوە، بۆ نموونە لە ئەمریکا یەکەم گوتاری سەرۆک لە کڵێسا دەبێت و ناوی خوداش لەسەر دراوی دۆلارە. لە ئەڵمانیا جیاوازترە، بەڵام ئەوانیش هاوکاری کڵێسا دەکەن و دژی نین. کاتێک لەم ڕوانگەیەوەیەوە سەیری دەکەین بابەتەکان جیاوازن. چەندین جۆری جیاوازی سێکۆلاریزم و جیاکردنەوەی ئایین لەگەڵ دەوڵەتدا هەن. لە فەڕەنسا جۆرێک لە دوورخستنەوەی ئایین هەیە. سەبارەت بە موسڵمان و عەرەب لە فەرەنسا، ئەوان سەرەتا زۆر جیاوازییان نەبوو لەگەڵ ئەوروپییەکان، فەڕەنسا پێویستی بە هێزی کار هەبوو، بۆیە خەڵکی لە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی دەهێنا، ئەو خەڵکەش لە سەرەتادا موسڵمان بوونی خۆیان دەرنەدەخست، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هەستیانکرد کە مافەکانیان بەتەواوی وەرناگرن و لە پەراوێزی کۆمەڵگەی فەڕەنسی دەمێننەوە و لە شوێنە داخراوەکاندا بە عەرەبی قسە دەکەن. کاتێک هاووڵاتی هەست دەکات هەموو مافەکانی دەستەبەر نەکراوە، ئەوکات هەست بە چەوساندنەوە دەکات و بەشوێن شووناسدا دەگەڕێت. کەسانی ئەوروپیش هەن کە دەچنە ڕیزەکانی داعشەوە، هەموو ئەوانەی شوناسێکی جێگیریان نییە، وەکو هەرزەکاران و بەوانەشەوە کە موسوڵمان نین، ڕوو لە داعش دەکەن، چونکە خاڵێکی لاوازیان هەیە کە داعش دەیقۆزێتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەش دەزانین کە ئیسلامی توندڕەو چووەتە ئەو وڵاتانە و گوتارێکی سەلەفی ئوسوڵگەرای توندی بڵاوکردەوە کە هەستی بە چەوساندنەوە لای خەڵک دروستکرد و وایکرد زیاتر توندڕەو بن، تا ئەو ئاستەی بزووتنەوەیەکی وەک داعش قبووڵ بکەن.

**ڕووداو: ئەگەر تەماشای ئەو ڕووداوانە بکەین کە دەچنە خانەی تیرۆریستییەوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ئەوروپا، ئەوانەی خەڵکیان کوشتووە یاخود تەقەیان بەناو خەڵکدا کردووە و تەقینەوەیان کردووە، بەشی زۆری موسڵمان نەبوون، بەڵکو کەسانی بێباوەڕ و مەسیحی و جوولەکەشی تێدابوو، بەڵام بۆچی هەمیشە تیرۆر دەبەسترێتەوە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە؟ تەنانەت ترەمپ لە بانگەشەی هەڵبژاردندا گوتی عێراق و ناوچەکە هارڤاردی تیرۆرە، ئەمە بۆچی؟**

**مونا فەیاز:** چونکە ئیسلام بەشێوەیەک خۆی دەخاتەڕوو کە مشتومڕ و ترس دروست دەکات، ئێمە لە وڵاتەکانمان سەتان کەناڵ دەبینین کە بانگەشە بۆ توندڕەوی و پەڕگیری و ڕەتکردنەوە و قبووڵنەکردنی بەرامبەر دەکەن، هاوکات فتوای زۆرمان هەیە کە پیاوانێکی ئایینی دەریدەکەن کە تاڕادەیەک نەخوێندوارن، چونکە چ شتێک پیاوی ئایینی دەستنیشان دەکات! ئایا پێوەرێکی پەروەردەیی هەیە، ئایا چوارچێوەیەک هەیە کە پیاوی ئاینی دروست بکات کە ئاستیان جێی قبووڵ بێت؟ نەخێر. کێشەکان لە دەست دەرچوون. بۆیە پیاوانی ئایینی زۆر هەن کە بەو شێوەیە قسە دەکەن کە خۆیان دەیانەوێت. بەگشتی دەتوانین بڵێین گوتاری ئایینی سیاسیی توندڕەو ئەو ئایەتانە دەڵێتەوە کە بانگەشەی بۆ توندڕەوی کردووە، ئەویش لە سەردەمێکدا کە نزیکەی هەزار و پێنجسەت ساڵ لەوە پێشە. هەڵبەر من مەبەستم گوتاری ئیسلامیی سیاسیی توندڕەوە کە ئایین دەقۆزێتەوە، چونکە دەکرێت

### ئیسلام بەشێوەیەک خۆی دەخاتەڕوو کە مشتومڕ و ترس دروست دەکات

ئایین بۆ خێر یان توندوتیژی یان ئاشتیی بەکاربهێندرێت و ئایین بابەتی جیاوازی تێدایە. بەڵام لایەنگرانی گوتارە ئایینییە سیاسییە توندڕەوەکە ئەوە دەخەنەڕوو، ئەمەش بۆ ئەو بابەتەی کە پەیوەندی بە تێڕوانینی نەرێنییەوە هەیە بەرامبەر بە ئیسلام. ئێستا هەوڵێک بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێچکەیە هەیە، لەو داوایانەوە هەوڵێک دەستپێکردووە بۆ چاکسازیی ئایینی، ئێستا ئەزهەر هەنگاوی زۆر دەنێت کە جێی سوپاسە.

**ڕووداو: لە ئەوروپا و ئەمریکاش پەڕگیری هەیە کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە و ئیسلامیش نییە، بۆچی پەڕگیری تەنیا بە ئیسلامەوە گرێ دەدرێت لە کاتێکدا لەناو مەسیحی و جولەکە و بێباوەڕەکانیشدا هەیە؟**

**مونا فەیاز:** با بیرمان نەچێت ئێمە لە دەستپێکی کارەکانی بن لادن و ئەو گروپەی هێرشەکەیان ئەنجامدا و تاوەری بازرگانی جیهانییان تەقاندەوە بە پەڕگیری تۆمەتبارکراین، زۆربەی جیهانی ئیسلامی ئەو لێدانەیان ڕەتنەکردەوە و هەستیان بە تۆڵەسەندنەوە کرد بەرامبەر بەو داگیرکەرەی کە بۆ ماوەیەکی درێژ بەکاری دەهێنان، بۆیە ئێمە خۆمان هاوکارین لەوەدا، بەوەی دەستمان بە گوتاری ئیسلامی سیاسی توندڕەو کرد، هەروەها ئەو بانگخوازانەی کە خۆیان لە ئەوروپان و گوتارێکی توندڕەویان هەیە. من هاوڕام کە ئوسوڵگەرایی تەنیا لە ئیسلامدا نییە و لەهەموو ئایینەکاندا هەیە. تەنانەت بزووتنەوەی سێکۆلار هەیە کە پەڕگیرە، بەڵام ئێمە نازانین هەڵسوکەوت بکەین بۆ ئەوەی ئەم تۆمەتە لە خۆمان دووربخەینەوە. ئێستا جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەستی بە پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی کردووە. وەکوو بینیمان لە دوایین لووتکەی عەرەبیدا کە لەمدواییانە بەسترا، دروشمی سەرەکییەکەی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە هەموو شێوەکانی و گرێنەدانی تیرۆر بە ئیسلامەوە بوو، چونکە دەتوانین خوێندنەوە بۆ ئیسلامێکی میانڕەو بکەین و هانی تێگەیشتنێکی میانڕەوانە بدەین بۆ ئایین، کە پێچەوانەی ئەو بانگەشە توندئاژۆیەیە.

**ڕووداو: کەواتە لە هەموو جیهاندا توندڕەوی هەیە، حکومەتەکان سێکۆلار بن یان ئیسلامی، عەرەبی بن یان بیانیی تیرۆری تێدایە، کەواتە ئایا تیرۆر بنبڕ دەکرێت، ئەگەر بنبڕ ناکرێت چی بکرێت بۆ ئەوەی کەمبکرێتەوە؟**

**مونا فەیاز:** تیرۆر لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا بە دەوڵەتەوە گرێنەدراوە، بەڵکو پەیوەندی بە تاکەکانەوە هەیە. من دەڵێم لیبراڵیزمی ئابووریی دڕندەش هاوکارە بۆ تیرۆر، چونکە خەڵک لە لایەن ئەو ڕەوتە دڕندەیەوە بەکاردەهێنرێن. بەڵام دەوڵەت خۆی بە ئاشکرا تیرۆر ناکات، ڕەنگە جەنگ یان کاری هەواڵگری بکات، بەڵام یاسایەک هەیە کە دەوڵەت سزا دەدات و هاووڵاتی هەیە کە لێپێچینەوە لە دەوڵەتەکەی دەکات. دەوڵەت لەوێ لەژێر یاسادا دەجووڵێتەوە و دەسەڵاتەکان جیاکراونەتەوە، بۆیەش ئەگەر تیرۆر لەناو گەلانی ڕۆژئاوادا هەبێت ئەوە حاڵەتی تاکەکەسییە و بەجیا قسەی لەسەر دەکرێت. ئەوان تاکێکن کە کێشەی دەروونییان هەیە وەک پشتگوێ خران، بۆیە پەنا دەبەنە بەر تیرۆر. بەڵام گرێدانی دەوڵەتان بە تیرۆرەوە زیاتر لە جیهانی ئێمە هەیە، چونکە دەوڵەت ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ ناکات و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە گروپە تیرۆریستییەکان ڕاناگەیێنێ، بۆیە لە جیهانی ئێمەدا تیرۆر زیاتر بە دەوڵەتەوە گرێ درا. هۆکارەکانی تیرۆر زۆرن، کە دەکرێ ئابووری، کۆمەڵایەتی و هەستکردنی هاووڵاتی بە بێ مافی بێ، بۆیە با وڵاتانێک دروست بکەین کە مافی تێدا بێت، پەرە بە پەروەردەی بدەین، ڕێگە بە ئازادی ڕادەربڕین بدەین، بەرامبەرە جیاوازەکانمان قبووڵ بکەین و لەسەر بنەمای ئایینەکەی مامەڵەی لەگەڵ نەکەین، چونکە دەوڵەت ماف دەدات بە هاووڵاتی نەک ئایین یان پێکهاتەکەی، ڕەنگە ئەمە هاوکاریمان بکات بۆ بنبڕکردنی تیرۆر.



## حەشدی شەعبی: ناچینە نێو شنگال

**ڕووداو- هەولێر**

گوتەبێژی حەشدی شەعبی ڕایگەیاند بە فەرمانی حەیدەر عەبادی، فەرمانده‌ی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق پێشڕەوییان بۆ ناوچەکانی شنگال کردووە و هەماهەنگیشیان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەحمەد ئەسەدی، گوتەبێژی حەشدی شەعبی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لە ناوچەی شنگال بەردەوام دەبین لە هێرشەکانمان و تاوەکوو سەر سنووری سووریا ناوەستین". ئەسەدی گوتییشی ئەو ناوچە ئازادیان دەکەن، ڕادەستی هێزە خۆجێیەکان دەکەنەوە. هەروەها ڕەتیکردەوە بچنە نێو قەزای شنگال و گوتی "شنگال داگیرنەکراوە تا ئێمە بچینە ناوی و ئازادی بکەین".

## نایف جاسم، بەرپرسی کەتایبی ئێزدیخان بۆ (ڕووداو):

# دەبێ پێشمەرگە چیای شنگال چۆڵ بکەن

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

بەرپرسی کەتایبی ئێزدیخانی سەر بە حەشدی شەعبی ڕایگەیاند کە لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان چەکدارانی داعش لای خۆی دالدە دەدات، بڕیاریان دا ببنە حەشدی شەعبی.

نایف جاسم، موختاری گوندی کۆچۆ و سەرۆکی عەشیرەتی مەندکان کە ماوەیەکە لەگەڵ ژمارەیەک لە کەسانی سەر بە عەشیرەتەکەی چوونەتە ناو حەشدی شەعبی، دەڵێت هۆکاری دروستکردنی ئەو کەتیبەیە لەنێو حەشد ئەوەیە "داعشەکان لە هەولێر و دهۆک بەخێودەکرێن، کاتێک ئەوەمان زانی، بڕیارمان دا بچینە نێو حەشدی شەعبی".

نایف جاسم هەڕەشە لە پێشمەرگە دەکات و دەڵێت: "دەبێ چیای شنگال چۆڵ بکەن".

مەبەستی نایف لە بەخێوکردنی چەکدارانی داعش لە هەرێمی کوردستان لەخۆگرتنی ئاوارەکانی مووسڵە کە بەهۆی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی شارەکەوە دەیان هەزاریان ئاوارە بوون.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا گەرمترین بابەتی نێو کوردی ئێزدی، ڕزگارکردنی ناوچەکانیان بوو لەلایەن حەشدی شەعبی، هەروەها دروستکردنی کەتیبەیەکی ئێزدیانە لەنێو حەشد.

بەرپرسی ئەو کەتیبەیە نایف جاسم کۆچۆ موختاری گوندی کۆچۆ و سەرۆکی عەشیرەتی مەندکانە کە گوندەکەی ئەو لە هێرشی داعشدا بۆ سەر شنگال و دەوروبەری لە ئابی 2014، زۆرترین زیانی بەرکەوت و سەدان کەسی دانیشتووی گوندەکە لەلایەن داعشەوە کۆمەڵکوژ کران، نزیکەی 200 کەسیش کە لەلایەن داعشەوە ڕفێندران، هێشتا چارەنووسیان دیار نییە.

ئێستا حەشدی شەعبی هەڵمەتێکی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانەی کوردی ئێزدی دەستپێکردووە کە تاوەکو ئێستا لەژێر چنگی داعشدا ماون. هەر لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵمەتەکە، نایف جاسم کۆچۆ کە لە ئەڵمانیا بوو، گەڕایەوە و سەردانی بەغدای کرد و لەوێ پەیوەندی بە حەشدی شەعبییەوە کرد.

نایف جاسم لەبارەی هۆکاری چوونی بۆ نێو حەشدی شەعبی گوتی: "ئێمە سەرەتا متمانەیەکی زۆرمان بە پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان هەبوو کە ئەوان شەڕی داعش دەکەن، بەڵام دواتر ئەو متمانەیە نەما، چونکە



نایف جاسم لەگەڵ ئەبوو مەهدی موهەندیس فەرماندەی باڵای حەشدی شەعبی

جێگای داخە دەبینین زێدی کوردان بووەتە شوێنی حەوانەوەی داعش، ئەوانەی ئێمەیان کۆمەڵکوژ کرد و کچ و ژنی ئێمەیان بردن، ئێستا لە هەولێر و دهۆک ڤێلایان بۆ گیراوە و فەوجیان بۆ دروست دەکەن".

بە گوتەی نایف ڕۆژانە چەندین کەس پەیوەندی پێوەدەکەن بۆ ئەوەی بچنەوە ناوچە ڕزگارکراوەکانیان، بەڵام پێشمەرگە ڕێگەیان پێنادەن. نایف گوتی "ئەگەر بەردەوام بن لە ڕێگری لەگەڕانەوەی ئەو خەڵکە، هەڵوێستی دیکەمان دەبێ".

بەڵام ئاشتی کۆچەر، بەرپرسی ئاسایشی ڕۆژئاوای دیجلە کە ئێستا لە شنگالە، گوتی "ئێمە ڕێگەمان لە کەس نەگرتووە بگەڕێتەوە ناوچەکەی خۆی، ئەوە حەشدی شەعبییە ناهێڵێ بگەڕێنەوە و ناوچەکانیشیان تالان دەکات".

دوای ئەوەی داعش لە سێی ئابی 2014 پەلاماری شنگالی دا و داگیری کرد، ئۆپەراسیۆنی پێشمەرگە بۆ ڕزگارکردنەوەی ئەو ناوچانە دەستپێکرد، لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2015 ناحیەی سنوونێ و چیای شنگال ڕزگارکران، دواتر لە کۆتایی 2015 سەنتەری شنگال و بەشێک لە ناوچەکانی دیکەش کۆنترۆڵکرانەوە، بەڵام 13 گوند و کۆمەڵگەی ئێزدی هێشتا هەر لەبن دەستی داعشدا مابوون. دوو هەفتەیە حەشدی شەعبی ئۆپەراسیۆنێکی بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچانە دەستپێکردووە و نزیکەی نیوەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی داعش دەرهێناوە

گوندی کۆچۆ یەکێکە لەو گوندانەی کۆنترۆڵ کرایەوە. نایف جاسم دەڵێت "داعش سێ بارەگای لە نێو گوندی کۆچۆ هەبوو، شەڕێکی زۆر قورسیان کرد، بەڵام توانیمان ڕزگاری بکەین، داعش لە دوای خۆی 34 تەرمی جێهێشت".

نایف دەڵێت هەڵمەتەکانی کەتیبەکەیان و کەتیبەکانی دیکەی حەشدی شەعبی بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانیان بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ناوەستین هەتا هەموو ناوچەکانمان ڕزگار دەکەین، دواتریش خۆمان بەرگری لە ناوچەکانمان دەکەین".

بەڵام ئاشتی کۆچەر گوتی: "ئێستا داعش لەو ناوچانە نەماوە، ئەوان بەبێ شەڕکردن دەچنە ناوی".

بەرپرسانی پێشمەرگە دەڵێن تەنیا 30 کەسێک لە ئێزدییەکان پەیوەندیان بە حەشدی شەعبییەوە کردووە، یەکێکیان ئامر فەوج بوو لە فەرماندەیی شنگال و کوڕی نایف جاسمە، بەڵام نایف جاسم ئەو ژمارەیەی ڕەتکردەوە و گوتی "ژمارەمان زۆرە، بەڵام ئاشکرای ناکەین، ڕۆژانەش خەڵک پەیوەندی بە کەتیبەکەمانەوە دەکەن".

---

# 5 ملیۆن دۆلار لە ڕزگارکردنی کوردانی ئێزدی خەرج کراوە

**مەحموود یاسین کوردی**
**ڕووداو- هەولێر**

### بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی ڕفێنراوان لە دهۆک:
## تاوەکو ئێستا نزیکەی 3000 کەس ڕزگارکراون

### قایمقامی قەزای شنگال:
## 400 کوردی ئێزدی ڕەوانەی ڕۆمانیا دەکرێن

بەرپرسی نووسینگەی ڕزگارکردنی ڕفێنراوان لەدەستی داعش، ڕایدەگەیەنێت کە تاوەکو ئێستا سێ هەزار کوردی ئێزدی لەوانەی لەلایەن داعشەوە ڕفێنرابوون، ئازادکراون. پەرلەمانتارێکی کوردی ئێزدیش دەڵێت تائێستا 5 ملیۆن دۆلار لە ڕزگارکردنی ئەو کەسانەدا خەرجکراوە.

ڕۆژی 2014/11/11 نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیارێکی دەرکرد کە دۆسیەیەک بۆ گەڕاندنەوەی ئەو کوردە ئێزدیانەی لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون، دەکرێتەوە. ئێستا نووسینگەیەکی تایبەت بە ئازادکردنی ڕفێنراوان لە شاری دهۆک کراوەتەوە و تاوەکو ئێستاش چەندین ئێزدی لە ڕێگەی ئەو نووسینگەیەوە ڕزگار کراون.

حوسێن کۆڕۆ، بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی ڕفێنراوان لە پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "تاوەکو ئێستا 3004 کەسمان لە دەستی چەتەکانی داعش لە عێراق و سووریا ڕزگار کردووە کە 1087 یان ئافرەت بوون و 334یشیان پیاو بوون، ئەوانی دیکەش منداڵ بوون، 3400 کەسیش ماون ڕزگار بکرێن".

سەبارەت بەو کەس و لایەنانەی یارمەتییان داون بۆ ڕزگارکردنی ئەو ئێزدیانە، حوسێن کۆڕۆ گوتی "جگە لە نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ وڵاتێکی ئیسلامی و عەرەبی و ڕێکخراوێکی بیانی و نێوخۆیی هاوکاریی نەکردووین".

حوسێن کۆڕۆ ئامادە نییە چۆنیەتی ڕزگارکردنی ئەو کەسانە لەژێر دەسەڵاتی داعش ئاشکرا بکات و دەڵێ: "ئێمە ڕاسپێردراوین بۆ گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکەی لەژێر دەستی داعشن، ئێستا ئەوان کڕین و فرۆشتنیان لە بازاڕەکانی داعش پێوەدەکرێت، بە زۆر ئاینیان پێ گۆڕیون، ئێمە هەموو ڕێگایەک دەگرینە بەر بۆ ئازادکردنیان".

پرۆسەی گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی داعش ڕفاندوونی، زۆرتر لە ڕێگەی کڕینەوەیان بووە لە بازاڕەکانی داعش، پاشان هێنانەوەیان بە پارەیەکی زۆر بە هاوکاریی سەرۆک هۆز و کەسایەتییە عەرەبەکانی عێراق و سووریا. بەشێکیشیان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان و ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانانەوە ڕزگارکراون.

ڤیان دەخیل، پەرلەمانتاری کوردی ئێزدی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت چەندینجار داوای لە بەرپرسانی حکومەتی عێراق کردووە کار بۆ ڕزگارکردنی ئەو کەسانە بکەن، یان هاوکاری ماددی ڕزگارکراوەکان بکەن، بەڵام هیچیان نەکردووە.

ڤیان دەخیل ئاشکرای کرد "حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا نزیکەی 5 ملیۆن دۆلاری لە کڕینەوەی ئەو ئێزدیانەدا خەرج کردووە".

ڤیان دەخیل کە وەک چالاکڤانێکی کوردی ئێزدی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەبارەی شوێنی ئەو ژنانە دەڵێ: "بەشی زۆریان بۆ شاری ڕەققە لە سووریا گواستراونەتەوە بەشێکیشیان لە تەلعەفەر و بەعاجن".

ساڵی 2015 ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی: (هەڵاتن لە دۆزەخ . ترس و تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی سێکسی لەنێو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) چیرۆکی 42 کچ و ژنی ئێزدیی ڕزگاربووی لە زمانی خۆیانەوە گواستبووەوە کە چۆنیەتی مامەڵەکردنی داعش و کڕین و فرۆشتن و بەکەنیزەککردنیان دەگێڕایەوە.

### ڕزگاربووان دەنێردرێنە دەرەوە

پێشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەرێمی بادن لە ئەڵمانیا ڕێککەوتنێکی هەبوو بۆ ئەوەی چارەسەری دەروونی بۆ نزیکەی 2000 ژن و منداڵی ئێزدی بکرێ.

مەحما خەلیل قایمقامی قەزای شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "جگە لەوانەی ڕەوانەی ئەڵمانیا کراون، 400 ژن و منداڵ ئامادەکراون و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەوانەی ڕۆمانیا بکرێن و لەوێ چارەسەر وەربگرن".

ڕۆژی 2015/4/3 یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش لە قەزای شێخان ساز کرا. بەپێی ڕاپۆرتی کۆنفرانسەکە، دوای پەلاماری داعش بۆ شنگال، 430 هەزار کوردی ئێزدی ئاوارە بوون. 1800 کەس کۆمەڵکوژ کراون، زیاتر لە 3 هەزار ژن و منداڵ کە ناوی 1661 کەسیان پشتڕاست کراوەتەوە، لەلایەن داعشەوە ڕفێنراون. هەروەها 500 کەسیش ونبوون کە ناوی 254 کەسیان لەلایەن کەسوکاریانەوە پشتڕاست کراوەتەوە. 600 کەسیش بەهۆی برسێتی و تینوێتی مردوون.



---

## ژنێکی لە دەست پیاوێکی فینلاندی ڕزگار کردووە

# سەرۆکی فینلاند مەدالیای ئازایەتی دەداتە کۆچبەرێکی کورد



عەلی ڕەزگەیی دوو ساڵ لەمەوبەر ژنێکی فینلاندی لە هێرشی پیاوێک ڕزگار کردبوو

**ڕووداو — تورکۆ**

بەخشینی مەدالیای ئازایەتی لەلایەن سەرۆک کۆماری فینلاندەوە بە کۆچبەرێکی کورد، هەواڵ و مانشێتی هەفتەی ڕابردووی زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بوو.

هەفتەی ڕابردوو ساولی نینیستو، سەرۆک کۆماری فینلاند، خەڵاتی ئازایەتی بە 13 کەسی وڵاتەکەی بەخشی. ئەو خەڵاتە ساڵانە وەکو نەریتێکی نیشتیمانی دەدرێ بەو کەسانەی ژیانی خەڵک لە مردن ڕزگار دەکەن. ئەمساڵ لەنێو خەڵاتکراوەکاندا کۆچبەرێکی کورد هەبوو کە بەهۆی ڕزگارکردنی کەسێکەوە بووە یەکێک لە پاڵەوانەکانی فینلاند.

عەلی ڕەزگەیی ناسراو بە شوان کە کۆچبەرێکی کوردە لە فینلاند، دوو ساڵ لەمەوبەر ژنێکی فینلاندی لە هێرشی پیاوێک ڕزگار کرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەمساڵ لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە وەکو پاڵەوانی فینلاند بناسرێت و مەدالیای ئازایەتی پێ ببەخشرێت.

عەلی ڕەزگەیی کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە، ساڵی 1994 کوردستانی جێهێشتووە و لە فینلاند گیرساوەتەوە. عەلی بە شانازییەوە باسی ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتە فینلاندییە دەکات و دەڵێت: "من کوردم و شەڕم زۆر بینیوە، حاڵەتی وام زۆر بەسەردا تێپەڕیوە".

عەلی دوای وەرگرتنی ئەو خەڵاتە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیلتا سانومات (Ilta-Sanomat)ی فینلاندی دەڵێت "هەمیشە حەزم بە هاوکاریی مرۆڤایەتی و هاریکاریی پۆلیس لە ڕووداوی لەو شێوەیە هەبووە".

عەلی دانیشتووی شاری تورکۆیە، چێشتخانەی هەیە و پیتزەرییەکەی ناسراوە. ئازاد نادر کە هاوشار و هاوڕێی عەلییە، بە (ڕووداو)ی گوت "عەلی کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی لای خەڵکە، دوای ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتە و وەرگرتنی خەڵاتەکە، ئێستا زیاتر لە جاران لە نێو خەڵک خۆشەویست بووە".

ئازاد نادر کە چالاکڤانێکی سیاسییە، هەروەها دەڵێت: "لە نێو هەموو ئەو ڕووداوە نەرێنیانەی کە کورد و بیانییەکانی ئەم وڵاتە تووشی شەرم دەکات، بەڵام لە پڕێکدا هەڵوێستێکی مەردانەی وەک ئەوەی کاکە عەلی سەرمان بەرز دەکاتەوە".

بەپێی گێڕانەوەی ئازاد لەبارەی ڕووداوەکە، ئەو ئافرەتەی عەلی ڕەزگەیی ڕزگاری کردووە، لەلایەن پیاوێکەوە هێرشی کراوەتە سەر، ژنەکە شەلاڵی خوێن بووە و عەلی بەرێکەوت بەوێدا تێپەڕیوە، بەشێوەیەکی زۆر ئازایانە ئافرەتەکەی لە چنگی پیاوەکە ڕزگار کردووە.

تورکۆ یەکێکە لە شارە سەرەکییەکانی فینلاند و دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای وڵات، ژمارەیەکی زۆر کوردی تاراوگەی لێ نیشتەجێیە. تاکە شاری فینلاندە کە دوو ئەندامی شارەوانیی کوردی هەیە پاش ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی مانگی ڕابردوو سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

# داعش دوا شەڕی خۆی لە 9 کیلۆمەتر دووجادا دەکات

سوپای عێراق: پیاوی خۆمان بۆ شەڕی مووسڵی کۆن هەیە

هەڵۆ کاکەوەیس
ڕووداو- مووسڵ

سەرکردە سەربازی و سیاسییەکانی عێراق تا ئێستا چەند جارێک ڕایانگەیاندووە کە بەم نزیکانە لە مووسڵ سەرکەوتن بەسەر داعشدا ڕادەگەیەنن، بەڵام داعش خۆی بۆ شەڕی مان و نەمان لە مووسڵ ئامادە کردووە و دەیەوێ لە ڕووبەرێکدا کە تەنیا نۆ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێ، درێژە بە مانەوەی خەلافەتەکەی لە عێراق بدات.

هیچ کەس و لایەنێک و شرۆڤەکارێک ناتوانێت پێشبینی کۆتایی شەڕ لە بەری ڕۆژئاوای مووسڵ بکات، داعش لە ماوەی ڕابردوودا بە پلانێک سوپای عێراقی بۆ ئەو ناوچەیە ڕاکێشا کە ئێستا دوا شەڕی خۆی تێدا دەکات، چونکە لە گەڕەکە کراوە و ئاساییەکانی مووسڵ نەیتوانی خۆی بگرێت، ناچار دوای نزیکەی چوار مانگ شەڕکردن، زیاتر لە 40 گەڕەکی لە بەری لای ڕۆژهەڵات لەدەستدا.

سنووری شەڕ لە مووسڵ بۆ بچووکترین ڕووبەر بەرتەسک بووەتەوە، شەڕی تۆپی دوورمەودا و تانک و زرێپۆش و مووشەک کۆتاییان هات. ئێستا داعش تەنیا یەک ناوچەی بەدەستەوە ماوە، ئەویش مووسڵی کۆنە.

زۆرترین ژمارەی دانیشتووانی بەری ڕۆژئاوای مووسڵ لە گەڕەکی مووسڵی کۆن کۆبوونەتەوە. وا مەزەندە دەکرێ کە نزیکەی 500 تاوەکو هەزار چەکداری داعش لەو ڕووبەرە بچووکەدا کۆبوونەتەوە. لەڕووی سەربازییەوە زەنجیل و سەحە بە دوو ناوچەی تەواوکاری مووسڵی کۆن دادەنرێن.

مووسڵی کۆن حەوت دەرگای هەیە (سێ دەرگا لە باکوور و چوار دەرگا لە باشوور) دەرگاکانیش کە بە گەڕەک هەژمار دەکرێن، بریتین لە بابولتۆپ، باب سنجار، باب لەگش، باب ئەلبیز، باب ئەلشەمس، باب ئەلسەرای، باب ئەلجەدید. ڕووبەڕووی ئەو ناوچەیە نۆ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و نزیکەی 130 هەزار مەدەنیی تێدا گەمارۆدراوە.

گرنگترین گەڕەکەکانی مووسڵی کۆن بریتین لە: سەرچخانە، فاروق، شیفا، باب سنجار و زنجیلی.

بۆچوونی شرۆڤەکارانی سەربازی تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکە لەسەر شەڕی کۆتایی داعش لە مووسڵ، لیوا ڕوکن ماجد جاسم، شرۆڤەکاری سەربازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەڕی کۆڵان بە کۆڵان تەنیا دژەتیرۆر لێی شارەزایە. ئەو هێزانەی دیکە ئەزموونیان نییە، لە سەرەتاوە ئێمە و دەیان کەسی دیکە گوتمان دابەشکردنی هێزەکان لە مووسڵ زۆر خراپە و ئەوەش لە بەرژەوەندیی داعشدا دەبێت".


مانگێک و 10 ڕۆژە پۆلیسی فیدراڵی لە دوورەوە تەماشای مزگەوتی نووری دەکەن
(فۆتۆ: AFP)

## پۆلیس تەماشای مزگەوتەکەی بەغدادی دەکات

لەشەڕی لای ڕاستی مووسڵ، پۆلیسی فیدراڵی، هێزی بەرپەرچدانەوەی خێرا، دژە تیرۆری عێراق و فیرقەی نۆی سوپای عێراق بەشدارن. هەروەها حەشدی شەعبیش لە دەرەوەی مووسڵ شەڕ دەکات. زیاتر لە 40 ڕۆژە پۆلیسی فیدراڵیی عێراق بە دووریی 900 مەتر لە نزیک مزگەوتی نووری کە بەغدادی خەلافەتەکەی تێدا ڕاگەیاند، سەنگەری گرتووە و تەماشای مزگەوتەکە دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ پێشڕەوییەک بکات. کردنەوەی میحوەری باکوور لەلایەن دژەتیرۆر و فیرقەی 9 بووە هۆی ئەوەی داعش ڕوو لە ناوچەی مووسڵی کۆن بکات و دوا شەڕی لەوێ بکات.

موئەید سالم ئەلجحش، پسپۆڕی سەربازی لە شەڕی نێوشار بە (ڕووداو)ی گوت: "مووسڵی کۆن دەبێتە زەلکاوی هێزە عێراقییەکان، چونکە هەموو خانوویەکی بەری ڕاستی مووسڵ ژێرەزەمینی هەیە. داعش بە تەواوی خۆی لەوێ قایم کردووە، سوپای عێراقیش شەڕکەری بۆ نێو شار نییە و بێ ئەزموونە".

## لە مووسڵی کۆن مووشەک دەبارێ

عەمید یەحیا ڕەسوڵ، گوتەبێژی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "داعش هەموو ڕێگەیەک بۆ مانەوە دەگرێتەبەر، خەمی یەکەمی ئێمەش پاراستنی هاووڵاتیانە نەک کۆنترۆڵکردنەوەی زەوی، بەدڵنیاییەوە ئەو شوێنەی بەدەست داعشەوە ماوەتەوە بەرگری لێدەکات و هەرچی هەبێت تێیدا بەکاری دەهێنێ".

دانیشتوویەکی بەری ڕۆژئاوای مووسڵ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە باسی ڕەوشی مووسڵی کۆنی بۆ (ڕووداو) کرد و گوتی: "دوو مانگە ئاوی خواردنەوە بە بۆریی ماڵاندا نەهاتووە، تەنیا ئاوی بیر دەخۆینەوە. داعش هەرچی دەرگای ماڵانە لێی کردوونەتەوە و دیواری ماڵانی هەمووی کون کون کردووە، ڕۆژانەش سەدان مووشەک و تۆپمان بەسەردا دەبارێت".

ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕاستی مووسڵ لە 2017/2/17 دەستی پێکردووە، بەڵام کۆتاییەکەی بەلای شرۆڤەکارانی سەربازییەوە دیار نییە، ڕۆژ بەڕۆژیش ژمارەی قوربانیان لە سەرباز و مەدەنی بە تایبەتیش مەدەنی، زیاتر دەبن کە ئێستا وەکو قەڵغانی مرۆیی لەلایەن داعشەوە بەکاردەهێنرێن.

پسپۆڕێکی سەربازی:
شەڕی مووسڵ دوای ڕەمەزان کۆتایی دێت

شرۆڤەکارێکی سەربازی:
ئەستەمە کاتی کۆتایی شەڕی مووسڵ دیاری بکرێ

شرۆڤەکاران تێبینیان لەسەر ئاراستەی مووشەکەکان و جۆرەکانیان هەیە، موئەید سالم دەڵێت: "لە 17ی کانوونی دووەمەوە ڕۆژانە 100-200 مووشەک ئاراستەی مووسڵ کراون. هیچ مووشەکێکی عێراقی ئامانجەکەی ناپێکێ و هەرچی لوولەی تۆپی هێزە عێراقییەکانە چەوتە، بۆیە داعش بە درێژایی مانگی ڕەمەزان لە مووسڵی کۆن دەمێنێتەوە و شەڕ دەکات و شەڕ دوای ڕەمەزان کۆتایی دێت".

عەمید یەحیا ڕەسوڵیش دەڵێت "هەرگیز ناتوانین کات بۆ کۆتایی شەڕەکە دابنێین، بەڵام سەربازی خۆمان هەیە بۆ شەڕی مووسڵی کۆن و باش ئامادەکراون. ئەگەرچی داعش خۆی لە پەنای 100 هەزار سڤیل حەشارداوە.

سەبارەت بە بەرگری و مانەوەی داعش لە مووسڵ و ژمارەی چەکدارەکانی، ماجد جاسم گوتی "تانکەکانی سوپای عێراق لە دەرگاکانی مووسڵی کۆن دەوەستن و 90%ی ئەو چەکدارانەی ماونەتەوە خۆکوژن، بۆیە شەڕێکی سەخت دەبێت و تەنیا شەڕی کۆڵان بە کۆڵان شەڕەکە یەکلایی دەکاتەوە، چونکە داعش تۆڕێک تونێلی لەنێو مووسڵی کۆن لێداوە کە هەموو گەڕەکەکان لە ژێرەوە پێکەوە دەبەستێتەوە".

---

حەشدی شەعبی

# ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵی دواخست

هونەر ئەحمەد
ڕووداو- مووسڵ

فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق دەڵێن ئەگەر بەگوێرەی ئەو پلانە ئەمریکییەی دانرابوو ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ جێبەجێ کرابا، دەمێک بوو مووسڵ بە زیانێکی کەمتر لەوەی ئێستا، لە دەستی داعش دەرهێنرابوو، بەڵام حەشدی شەعبی پلانەکەی لێ تێکدان.

پلانی سەرەتایی ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ بریتی بوو لەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق بەشێوەی ناڵی ئەسپ بە دەوری مووسڵدا جێگیر بن و پاشان پێشڕەوی بکەن، واتە لە سێ لاوە گەمارۆی شارەکە بدەن و ڕێگەیەکی دەرچوون لە ڕۆژئاوای مووسڵ بۆ چەکدارانی داعش بەرەو سووریا بهێڵنەوە، بەڵام ئێران و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شکستیان بەو پلانە سەربازییەی سوپای عێراق هێنا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئۆپەرسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ درێژە بکێشێ.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (ڕووداو) کە لە فەرماندە سەربازییەکانی مەیدانی شەڕەوە دەستی کەوتوون، پلانی ئەمریکییەکان ئەوە بوو کە سەرەتا حەویجە کۆنترۆڵ بکرێتەوە، دواتر هێزەکان بەرەو مووسڵ جووڵەیان پێ بکرێ، بەڵام فەرماندەکانی حەشدی شەعبی و بەشێک لە فەرماندەکانی سوپای عێراق لەگەڵ ئەو پلانەدا نەبوون و داوایان کردبوو سەرەتا مووسڵ کۆنترۆڵ بکرێتەوە، پاشان حەویجە و تەلعەفەر. بەگوێرەی پلانەکە، پێشمەرگە بەشداریی شەڕی مووسڵ و تەلعەفەر و حەویجەی پێ نەدەکرا، بۆیە ئەمەریکا ناچار بوو پشت بە هێزە عێراقییەکان ببەستێت و پلانە سەربازییەکەی بگۆڕێ.

چاوەڕوان دەکرا داعش لە بەری چەپی مووسڵ بەرگرییەکی سەخت بکات، بەڵام پێشبینییەکان پێچەوانە دەرچوون، پێشڕەویی هێزە عێراقیەکان زۆر بەباشی بەڕێوە چوو، هۆکارە سەرەکییەکەشی ئەوە بوو کە ڕێڕەوی هەڵاتن بۆ چەکدارانی داعش بۆ بەری ڕاستی شارەکە هەبوو.

هێزە عێراقییەکان و تەنانەت ئەمەریکاش پێشبینییان دەکرد بەری ڕاستی مووسڵ شەڕی قورسی تێدا نەکرێ، بەڵام حەشدی شەعبی لە دەرەوەی ئەو پلانەی کە ئەمریکا دایڕشتبوو بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هەنگاوی نا و ڕێگای سەرەکیی سووریا - عێراقیان کۆنترۆڵ کرد، دواتر فیرقەی 9ی سوپای عێراق لەگەڵ فیرقەی ئیمام عەباسی قیتالی گوندی سەحاجی و زنجیرە چیاکانی عەتشانەیان کۆنترۆڵ کرد کە دەکەوێتە پشتەوەی بەری ڕاستی مووسڵ.

ئەو ناوچەیە دەرچەیەکی دیکەی هەڵاتنی چەکدارانی داعش بوو.

بەپێی زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقیش، ئەبوبەکر بەغدادی چەند جارێک لەڕێگەی زنجیرە چیاکانی عەتشانە و ناوچە بیابانەکانی نێوان مووسڵ و تەلعەفەرەوە هاتوچۆی مووسڵ و سووریای کردووە، بە داخستن و کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو ڕێگایە هیچ دەرگا و دەرچەیەک لەپێش هەڵاتنی چەکدارانی داعش نەمایەوە جگە لە خۆبەدەستەوەدان یان شەڕکردن تا مردن، بەڵام 99%ی چەکدارانی داعش ڕێگەی دووەمیان هەڵبژارد.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ڕۆیتەرز، لە ڕۆژانی سەرەتای ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی مووسڵ، ئێران گوشارێکی زۆری بۆ حکومەتی عێراق هێنابوو شارەکە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدەن، حکومەتی عێراقیش دواجار چووەتە ژێر باری داواکەی تاران و هەر ئەمەش کاریگەریی بەرچاوی لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچوونی ئۆپەراسیۆنەکە و قورسبوونەوەی جەنگی مووسڵ داناوە.

ئەو تەکتیکەی سەرەتا لە ئۆپەراسیۆنەکانی گرتنەوەی چەندین شاری عێراقدا بەکارهێنرابوو کە ڕێڕەوێک بە کراوەیی دەهێڵرایەوە بۆ ئەوەی چەکدارانی داعش یان خەڵکی سڤیلی شارەکان بتوانن دەربچن، دەیتوانی ئۆپەراسیۆنی مووسڵ خێراتر و ئاسانتر بکات.

بەرپرسێکی کورد کە لە دانانی پلانی جەنگی مووسڵدا بەشدار بووە، بە (ڕۆیتەرز)ی ڕاگەیاندووە "پلانی سەرەتاییمان ئەوە بوو لە ڕۆژئاوا (واتە ڕۆژئاوای مووسڵ) کۆریدەرێک بۆ ڕاکردنی چەکدارانی داعش بکەینەوە، بەڵام حەشد سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو کەلێنەش بگرن" و ڕێگە نەدەن چەکدارانی داعش بەرەو سووریا ڕابکەن. ئەمەش ڕێک ئەو شتەیە کە تاران دەیویست، ئێران نەیدەویست لەم قۆناغەدا گوشاری داعش لەسەر سوپای بەشار ئەسەد، سەرۆکی سووریا، زیاد بکات.

کاتێک داعش لە مووسڵ گەمارۆ درا، بە مەزەندەی فەرماندە سەربازییەکانی سوپای عێراق نزیکەی 1500 چەکداری لەنێو شارەکەدا مابوون و زیاتر لە 12 گەڕەک هێشتا کۆنترۆڵ نەکرابوونەوە. داعش پاش گەمارۆدانی، هەوڵی زۆری دا لە ناوچەی حلێلە و بادووشەوە ڕێگایەکی هەڵاتن بۆ بەشێک لە ئەمیرەکانی بکاتەوە، بەڵام هەوڵەکانی سەری نەگرت، بۆیە بیریان لە ڕێگایەکی دیکە کردەوە کە ئەویش بەکارهێنانی خەڵک بوو وەکو قەڵغانی مرۆیی، چەند جارێک ئەو کارەیان کرد تاوەکو هێرشەکان ڕابگرن، ئەم هەوڵەیان تاڕادەیەک سەری گرت و هێرشەکان لە هەندێ میحوەرەوە بەتەواوی ڕاگیران، وەکو میحوەری پۆلیسی فیدراڵی.


هێزە عێراقییەکان پەنجەی پەشیمانی دەگەزن کە پلانی ئەمریکایان وەکو خۆی جێبەجێ نەکرد
(فۆتۆ: ڕووداو)

ئێستا هەموو هێزە عێراقییەکان پەنجەی پەشیمانی دەگەزن کە پلانی ئەمریکایان وەکو خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەو قسەیەم چەندینجار لە فەرماندەکانی سوپای عێراقەوە بیستووە، چونکە ئەگەر ڕێگەی هەڵاتن لە چەکدارانی داعش نەگیرابا، ئەوە شەڕی مووسڵ بە کاتێکی و کەمتر و قوربانییەکی کەمتر تەواو دەبوو.

هێشتا نزیکەی 100 هەزار کەس لەناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش گیریان خواردووە، دۆخیان هێندە خراپە ئاوی خواردنەوەیان دەستناکەوێت و نەخۆشیی لەنێویاندا بڵاوبووەتەوە، خواردنیان چنگ ناکەوێ و پەنایان بردووەتە بەر خواردنی گژوگیا.

هێزە عێراقییەکان دەیانەوێ بەهەر نرخێک بێت مووسڵ کۆنترۆڵ بکرێتەوە، بۆیە ڕۆژی 2017/5/27 قۆناغی سێیەمی کۆنترۆڵکردنەوەی بەری ڕاستی مووسڵ دەستی پێکرد، هێرشەکەش سەرەتا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی زەنجەلی دەبێت، دواتر گەڕەکی شیفا و پاشان گەڕەکی تەندروستی. دوایین گەڕەکیش کە کۆنترۆڵ دەکرێتەوە، گەڕەکی مووسڵی کۆنە کە مزگەوتی نووری لێیە، ئەو مزگەوتەی ئەبوبەکر بەغدادی خەلافەتی داعشی تێدا ڕاگەیاند و بە کەوتنی ئەو مزگەوتە کۆتایی سەردەمی داعش لە مووسڵ ڕادەگەیەنرێ.

ئابووری
ڕووداو
ژمارە ( 459 ) - دووشەممە 2017/5/29




## بانکی ناوەندیی عێراق لق لە کوردستان دەکاتەوە

ڕووداو- هەولێر

دوای ساڵێک گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بانکی ناوەندیی عێراق بڕیاریدا سەرەتای مانگی داهاتوو لق لە هەولێر و پاشان لە سلێمانی بکاتەوە. بانکی ناوەندی عێراق/ لقی هەولێر لە ئاگادارینامەیەکدا، کۆمەڵێک هەلی کاری بۆ لقە نوێیەکەی لە هەولێر ڕاگەیاندوون. سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کردنەوەی لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی دەبێت کە لقەکانی دیکەی بانکەکە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق هەیانە". بەڵام ئەو سەرچاوەیە بێئاگایی خۆی لە چارەنووسی لقی سلێمانی بانکی ناوەندی هەرێم ڕاگەیاند.

### دوو مانگە کەوتووەتە بازاڕ

# 5 ملیۆن دۆلاری هەرێمی کوردستان بۆ سپینەر چووەتە دەرەوە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بازرگانانی هاوردەکردنی یارییە ئەلیکترۆنییەکان دەڵێن، جۆرە ئامێرێکی یاریکردن کە تەنیا دوو مانگە گەیشتووەتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان، خواستێکی زۆری لەسەرە و مەزندە دەکەن 4 ملیۆن دانەی لێ هێنرابێتە کوردستان و بەو هۆیەشەوە پێنج ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی ئەو ئامێرە چووەتە دەرەوە.

سپینەر (fidget spinner) یارییەکی نائەلیکترۆنییە و بریتییە لە ئامێرێکی خولاوەی سێ باڵی یان زیاتر کە لە ناوەڕاستەکەیدا بۆڵبەرینێک هەیە. باڵەکان زۆر خێرا دەخولێنەوە و شێوەیەکی جوان دەبەخشن. ئامێرەکە لە قەبارە و شێوەدا جۆراوجۆرە، هەندێکیان پلاستیکن و هەندێکیشیان لە ئاسن یان ئەلەمنیۆم و مادەی دیکە دروستکراون، هەر بۆیە نرخیشیان جیاوازە.

ئەم ئامێرە نزیکەی دوو مانگە گەیشتووەتە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان و خواستێکی زۆری لەسەرە و بڕێکی زۆری لێ هاوردەکراوە.

محەممەد پشتیوان، خاوەنی سەنتەری هیوا بۆ فرۆشتنی ئامێری یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە شاری هەولێر، دەڵێت لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا 250 هەزار دانە لە ئامێری سپینەری لەدوبەیەوە هێناوەتە کوردستان.

محەممەد گوتی "سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەشێوەیەکی زۆر خێرا خواست لەسەر ئەو ئامێرە دروستبوو، ڕۆژانە تەنیا لە شاری هەولێر نزیکەی 20 هەزار دانەم بە دوکاندارەکان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا بەهۆی زۆر بوونی لە بازاڕ کەمێک خواست لەسەری کەمبووەتەوە و ڕۆژانە 4 بۆ 5 هەزار دانە دەفرۆشم".

محەممەد پشتیوان ئەو ئامێرە بە بازرگان و خاوەن پێشەنگاکانی پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆک و کەرکووک و بەغداش دەفرۆشێ، هەندێکی هەناردەی ئێران دەکات، بۆیە زانیاریی باشی لە بارەی کڕین و فرۆشتنی ئەو یارییە هەیە و دەڵێت "هەر زوو ژمارەیەکی زۆر لە بازرگانان ڕوویان لە هاوردەکردنی ئەم ئامێرە کرد، بەماوەیەکی کەم بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان پڕ بوو لەم یارییە، بۆیە بە مەزەندەی من لەو ماوەیە نزیکەی 4 ملیۆن دانە ئامێری سپینەر بە بەهای 5 ملیۆن دۆلار هاوردە کراوە".

محەممەد تاوەکو ئێستا حەوت وەجبە لەو یارییەی هاوردە کردووە و دەڵێت "تاوەکوو ئێستا بای 400 هەزار دۆلار سپینەرم هاوردە کردووە، 10 ڕۆژ لەمەوبەر بای 130 هەزار دۆلار سیپێنەرم هاوردەکرد کە 80 هەزاری لە جۆری سادە بوو، ئەوانی دیکەش گرانبەها بوو، دوایین وەجبەش 30 هەزار دانەم هاوردە کردووە".

ئەو سپینەرانەی محەممەد و بازرگانانی دیکەی لە ئیمارات و چین هاوردەیان دەکەن نرخی جوملەیان لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان لە 85 سەنت دەستپێدەکات تاوەکوو دەگاتە 8.5 دۆلارە، بەڵام نرخی دانەیان لە بازاڕەکان بەگوێرەی کواڵێتیان لە 1500 دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 15 هەزار دینار. لە مۆڵەکانیش نرخیان لە نێوان 20 — 25 دۆلار دایە.

محەممەد ئاماژەی بە نرخی هەندێک لە سپینەرەکان کرد و گوتی سپینەر شێوە و جۆری زۆرە، نرخی جوملەی ئەوانەی لەپلاستێک دروستکراون لە 85 سەنتەوە دەست پێدەکات تاوەکوو دەگاتە دوو دۆلار، بەڵام ئەوانەی لە ئاسن و ئەلەمنیۆم دروستکراون نرخی جوملەیان لە نێوان 4 تاوەکوو 8.5 دۆلاردایە".

### بە قاچاخ دەچێتە ئێران.

ئەو یارییە لە ئێران پێیدەگوترێ (فرفرە بی قراری) بەشێک لەو سپینەرانەی دەهێندرێنە کوردستان، جارێکی بە قاچاخ ڕەوانەی ئێران دەکرێن.


بازرگانێک: لەماوەی دوو مانگدا 4 میلۆن دانە سپینەر هێندراوەتە کوردستان

بڕیار کاوە، خاوەن پێشەنگای بڕیار بۆ فرۆشتنی ئامێری یارییە ئەلیکترۆنییەکان لەشاری سلێمانی، ماوەی مانگێکە ئامێری سپینەر هاوردە دەکات و تاوەکوو ئێستا 70 هەزار دانە سپینەری هێناوە و دەڵێت "ئەو جۆرانەی سپینەرانەی هاوردەم کردوون لە جۆری سادەن بە95 سەنت بە نرخی جوملە بەشێکیم بە پێشانگاکانی سلێمانی و بەشەکەی دیکەشم بە بازرگانانی ئێرانی فرۆشتووە، ئەوانیش بە قاچاخ دەیبەن بۆ ئێران.

دەگوترێ ئەو ئامێرە لە ساڵی 1993 لەلایەن ئەندازیارێکی ئەمریکی دروستکراوە، بەڵام ئەمساڵ زۆر بەخێرایی بە جیهاندا بڵاوبووەتەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی بازرگانان پڕوپاگەندەی ئەوەیان کرد کە ئامێرەکە یارمەتیدەکە بۆ کەمکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ڕۆڵی هەیە لە ئارامکردنەوەی مێشک. هەروەها دوورخستنەوەی منداڵان لە خووی خراپ وەکو قرتاندنی نینۆک و پەنجە مژین، بۆیە ئەم ئامێرە لەجیهاندا بەئامێری ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ ناوی دەرکردووە.

بەختیار محەممەد، خاوەنی پێشەنگای بەختیار بۆ فرۆشتنی ئامێری یارییە ئەلیکترۆنییەکان لە بازاڕی نیشتمانی شاری هەولێر دەڵێت لە ماوەی 45 ڕۆژدا 120 هەزار دانە ئامێری سپینەری هاوردە کردووە، بە جوملە بە دووکاندارەکانی فرۆشتووەتەوە. ئەو دەڵێت هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووە لەو بارودۆخە ئابوورییەی هەرێمی کوردستان خواست لەسەر ئەم ئامێرە سادەیە دروست بێت و بەقازانجی باشەوە لەماوەیەکی کەم ساغ ببێتەوە.

بەختیار گوتی "وەجبەیەک 37 هەزار دانەم هێنا، سادەکەیم بە دۆلارێک و 20 سەنت بەجوملە فرۆشت، خاوەن پێشەنگاکان نۆرەیان گرتبوو، هەر لەکۆگا تەواوبوو، بۆیە هاوڕێکانم دەیانگوت ماڵەکەت هەزرانفرۆش کردووە". بە گوتەی بەختیار ئێستا هەرزانترین سپینەر لە بازاڕەکانی کوردستان بە 1500 دینارە.

سەبارەت بە بازاڕی ئێستای سپینەر، بەختیار دەڵێت "بازاڕەکە وەکو سەرەتا نییە، چونکە ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە بازارگانان هاوردەی دەکەن و خەڵکێکی زۆریش بە گەورە و بچووک ئەو ئامێرەیان کڕیوە". گوتیشی "سەرەتا خواستی زۆری لەسەر بوو، بازرگان هەبوو ئامێری مۆبایلی هاوردە دەکرد کە بینی بازاڕی ئەو ئامێرە گەرمە، وازی لە ئامێری مۆبایل هێنابوو، سپینەری لە دەرەوە دەهێنا، بەڵام ئێستا بە نرخی خۆشی بۆی ساخ نابێتەوە".

بەختیار لە بارەی ژمارەی ئەو ئامێرانەی پێشتر هاوردە کراون دەڵێت "لەو دوو مانگەدا نزیکەی 4-5 ملیۆن سپینەر هاوردەکراون، کە نرخی سادەکەی لە چین بەکڕین و گواستنەوەوە نزیکەی 85 سەنت دەکەوێت، هەندێکجۆریش نرخەکەیان 8 دۆلار لەسەر ئێمە وەستاوە، بۆیە دەتوانم بڵێم لە ماوەی دوو مانگدا بای پێنج ملیۆن دینار سپینەر هاوردەکراوە".

بەختیار محەممەد پێیوایە چوونە دەرەوەی ئەم پارەیە لەو بارودۆخەدا زیاد بە ئابووریی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێ و دەڵێت "ڕاستە بازاڕ ئازادە، بەڵام هاوردەکردنی یارییەکی وا بێسوود بەم بڕە پارە زۆرەیە جگە لە زیانگەیاندن بە ئابووریی هەرێمی کوردستان، هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە، بۆیە پێویستە حکومەت چاودێری زیاتر بخاتە سەر بازرگانان و هانیان بدات شتی بێسوود هاوردە نەکەن".

### "بەشێکی ئەو بێ بازاڕییە بەهۆی گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکانەوەیە بۆ زێدی خۆیان"

# مۆڵەتی دروستکردنی باڵەخانە و خانوو 62 % کەمی کردووە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی پلاندانان دەڵێت بەهۆی قەیرانی داراییەوە، جووڵەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمی کردووە. بەوهۆیەشەوە وەرگرتنی مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانەی نوێ بەراورد بە پێشتر بە ڕێژەی 62% کەمی کردووە. ئەمەش نرخی زەوی و خانووی دابەزاندووە.

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە نۆ ساڵی ڕابردوودا 189 هەزار و 603 مۆڵەتی بینا لە هەرێمی کوردستان بۆ دروستکردنی خانووی نوێ، تێکدان و نۆژەنکردنەوە، باڵەخاڵەی نیشتەجێبوون، بازرگانی و میوانخانە و بینای میری وەرگیراوە.

لە ئامارەکەدا دەردەکەوێ تاوەکو ساڵی 2012 ژمارەی مۆڵەتەکان لەهەڵکشاندا بووە بەجۆرێک لە 16هەزار مۆڵەتەوە بۆ 29 هەزار مۆڵەت زیاد بووە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی قەیرانی دارایی ژمارەی مۆڵەتەکانیش لە 29 هەزارەوە بۆ 11 هەزار مۆڵەت کەمی کردووە، واتە بەڕێژەی 62%.

سیروان محەممەد، سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان دەڵێت "پێشتر ساڵانە حکومەت بودجەیەکی باشی بۆ پێشینەی خانووبەرە و پاڵپشتی پرۆژەکانی نیشتەجێکردن تەرخان دەکرد، ئەو پاڵپشتیانەش بووبوونە هۆی ئەوەی ئەم کەرتە ڕۆڵی گرنگ لە بەگەڕخستنی دەستی کار و کەمکردنەوەی بێکاری ببینێ، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی حکومەت نەیتوانی لەسەر پاڵپشتییەکانی بەردەوام بێت، بۆیە ئەم کەرتەش پاشەکشێی کرد".

بەپێی ئامارەکەی دەستەی ئامار، لە ماوەی نۆ ساڵی ڕابردوودا زۆرترین مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە ساڵی 2012 تۆمارکراوە کە 29 هەزار مۆڵەت بووە، کەمترینیشی لە ساڵی ڕابردوو بووە کە 11 هەزار مۆڵەت بووە.

بەپێی ئامارەکە، لەو 189 هەزار مۆڵەتەی لە نۆ ساڵی ڕابردوودا وەرگیراون، 54 هەزار و 141 مۆڵەتیان بۆ دروستکردنی خانووی نوێ بووە، پشکی شێریش ( 23 هەزار و 449 مۆڵەت) بەر پارێزگای هەولێر کەوتووە.

سیروان محەممەد، گوتی "شاری هەولێر بە حوکمی پێگە سیاسی و کارگێڕی جوگرافییەکەی کە پایەتەختی هەرێمی کوردستانە، چاوی زیاتری وەبەرهێنەرانی لەسەر بووە، بۆیە پرۆژەی نیشتەجێبوونی زیاتری لێکراوە".

بەپێی داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، لە نێوان ساڵانی 2008 تاوەکو 2013 گەشەیەکی بەرچاو لە جووڵەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە 15 پارێزگاکەی عێراق هەبووە، بە جۆرێک لەو ماوەیەدا 336.963 مۆڵەتی دروستکردنی خانوو و باڵەخانە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دراون کە 144.845 مۆڵەت (43%) لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە.

سیروان محەممەد، دەڵێت "ئەگەر لەڕووی داهاتەوە لە بابەتەکە بڕوانین، دانیشتووانی پارێزگاکانی عێراق هاوشێوەی دانیشتووانی کوردستان لەم ماوەیەدا لە داهاتی گشتی سوودمەند بوون، بەڵام ئەوەی جیاوازییەکەی دروستکردووە، سەقامگیری هەرێمی کوردستان و ئاسانکاریی حکومەت بووە بۆ وەبەرهێنەران، کە بووەتە هۆی ئەوەی وەبەرهێنی زیاتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن".

### بازاڕی خانووبەرە کزە

قەیرانی دارایی کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە هەبووە، بە جۆرێک لە هەندێک شوێن نرخی خانوو و زەوی بە ڕێژەی زیاتر لە 50% دابەزیوە.


نرخی خانوو لە کۆمەڵگە نوێیەکان بە ڕێژەی 50% دابەزیوە (فۆتۆ: ڕووداو)

پشتیوان عەبدوڵڵا، خاوەنی نووسینگەی هاونار، بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو دەڵێت "قەیرانی دارایی کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕی ئێمە هەبووە، بۆ نموونە پێشتر نرخی زەوییەکی 250 مەتری لە گەڕەکێکی وەکو 32ی پارک لە هەولێر 160 هەزار دۆلار بوو، بەڵام ئێستا 85 هەزار دۆلارە، نرخی زەوییەکی 250 مەتری بەبێ خزمەتگوزاری لە سێبەردان 40 هەزار دۆلار بوو، ئێستا 15 هەزار دۆلارە".

بە گوتەی پشتیوان، نرخی ئەو زەویانەی کە خزمەتگوزارییان هەیە لە گەڕەکە نوێیەکان بە ڕێژەی 50% دابەزیوە، ئەوانەی بێ خزمەتگوزارین یان هێشتا کارتن بە ڕێژەی 65% تاوەکوو 70% دابەزیوە. نرخی خانووش لە زۆربەی گەڕەکەکان 40% تاوەکوو 45% دابەزیوە.

سستبوونی بازاڕی خانووبەرە وای لە چەندین بازرگان و خاوەن نووسینگە کردووە کە دەستبەرداری ئەو بازرگانییە ببن. پشتیوان دەڵێت "کەسی وا دەناسم پێشتر سەرمایەکەی ملیۆنێک دۆلار بوو، بەڵام بەهۆی دابەزینی نرخی خانوو زەرەری زۆری کردووە و ئێستا خاوەنی 20 هەزار دۆلار نییە".

پشتیوان عەبدوڵڵا دەڵێت بەشێکی ئەو بێ بازاڕییە دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە عەرەبەکان بۆ زێدی خۆیان "گەڕانەوەی ئاوارەکان ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دابەزینی نرخی کرێ و جووڵەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو، چونکە پێشتر خانوویەکی زۆر تەنیا بۆ کرێ دروستکراون، ئێستاش زۆربەیان چۆڵن و کڕیاریشیان نییە".

کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام، 18 نووسینگەی لە هەولێر هەیە، مانگانە بەدواداچوون بۆ دابەزین و بەرزبوونەوەی نرخی خانوو و باڵەخانە و زەوی کشتوکاڵی و ڤێلا دەکات و داتاکان بڵاودەکاتەوە.

بەپێی بەراوردێکی کۆمپانیاکە بۆ تێکڕای گۆڕانکاری لە نرخەکان لە مانگی ئاداری ساڵی ڕابردوو لەگەڵ ئاداری ئەمساڵ، دەردەکەوێت تێکڕای نرخی موڵکی بازرگانی لە شەقامە سەرەکییەکانی هەولێر 3% دابەزیوە، تێکڕای نرخی دۆنمێک زەویی کشتوکاڵی لە ڕێگا سەرەکییەکانی هەولێر 13% دابەزیوە. تێکڕای نرخی زەوی و خانووش بەگوێرەی شوێنەکان 1% تاوەکو 3% دابەزیوە.

موخلیس حاجی محەممەد، بەڕێوەبەری لقەکانی کۆمپانیای عەقاراتی حاجی سەلام، دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی نرخی زەوی و خانوو لە گەڕەکە کۆنەکان بەراورد بە پێش قەیرانی دارایی بەڕێژەی 30% تاوەکوو 35% دابەزیوە. لە ستی و کۆمەڵگا و گەڕەکە نوێیەکانی دوور لە شاریش بەڕێژەی 40% تاوەکوو 50% دابەزیوە، نرخی زەوی و باڵەخانە بازرگانییەکانیش بەتایبەت لە شەقامە سەرەکییەکان بەڕێژەی 35% تاوەکوو 40% دابەزیوە. نرخی ئەو زەویانەش کە خزمەتگوزارییان بۆ نەچووە و دوورەشارن، بە ڕێژەی 60% تاوەکو 65% دابەزیوە".

موخلیس حاجی محەممەد دەڵێت "ئێستا جووڵەیەک لە کڕین و فرۆشتنی خانوو و زەوی لە هەندێ شوێن هەیە، بەڵام زۆر لاوازە، لەو شوێنانەشی کە خزمەتگوزارییان نییە، یان پرۆژەی تەواو نەکراون، کڕین و فرۆشتن وەستاوە".



# ڕێککەوتنی ئۆپێک هەولێر و بەغدا نزیک دەکاتەوە

"بەرپرسیارێتیی عێراق لە کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان نابێتە مایەی ناکۆکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕەنگە هەلی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی نەوتیش بڕەخسێنێ"



عومەر ئەحمەد

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخت یاوەری بووە، ئەمجارە عێراق وەزیرێکی نەوتی هەیە کە تێگەیشتنێکی باشی بۆ کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان هەیە و وەک وەزیرەکانی پێشوو بە ئاشکرا دژایەتی ناکات. عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق کە کەسێکی تەکنۆکراتە و پێشتر بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکوور بووە، ڕایگەیاند کە ئامادەیە دوای ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، کێشەکانی تایبەت بە نەوت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات.

لعێبی نەک تەنیا تۆنی دەنگی جیاوازە سەبارەت بە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان و وەک وەزیرەکانی پێشوو هەڕەشە لە کوردستان ناکات، بەڵکو لە دوایین هەڵوێستیدا، ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو لە کاتی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئۆپێک لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا، ڕایگەیاند کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر باشە و هەماهەنگییەکان بەردەوام دەبن.

کۆبوونەوەکەی ئۆپێک تایبەت بوو بە درێژکردنەوەی ڕێککەوتنی کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک کە عێراقیش بە 210 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە بەشداری لەو کەمکردنەوەیەدا کردووە. لعێبی هەوڵ دەدات لەو 210 هەزار بەرمیلە، هەرێمی کوردستان بڕێکی لەئەستۆ بگرێت.

هەندێ هۆکار هەن کە وا دەردەخەن تەنانەت درێژکردنەوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک ناتوانێت ڕێگری بکات لە باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و پێدەچێت هەردوولایەن بگەنە ڕێککەوتنێکی نوێ کە نە تەنیا بوار بە عێراق بدات ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک جێبەجێ بکات، بەڵکو هاوکات کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان زیان بە داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستانیش نەگەیەنێت.

بڕیارە وەزیری نەوتی عێراق سەردانی هەرێمی کورستان بکات و یەکێک لە بابەتەکانی کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێمی کوردستان، کەمکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتە لە عێراق بە گشتی.

دوو گۆڕانکاری لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستاندا ڕوویانداوە کە بە ئەگەری زۆر یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بە ئاسانی بتوانێت لەگەڵ عێراق لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی هەناردەکردنی نەوت لەڕێی بۆڕی کوردستان-جەیهانەوە ڕێککەوێت.

یەکێک لەو هۆکارانە کەمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی تەقتەقە کە وای کردووە کۆی گشتیی بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان خۆی لە خۆیدا بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک کەم بکات.

کێڵگەی نەوتی تەقتەق لەساڵی 2016 و پێش ئەوەی ڕێککەوتنەکەی ئۆپێک بڕواتە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕۆژانە 53 هەزار بەرمیل نەوتی بەرهەمهێناوە، کەچی لەگەڵ دەستپێکی ساڵی 2017 ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگەیە مانگانە کەم دەکات. لە کێڵگەی تەقتەق لە مانگی یەکی ساڵی 2017 دا ڕۆژانە تەنیا 33 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمهاتووە و لە مانگی چواریشدا کە نوێترین داتای ئەو کێڵگەیە بڵاوبووەتەوە، دەریدەخات ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو کێڵگەیە دابەزیوە بۆ ڕۆژانە 18 هەزار بەرمیل.

هەرچەندە دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی تەقتەق و تەنانەت ئەو یەدەگە نەوتەش کە هەیەتی، ناخۆشترین ڕووداوی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستانە لەساڵی 2017 دا، بەڵام دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو کێڵگەیە یارمەتیدەرێکی خۆڕسکە کە هەرێمی کوردستان ئۆتۆماتیکی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بە گشتی کەم دەکاتەوە لەو 210 هەزار بەرمیلە ڕێژەیەکی وەردەگرێت.

هۆکاری دووەمیش ئازادبوونی شاری مووسڵە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی شاری مووسڵ، عێراق جارێکی دیکە ناچارە پێداویستیی ئەو پارێزگایە بە بەرهەمە نەوتییەکانی وەک بەنزین و گازوایل دابین بکات. ژێرخانی پاڵاوتنی نەوتیش لە عێراق دوای لەکارکەوتنی پاڵاوگەی بێجی وێران و سنووردار بووە. لەبەر ئەوەش بە ناچاری حکومەتی عێراق داوای لە پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ئەوەی نەوتیان پێبدات و پاڵاوگەکان بیکەنەوە بە بەرهەمی نەوتی و بڕێک لە پێداویستییەکانی مووسڵ دابین بکەن.

ساڵی ڕابردوو، وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ڕێککەوتنێکی هەبوو بۆ هەناردەکردنی ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لەڕێی بۆڕیی نەوتی کوردستانەوە، لە بەندەری جەیهانیش ئەو بڕە نیوە دەکرا لە نێوانیاندا. بەڵام دوای ڕێککەوتنی نوێی وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ پاڵاوگەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا ئەو بڕە نەوتەی کە لەڕێی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە لە کێڵگەکانی نەوتی باکوور هەناردە دەکرێت، دابەزیوە. پێش ئەوەی نەوت بدرێتە کۆمپانیای کار گرووپ بۆ ئەوەی بپاڵێورێت بۆ مووسڵ، ڕۆژانە 150 هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەکانی نەوتی باکوور لەڕێی بۆڕی کوردستانەوە هەناردەی بەندەری جەیهان دەکرا. بەڵام ئێستا نزیکەی 100 هەزار بەمیل هەناردە دەکرێت و ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیلیش دەدرێتە پاڵاوگەی کار گرووپ.

کەواتە هەناردەی نەوتی عێراق لەڕێی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان-جەیهان بەگشتی ئەگەر ئەژماری بکەین، بەهۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی تەقتەق و پاڵاوتنی ناوخۆیی، ڕۆژانە نزیکەی 70 تا 80 هەزار بەرمیل کەمیکردووە، ئەمەش بەو مانایەیە کە عێراق لە باشوور پێویستە نزیکەی 120 تاوەکو 130 هەزار بەرمیل لە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی بەڵێنەکانی بە ئۆپێک لە کەمکردنەوەی ڕۆژانە 210 هەزار بەرمیل جێبەجێ بکات.

وەزیری نەوتی عێراق وەک خۆی جارێک لە وتووێژێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندووە، لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دۆست و برادەرە و پێکەوە لە ڕابردوودا کاریان کردووە. دوای سەردانەکەشی بۆ هەولێر، پێدەچێت پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنانەت بەهێزتر ببن و ڕێگە بۆ ڕێککەوتنێکی درێژخایەن خۆشبکرێت. لەبەر ئەوە بەرپرسیارێتیی عێراق لە کەمکردنەوی ئاستی بەرهەمهێنان نابێتە مایەی ناکۆکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەڵکو ڕەنگە هەلی چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرتی نەوتیش بڕەخسێنێ.

# بۆچی ئۆپێک ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی نەگۆڕی؟



کاردۆ کەمال

هەروەک پێشتر پێشبینیمان کردبوو، کۆبوونەوەکەی ئۆپێک هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر نرخی نەوت دروست ناکات، چونکە ئێستا سەرکردایەتیکردنی بازاڕی نەوت بەدەست ئەمریکاوەیە، نەک ئۆپێک.

پێشتر بەشێک لە بازرگانان و وەبەرهێنەرانی بازاڕی وزە پێشبینییان دەکرد ئۆپێک هەوڵەکانی زیاتر چڕبکاتەوە بۆ کەمکردنەوەی زیاتری ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، بەشێک لە وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک هەوڵیان دەدا کۆدەنگییەک دروست بکەن بۆ درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە بۆ 12 مانگی دیکە، هەروەها سندوقەکانی وەبەرهێنان لە بواری وزەدا پێیانوابوو ئۆپێک بە بڕی 200 تا 350 هەزار بەرمیلی دیکە ڕۆژانە لە بەرهەمهێنانی نەوت کەم دەکاتەوە، بەڵام ئەنجامی کۆبوونەوەکە پێچەوانە دەرچوو، ئۆپێک نەک تەنیا نەیتوانی ڕێککەوتننامەکە بۆ 12 مانگی دیکە درێژبکاتەوە، بەڵکو ڕێککەوتننامەکەی تەنیا بۆ 9 مانگی دیکە بەهەمان ناوەڕۆکەکەی پێشووەوە درێژکردەوە، ئەمەش بازرگانان و وەبەرهێنەرانی بازاڕی وزەی نائومێد کرد، هەر بۆیە لەگەڵ ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی کۆبوونەوەکەی ئۆپێک نرخی نەوت بەڕێژەی 5% دابەزی.

شرۆڤەکارانی بانکی بارکلیس پێیانوابوو لە ڕێگەی کەمکردنەوەی زیاتری ئاستی بەرهەمهێنان، لە توانای ئۆپێکدا هەیە کە ئەو نەوتە زیادەیەی لە بازاڕدا هەیە، کەمی بکاتەوە و لەماوەی پێنج ساڵدا هاوسەنگیی تەواو بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێنێتەوە.

بەڵام بەشێکی دیکە لە شرۆڤەکارانی بازاڕە داراییەکان پێیانوابوو ئەگەر ئۆپێک ئاستی بەرهەمهێنانی زیاتر کەمبکردایەتەوە، ئەوا نرخی نەوت تەنیا لەسەر ئاستی کورتخایەن بەرز دەبووەوە و لەسەر ئاستی درێژخایەن دووبارە نرخی نەوت دادەبەزییەوە و ئۆپێکیش پشکەکانی بازاڕی بۆ ئەمریکا لەدەستدەدا.

ئەگەر تەماشای ئامارەکانی کەرتی نەوتی ئەمریکا بکەین، دەبینین لە ناوەڕاستی ساڵی 2016دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەڕێژەی 10% بەرز بووەتەوە بۆ سەرووی 9.3 ملیۆن بەرمیل، ئەم ئاستەش نزیکە لەهەمان ئاستی بەرهەمهێنانی سعودیە و ڕووسیا.

شرۆڤەکارانی بانکی گۆڵدمەن ساکس پێشبینی دەکەن لە کۆتایی چارەگی یەکەمی ساڵی 2018 مەترسییەکی گەورە ڕووبەڕووی کەرتی نەوت ببێتەوە، چونکە ئەوکات ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێک کۆتایی دێت و بەجێگیربوونی سەرجەم فاکتەرەکان، ژمارەی سەکۆ نەوتییەکانی ئەمریکا دەگاتە بەرزترین ئاستی. ئەوکات گوشارەکانی سەر نرخی نەوت زیاتر دەبێت و ئۆپێکیش دەبێت ڕێگەچارەیەکی دیکە بدۆزێتەوە بۆ گەڕانەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت.

لەم گرافیکەدا دەردەکەوێت کە 8 ڕۆژ بەر لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکەی ئۆپێک لە ڤیەننا لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو، کاریگەریی ئەنجامەکە لەسەر نرخی نەوت دەرکەوتووە، بازرگانان پێشبینی درێژکردنەوەکەیان کردبوو، ئەمەش گرێبەستەکانی کڕینی نەوتی لە بازاڕدا زیاد کرد و نرخی نەوتی برێنتی بۆ سەرووی 54 $ بۆ هەر بەرمیلێک بەرزکردەوە.

بازاڕ لە 51.20 دۆلاردا نرخی درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی بۆ نۆ مانگی دیکە وەرگرت و لە 54.68 دۆلاردا نرخی درێژکردنەوەی ڕێککەوتننامەکەی بۆ 12 مانگی دیکە وەرگرت، هەر بۆیە کاتێک ئۆپێک بڕیاری دا ڕێککەوتننامەکە بۆ نۆ مانگ درێژ بکاتەوە، ڕاستەوخۆ نرخی نەوت لە 54 دۆلارەوە دابەزی بۆ 51 دۆلار. پاشان ڕۆژی هەینی ڕابردوو نرخی نەوتی برێنت توانی قەرەبووی بەشێکی ئەو دابەزینە بکاتەوە و لە ئاستی 52.26 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک جێگیربێت.

لێرەدا پرسیاری گرنگ ئەوەیە بۆچی ئۆپێک هەوڵ نادات لەگەڵ ئەمریکا ڕێکبکەوێت بۆ ئەوەی هاوسەنگی بۆ بازاڕی نەوت بگەڕێتەوە؟

ئەگەر تەماشای بازاڕی نەوتی ئەمریکا بکەین، دەبینین کەرتی تایبەت بازاڕی نەوت بەڕێوەدەبات، هەر بۆیە دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا هیچ سوودێکی نییە و دەسەڵاتی حکومەتی ئەمریکا بەسەر کۆمپانیا نەوتییەکانی ئەو وڵاتەدا زۆر سنووردارە.

کەواتە دەبێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا بگەڕێین کە لەدوای 9 مانگی دیکە و کۆتایی وادەی ڕێککەوتننامەکەی ئۆپێک چی ڕوودەدات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دەبێت تەماشای قەبارەی گرێبەستەکانی کڕینی نەوت و ستراتیژی کۆمپانیا نەوتییەکان و ئامارەکانی گەشەکردنی خواست لەسەر نەوت بکەین لەلایەن وڵاتانی زلهێزی بەکاربەری نەوتەوە.

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی تۆمارکردنی گرێبەستەکانی کڕینی نەوت لە بازاڕە داراییەکان، زۆربەی گرێبەستەکانی کڕینی نەوت لەلایەن بازرگانانەوە تاوەکوو کۆتاییەکانی ئەمساڵە، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ناڕوونییەکی زۆر هەیە لە بازاڕی نەوتدا، هەربۆیە سندوقەکانی وەبەرهێنان لە نەوتدا هەوڵ دەدەن بەشێکی سەرمایەکانیان لە کانزا سەلامەتەکانی وەک زێڕ و بازاڕی قەواڵەکان بەگەڕبخەن بۆ ئەوەی ئەگەر ئەندامانی ئۆپێک لە کۆتایی چارەگی یەکەمی 2018 ڕێککەوتننامەکەیان بۆ جاری سێیەم درێژ نەکردەوە، ئەوا ئەو زیانەی کە نرخی نەوت تۆماری دەکات، نرخی زێڕ و قەواڵەکان بۆیان قەرەبوو بکاتەوە و بەو شێوەیەش سندوقەکانی وەبەرهێنان لە نەوتدا خۆیان دەپارێزن لەو ناڕوونییەی کە لە بازاڕدا هەیە.

بەشێک لە شرۆڤەکارانی بازاڕی وزە پێیانوایە لە کۆتایی سێ مانگی یەکەمی ساڵی داهاتوودا ئەندامانی ئۆپێک بۆ جاری سێیەم لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی دەرەوەی ڕێکخراوەکە ڕێککەوتننامەکە تاوەکوو کۆتایی 2018 درێژدەکەنەوە، ئەمەش تا ڕادەیەک دڵنیایی دەداتە بازرگانان کە بازاڕی نەوت لە ساڵی داهاتوودا سەقامگیر دەبێت.

ئۆپێک بە وردی چاودێریی گەشەکردنی خواست دەکات لەسەر نەوت، لاوازبوونی گەشەکردنی ئابووریی چین کە بە دووەم زەبەلاحترین بەکاربەری نەوت لە جیهاندا دادەنرێت، کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی ئابووریی جیهان و دابەزینی نرخی نەوت دروست کردووە، هەربۆیە بەشێک لە شرۆڤەکاران پێیانوایە ئۆپێک ڕێککەوتننامەکە تا ئەوکاتە درێژ دەکاتەوە کە خواست لەسەر نەوت بەبڕی 1.5 ملیۆن تاوەکوو 1.8 ملیۆن بەرمیل زیاد دەبێت.

**ئاستی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لە مانگی نیسان**
**( هەندێک لە وڵاتان پابەند نەبوون . هەندێک لە وڵاتانیش زیلتر لە ئاستی داواکراویان کەم کردووەتەوە)**




ژمارەکانی ناو چوارگۆشەکان ئاستی کەمکردنەوەیە

* ژمارەکانی لای سەرەوە بڕی داواکراوی کەمکردنەوەیە.

## لەمیا گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە دەڵێت

**ڕووداو- هەولێر / هیوا سەلاح**

لەمیا جەمال، گۆرانیبێژی تونسـی و بەشـداربووی بەرنامەی زە ڤۆیس ماوەی شـەش ساڵە لە هەولێر دەژیت، دەڵێت لە خۆشەویستی خەڵکی هەولێرو پێشمەرگە، گۆرانییەکی بۆ پێشمەرگە کلیپ کردووە. لەمیا بە (ڕووداو)ی گوت "یەکەمین ئاهەنگم لە دوای بەرنامەی زە ڤۆیس لە هەولێر بوو، خەڵکی هەولێر هێندە بە گەرمی پێشوازیان لێکردم، لە هیچ شوێنێک بەو شێوەیە پێشوازیم لێ نەکراوە، ئەمەش وایکردووە خەڵکی هەولێرو کوردستان زۆر خۆشبوێت". لەمیا جەمال هەفتەی رابردوو کۆتایی بە تۆمارکردنی نوێترین ڤیدیۆکلیپی خۆی هێنا، کە بەناوی پێشـمەرگە بوو. ئەو گوتی "پێشـمەرگە ماوەیەکی زۆر دژی تیرۆر دەجەنگێت، بەراستی شانازی دەکەم گۆرانییەک بۆ پێشمەرگە بڵێم، بۆیە بە زمانی عەرەبی و کوردی گۆرانییەکم تۆمار کردووەو لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا بڵاوی دەکەینەوە".



هونەری
ڕووداو
ژمارە (459) - دووشەممە 2017/5/29



### مەلیس بەرچەم، خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو):

# بە داخەوە کە کوردی نازانم

خانمە گۆرانیبێـژی کوردی باکووری کوردسـتان مەلیـس بەرچـەم دەمیر بە داخـە کە زمانـی کـوردی نازانێ و هۆکارەکەشـی بـۆ سیاسـەت دەگێڕێتەوە. ئـەو خانمـە گۆرانیبێژە کە قوتابیی ماسـتەرە لە زانکۆی یڵدز و مامۆستاشـە لـە بنکـەی ڕاهێنانی میوزیکـی میللـی لـە پەیمانـگای بێشیکتاش. لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسـی کارە هونەرییەکانی دەکات و دەڵێـت ئێسـتا بـە نیـازی تۆمارکردنـی گۆرانییەکـی کوردییە کـە پێشـتر لەلایـەن هونەرمەندی کۆچکردوو ئەردەوان زاخۆیی گوتراوە.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
ڕووداو- هەولێر

> سیاسەت نەیهێشت فێری کوردی ببم
>
> گۆرانییەکی ئەردەوان زاخۆیی دەڵێمەوە
>
> کەس سوارچاکی خەونەکانم نییە

**ڕووداو: مەلیس بەرچەم دەمیر، لە زاری خۆیەوە چۆن پێناسەی خۆی دەکات؟**

**مەلیس:** تەمەنم 25 ساڵە، لە شارۆچکەی ئەرگانی گەورە بووم. باوک و دایکم مامۆستان. بەشی هونەر و شانۆم لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی دیجلە تەواو کردووە و ئێستاش قوتابیی ماستەرم لە زانکۆی یڵدز تەکنیک. مامۆستاشم لە بنکەی ڕاهێنانی میوزیکی میللی لە پەیمانگای بێشیکتاش. خولیا و حەزی هونەریم لە تەمەنی منداڵییەوە هەبوو، سەرەتا لە کۆڕاڵەکانەوە دەستمپێکرد و پاشان وەک سۆلیست و کۆریست پلەی، جێگری شێف و بەرپرسی کۆڕاڵەکان بووم.

**ڕووداو: وەکو کچێکی کورد چەندە بەرەوڕووی زەحمەتی بوویتەوە؟**

**مەلیس:** بێگومان وەکو کچێکی کورد بەرەڕووی ڕەخنە و زەحمەتی بوومەتەوە، بەڵام خێزانەکەم کراوەن. دەرکەوتنی ئافرەتێک لە بواری هونەریدا بە تایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئەوەی ڕۆژهەڵات بێگومان بێ ڕەخنە نابێ. ئەگەر ڕەخنەکان لە کەسانی نزیکی خۆشت بێت، تۆزێک قورستر دەبێت. کەمترین ڕەخنە کە ڕاشکاوانە پێیانگوتم، گوتیان تۆ هێندە ساڵ لە تورکیا خوێندت و دواتریش چوویت بۆ ئەمریکا، بۆچی بوارێکی باشتری خوێندنت هەڵنەبژارد، بەڵام ئەوانە دوای ئەوەی منیان لەسەر شانۆ بینی و گوێیان لە دەنگم گرت، بۆچوونیان گۆڕا، تەنانەت ئەو کەسانەی کە ڕەخنەی توندیان لێ گرتبووم، دەستخۆشییان لێکردم و گوتیان کە من بۆ ئەم کارە لەدایکبووەمە و دەکرێت باشترین شت پێشکەش بکەم.

**ڕووداو: جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە، بەنیاز نیت دووبارە بێیتەوە هەرێمی کوردستان؟**

**مەلیس:** بەڵێ، لە دهۆک و هەولێر دوو کۆنسێرتم سازکرد و زۆری پێی خۆشحاڵ بووم. خەڵکی کوردستانم خۆشویست، لە داهاتوویەکی نزیکدا بیر لە دووبارە سەردان و ئەنجامدانی کاری هونەریی باشتر و جوانتر دەکەمەوە.

**ڕووداو: تۆ کوردی، بەڵام نازانی بە کوردی قسە بکەی، هۆکارەکەی چییە؟**

**مەلیس:** من لەدایکبووی شاری ئامەدم، بەڵام بەداخم لەوەی زمانی کوردی نازانم. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی رابردوو کورد گوشاری زۆر گەورەی لەسەر بوو، سیاسەت ڕێگری لەوە کرد کە زمانی کوردی فێربم، چونکە قەدەخە بوو.

**ڕووداو: پرۆژە و بەرنامەی نوێت چییە؟**

**مەلیس:** کلیپی یەکەمم بڵاوکرایەوە کە گۆرانییەکە بەناوی "ئارپا ئۆراغا گالدی" کە بەرهەمێکی ناوازەی ڕەوانشاد "جەلال گوزەل سەس"ە و لە ئامەد کاری وێنەگرتنی بۆ کراوە، کلیپی دووەمیشم بەزمانی کوردییە و گۆرانییەکی ئەردەوان زاخۆییە و بڕیارە دوای مانگی ڕەمەزان تۆماری بکەین.

**ڕووداو: هێشتا شووت نەکردووە، سوارچاکی خەونەکانت کێیە؟**

**مەلیس:** کەس سوارچاکی خەونەکانم نییە.

**ڕووداو: ئەو کەسەی شووی پێدەکەی دەبێ چ تایبەتمەندییەکی هەبێ؟**

**مەلیس:** هێشتا بیرم لێ نەکردووەتەوە، پێم باشە کەسێکی خوێندەوار، کراوە، شارەزا بێت لە بواری سینەما و ئەدەبیات و فەلسەفە و کەسێکی دروست بێت. بەڵێ کەسێکی بەم تایبەتمەندییە هەبێت شووی پێدەکەم. ئەگەر جوان و قۆزیش بێت، باشترە.

**ڕووداو: ئەی ئەگەر هاوژینەکەت ڕێگر بێ لە کاری هونەری؟**

**مەلیس:** بێگومان هاوژینم ڕێگر نابێت لە کارەکانم، چونکە خۆم کات و ساتی کارەکانم دیاری دەکەم و ڕێگە نادەم کاریگەری لەسەر ژیانی تایبەتیم هەبێت. ئێستا گوێ بەم شتانە نادەم، چونکە گەنج و سەڵتم، بەڵام ئەگەر شووم کرد، پابەندییەکی زۆرم دەبێت و ئەوسا بەدڵنیاییەوە ڕێسایەک و سنوورێک بۆ کاتەکان و کارەکانم دادەنێم. گرنگە مرۆڤ کاریزمایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت و ببێتە مایەی ئەوەی ڕێزی لێ بگیرێت و خۆیشی ڕێز لە ویستی کەسانی بەرامبەری بگرێت.

**ڕووداو: نرخی میوزیک لە تورکیا بەراورد بە میوزیکی جیهان چۆنە، لە چ ئاستێکدایە؟**

**مەلیس:** موزیک لە تورکیا بەرەو دواوە دەچێت و بەرهەمی موزیکیش پەکیکەوتووە و پشت بەموزیک و بەرهەمەکانی کۆن و کلاسیکەکان دەبەسترێت. لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی گشتیی لە تورکیا، خەڵکیش گۆڕاوە و هەست و سۆزەکانیشیان گۆڕاوە. بەداخەوە بەرهەمی ناوازەی کاریگەر سەرهەڵنادات. ئێستا چەند ستایلێکی دیاریکراو کاری پێدەکرێت و گوێی لێ دەگیرێت، مرۆڤەکان چیدی گوێ لە گۆرانی و میوزیکی کلاسیک ناگرن.

**ڕووداو: شەیدای کام هونەرمەندی کورد و تورکی؟**

**مەلیس:** زۆر هونەرمەند هەن گوێیان لێدەگرم و ئەگەر ڕیزبەندییان بۆ بکەم، لە هونەرمەندە کوردەکاندا جوان حاجۆ، خەیرۆ عەباس، شڤان پەروەر، نیلۆڤەر ئیقباڵ، ئاینور دۆغان، دەلیل دیلانەر و هەروەها خۆشەویستترین هونەرمەندیش لەلای من ئادەم تەپەیە. لە هونەرمەندە تورکەکانیش گوێ لە زۆریان دەگرم، بەڵام چێژ لە کلاسیکەکان زیاتر وەردەگرم. لەوانەش موحەڕڕەم ئەرتاش، نەشەت ئەرتاش، ئۆرهان گەنجەبای، ئەمەل تاشچیئۆغڵو.

**ڕووداو: حەز ناکەی لە بواری سینەما و درامادا ڕۆڵ ببینی. ئەگەر ئۆفەرێکت پێشکەش بکرێ قبوڵی دەکەی؟**

**مەلیس:** ئەمە یەکێکە لە باوترین و زۆرترین ئەو پرسیارانەی ئاراستەم دەکرێت. هەموویان پێمدەڵێن کە ڕوخسارم زۆر گونجاو و جوانە بۆ شاشە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەشداریم لە دراما و فیلمی سینەمایی نەکردووە. ئەگەر پرۆژە هەبێت هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەم و حەزیشم لێیە.



### وەفائەلحوسێن بۆ(ڕووداو):

# ئەم ڕەمەزانە لە بابولحارە دەردەکەوم

ئـەم ڕەمەزانـە لـە یەکێـک لە پڕبینەرتریـن دراماکانـدا لەسـەر ئاستی سـووریا و وڵاتانی عەرەبی دەردەکـەوێ کـە زنجیـرە درامای بابولحارەیە. وەفا غوسـن ئەلحوسێن لەو درامایەدا هاوژینی دووەمی عیسام (ئەکتەری سەرەکیی دراماکە)یە. لەوێ هەوڵ دەدات ئەو خانووەی بە میرات بۆی ماوەتەوە لەسەر خۆی تاپۆ بکات.

خانمـە ئەکتـەری سـووری وەفـا ئەلحوسـێن، 26 سـاڵ، لە شاری حمس لەدایکبـووە، تەمەنـی پێنـج سـاڵان بووە کە بـۆ یەکەمینجار بەشـداریی لـە نواندنـدا کـردووە. ئێسـتاش لە دیمەشـق نیشـتەجێیە و (ڕووداو) لەڕێـی تەلەفۆنـەوە ئـەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

**هەڤپەیڤین: دڵخواز بەهلەوی**
**ڕووداو- هەولێر**

**ڕووداو: هەستت چۆنە کە میدیایەکی کوردی پەیوەندیی پێوەکردوون؟**

**وەفا ئەلحسێن:** بێگومان هەستێکی خۆشە، خۆشحاڵم بە ناسینتان و سڵاوی گەرمی خۆم ئاراستەی تەواوی ستافی تۆڕی میدیایی ڕووداو دەکەم. جیاوازی لە نێوان ڕاگەیاندن و میدیاکان نییە. ئێوەش میدیایەکی پرۆفیشناڵن لە کارکردن و ئەنجامدانی دیدار و هەڤپەیڤین لەگەڵ هونەرمەندانی سووریاش دەستپێشخەرییەکی گرنگە.

**ڕووداو: لە دیمەشق کوردی زۆر لە ناوچەکانی ڕوکن ئەلدین و وادی ئەلمەشاریع هەن کە ساڵانە ئاهەنگی نەورۆز سازدەکەن، هیچ جارێک بەشدارییت کردووە؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** بەڵێ، لە ئاهەنگی نەورۆز لەگەڵ چەند هاوڕێ و دۆستێکم بەشدار بووین و زۆر دڵخۆش بووم بە گۆرانی و موزیکی کوردی و ئەو ڕەنگە جوان و دڵڕفێنانە.

**ڕووداو: قەت بیرت لەوە کردووەتەوە سەردانی کوردستان بکەیت؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** بەڵێ زۆریش حەز دەکەم، هیواخوازم دەرفەتێک بدۆزمەوە بۆ ئەوە.

**ڕووداو: ئەگەر داوات لێکرا بەشداری درامایەک یان فیلمێکی کوردی بکەیت وەڵامت چی دەبێت؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** بێگومان ئەوە دەبێتە ئەزموونێکی جیاواز بۆ من. هونەرمەندیش ئارەزوو دەکات ئەزموونی هەمەجۆری هەبێت.

**ڕووداو: گرنگترین کاری هونەریت بە بڕوای خۆت کامەیانە؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** فەوق ئەلمەوج، عابر ئەلزەباب، ئەلخان، ئەزمە عائیلییە و دواترینیشیان بابولحارە کە لەم ڕەمەزانە بڵاودەکرێتەوە، هەروەها سەییدەت ئەلزەو کە ڕۆڵی فاتیمەی زەهرام بینیوە.

**ڕووداو: دەتوانی باسێکی ڕۆڵەکەی خۆت بکەی لە درامای بابولحارە کە ئێستا نمایش دەکرێ؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** من ڕۆڵی هودا دەبینم کە هاوژینی دووەمی عیسامە، ڕۆڵەکەی لە ڕەمەزانی ڕابردوو دەستیپێکرد و پشکی خۆی لەو بەشە میراتەی خانووەکەیان کە بۆی دەمێنێتەوە، هەوڵ دەدات لەسەر خۆی تاپۆ بکات.

**ڕووداو: چۆن بوو بەشداریت لە درامای بابولحارە کرد؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** ئەو درامایە ئێستاش جەماوەرێکی زۆری هەیە و پڕبینەرترینە، بۆیە حەزم کرد بەشداری بکەم.

**ڕووداو: وەک هونەرمەندێکی گەنج، پێتوایە داهاتووی درامای سووری چۆن دەبێت؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** پێموایە بەرەو هەڵکشان دەچێت.

**ڕووداو: قەیرانی چەند ساڵەی سووریا تا چ ئاستێک کاریگەری هەبووە لەسەر دراماکان و لەسەر کاری ئێوە؟**

**وەفا ئەلحوسێن:** پێموایە قەیرانەکە کاریگەری لەسەر درامای سووری نەبووە، هونەرمەندانی سووریا گۆڕەپانەکەیان چۆڵ نەکرد و بەردەوام لە گۆڕەپانەکەدا ئامادە بوون، هەم لەناو سووریا و هەم لە دەرەوەی سووریاش.

> حەز دەکەم بەشداریی درامایەکی کوردی بکەم
>
> شەڕ کاریگەری لەسەر درامای سووری نەبووە

## سوێد کۆچبەرێکی یەکساڵان دەردەکات

ڕووداو– رادیۆی سوێد

حکومەتی سوێد بڕیاری داوە خێزانێکی ئیسرائیلی لە وڵاتەکەی دەربکات کە داوای مافی پەنابەریان کردبوو. ئەو خێزانە ئیسرائیلییە خاوەنی منداڵێک بەناوی نوورسین کە تەمەنی ساڵێکە و لە سوێد لە دایکبووە، بۆیە ئەویش دەبێ لەگەڵ خێزانەکەی بگەڕێتەوە ئیسرائیل.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئەو خێزانە، لە مانگی یەکی ئەمساڵدا، داوای پەنابەرییەکەیان ڕەتکرایەوەو لە هەمان مانگیشدا بڕیاری دەرکردنیان دەرچوو.

ئەوان ئێستا بەرەڕووی کێشەیەکی دیکەش بوون کاتێم سەردانی باڵیۆزخانەی ئیسرائیلیان کرد لە ستۆکهۆڵم بۆ ئەوەی نوورسین وەکو هاووڵاتییەکی ئیسرائیلی تۆمار بکەن، بەڵام باڵیوۆزخانە داوای بەڵگەنامەی تاکەکەسی لێدەکەن، ئەو کەسانەشی داوای پەنابەری دەکەن بەڵگەنامەی تاکەکەسییان پێ نادرێ.



ڕووداو

ژمارە (459) - دووشەممە 2017/5/29



# ئەڵمانیا یاسای کۆچ توند دەکات

**کۆچبەرێکی کورد:** ئەگەر بمنێرنەوە خۆم دەکوژم

**چالاکڤانێکی ئەڵمانی:** یاسا نوێیەکەی کۆچبەران پێشێلکاریی زۆری تێدایە



عێراق رازی بووە پێشوازی لەو فڕۆکانە بکات کە کۆچبەری دیپۆرتکراویان تێدایە

ڕووداو– ئەڵمانیا

دوای پەسەندکردنی پرۆژەیاسایەک کە لەلایەن پارتی یەکێتی دیموکراتی کریستیان پێشکەشی پەرلەمان کرابوو، حکومەتی ئەڵمانیا دەستی کردووە بە جێبەجێکردنی یاسای تازەی کۆچ، بەوهۆیەشەوە هەزاران کۆچبەر دیپۆرت دەکرێنەوە.

لەنێو ئەو کۆچبەرانەی بڕیارە دیپۆرت بکرێنەوە، چەندین کۆچبەری کورد هەن، یەکێک لەوانە دەڵێت: "ئەگەر بمنێرنەوە خۆم دەکوژم".

عەلی عەبدوڵڵا، کۆچبەرێکی کوردە و ساڵێک و 18 مانگە لە ئەڵمانیا گیرساوەتەوە، دەڵێت "لەو ماوەیەدا هیچ نەماوە نەیکەم لە پێناوی ئەوەی باوەڕم پێ بکەن کە من کێشەم هەیە لە وڵاتەکەم و نابێت بگەڕێمەوە. من لێرە ژیانێکی تازەم بۆ خۆم دروست کردووە، بە شکستهێنانی ئەو ژیانە، تێدا دەچم".

عەلی هەڕەشە دەکات و دەڵێت ئەگەر دڵنیا بێت دیپۆرت دەکرێتەوە، نایەوێ بە زیندوویی بگەڕێتەوە کوردستان و دەڵێت "خۆم دەکوژم".

لەو ڕۆژەوەی حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری داوە یاسای نوێی کۆچ جێبەجێ بکات، عەلی لە ڕەوشێکی دەروونیی ئاڵۆزدایە و ترسی هەیە پۆلیس دەستگیری بکات و دیپۆرتی بکاتەوە.

هەفتەی ڕابردوو تەرمی ئەو گەنجە کوردە گەیەندرایەوە کوردستان کە بەهۆی بڕیاری دیپۆرتکردنەوەی لە بەریتانیا خۆی کوشتبوو. هەروەها لە فینلاندیش، سێ کۆچبەر هەڕەشەی خۆکوشتنیان کردووە، ئەگەر حکومەت دیپۆرتیان بکاتەوە.

ئازاد چالاک، لەلایەن فەرمانگەی کۆچی ئەڵمانیاوە ئاگادار کراوەتەوە کە ئەو وڵاتە جێبهێڵێ. ئەو دەڵێت "هاوکارییە ماڵیەکانیان بڕیوم و بۆم هەیە تا سەری مانگ لەم شوقەیە بمێنمەوە". ئازاد کە هاوڕێی عەلییە، دەڵێت "ڤیروسیا لە من، بەڵام دڵنیام هاوڕێکەم خۆی دەکوژێت، چونکە وەزعی زۆر خراپە".

بەڕای چالاکڤانێکی بواری کۆچبەران، زیادبوونی هەوڵی خۆکوشتن لەلایەن کۆچبەرانەوە، نیشانەی ئەوەیە کە ڕەوشی ژیانی ئەوان گەیشتووەتە ئەوپەڕی خراپی.

ئانالاند بریگت، بەڕێوەبەری ڕێکخراوێکی بواری کۆچبەرانە لە میونشنی ئەڵمانیا، دەڵێت "زیاتر لە دە کەیسی هەوڵی خۆکوشتنمان لایە، کۆچبەران لە ژیانێکی خراپدان".

بریگت کە ئاگاداری کەیسی عەلییە، دەڵێت "هیچ پاساوێک نییە بۆ ناردنەوەی عەلی و 10 کۆچبەری دیکە کە من ئاگاداری دۆسیەکەیانم، بەڵام بەداخەوە ئەم یاسا نوێیە پێشێلکاریی زۆری بەرامبەر بە مافی کۆچبەران تێدایە". گوتیشی: "لە مێژووی نوێی ئەوروپادا، ئەوە یەکەمجارە وڵاتانی ئەوروپا، بەو ڕەقییە مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن".

چالاکڤانان و نوێنەرانی زۆر لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بە نیگەرانییەوە لە یاسای نوێی کۆچ لە ئاڵمانیا دەڕوانن کە بوارێکی زۆری بە دەوڵەت داوە بەشێوەی جیاجیا مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران بکات.

لەیس خەفاجی، چالاکڤان و نزیک لە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا، دەڵێت: "یاساکە ئەوەندەی ڕێکارێکی ئەمنییە، ئەوەندە بۆ ڕێکخستنی پرسێکی وەکو پرسی کۆچبەران نییە".

لەیس کە عێراقییە و زیاتر لە 23 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی و زانیاری زۆری لەبارەی کۆچبەران هەیە، دەڵێت: "دەرفەتێکی مەترسیدار هەیە بۆئەوەی هەموو وڵاتانی ئەوروپا ڕێسای لەو شێوەیە پەیڕەو بکەن کە سەراپای کەموکورتییە و بواری پێشێلکاریی زۆری داوە".

لە یاساکەدا دەسەڵاتی ناردنەوەی دەستبەجێی کۆچبەر، هەروەها گرتن و سنووردارکردنی هاتوچۆ و چاودێریی مۆبایل و کەلەپچەی قاچ (GPS) بە پۆلیس دراوە. هەر بەپێی ئەو یاسایە، چارەنووسی دەیان هەزار کۆچبەر دیپۆرتکردنەوەیە کە لەنێویاندا ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەری کورد و عێراقی و سووری هەن.

خەفاجی دەڵێت "سەتان عێراقی بەهۆی پەنجەمۆر و ئاشکرابوونی پاشخانیان کە پێشتر لە ئەڵمانیا خۆیان تەسلیم کردووە، لە چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپییەوە دیپۆرتی ئەڵمانیا کراون و بەمزووانە سنووردراش دەکرێنەوە".

گوتیشی "بەپێی یاسا نوێیەکە، ئەو کەسانە تاوانبارکراون بە ساختەکاری و ڕاکردن لە یاسا، بۆیە نەک هەر دیپۆرت دەکرێنەوە، ڕەنگە سزاش بدرێن، تەنانەت هەندێکیان دەستگیریش کراون".

ڕەجا نەدیم حەسەکەیی کە کچە کوردێکی کۆچبەرە و لە ئەڵمانیا بڕیاری ناردنەوەی دەرچووە، دەڵێت لەلایەن ئیدارەی کەمپەکەیەوە لە میونشن ئاگادار کراوەتەوە کە لە کەمپەکەی نەچێتە دەرەوە و تەواو بێهواشیان کردووە لە پێدانی مافی پەنابەری.

ڕەجا دەڵێت ئەو بە تەنیا نییە و زۆربەی ئەوانەی هاتوچۆ و تەلەفۆنکردنیان لە کەمپەکە سنووردار کراوە، ئەو کۆچبەرانەن کە یەکەمجار پەنجەمۆریان لە ئەڵمانیا وەرگیراوە و لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپاوە نێردراونەتەوە ئەڵمانیا.

لەگەڵ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی لە باڵیۆزخانەی عیراقی لە ئەڵمانیا ئەم زانیارییەی پشتڕاست نەکردووە، بەڵام کۆچبەران نیگەرانن لە ڕێککەوتنی ئەڵمانیا و عێراق، بۆ ناردنەوەی پەنابەران و ڕەزامەندیی عێراق بۆ نیشتنەوەی ئەو فڕۆکانەی کۆچبەرانی دیپۆرتکراویان تێدایە.

خەفاجی دەڵێت: "وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق ڕەزامەندیی داوە بۆ پێشوازیکردن لە فڕۆکەکانی ئەڵمانیا کە کۆچبەرانی دیپۆرتکراو دەهێننەوە".

### ئەزموونی سەرکەوتووی کۆچبەرێکی کورد

ڕاپۆرتێکی تەلەڤزیۆنیی کەناڵی (DW) ی ئەڵمانی لە ڕوانگەی ئەزموونی گەنجێکی باشووری کوردستان، باس لە سەرکەوتوویی کۆچبەرە گەنجەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دەکات.

ڕاپۆرتەکە باس لە کوڕێکی تەمەن 27 ساڵ دەکات کە بەماوەیەکی زۆر کەم فێری زمان بووە و کارێکی زۆر باشی دەستکەوتووە. ئەو کۆچبەرە دەڵێت ئەوان ڕۆڵیان لە بوژانەوەی پیشەسازی ناوخۆیی و بزنسی مامناوەندیی ئەڵمانیادا دەبێت.

بەڵام یاسا تازەکەی ئەڵمانیا بۆ پرسی کۆچ، کۆتایی بە خەونی دەیان گەنجی لەو شێوەیە دەهێنێ. چالاکڤانە ئەڵمانییەکە دەڵێت: "لە نێو گەنجانی کۆچبەر دەیان نموونەی لەو شێوەیە هەن کە ڕەنگ بوو ئەڵمانیا دوای چەند ساڵێک شانازیی پێوەکردبان. بەڵام ئێستا شەرمنانە دەیانگرێت و دەیاننێرێتەوە".

# سوورییەکان دەبنە گەورەترین ڕەوەندی سوێد



150 هەزار کورد لە سوێد بە عێراقی، ئێرانی، سووری و تورکی تۆمارکراون

**چالاکڤانێک:** سوورییەکان توندوتیژی دەهێننە سکەندەناڤیا

ڕووداو – ستۆکهۆڵم

دوای ئەوەی عەرەبی وەکو زمان، شوێنی بە زمانەکانی دیکەی نەتەوەکانی سوێد لێژ کرد و بووە دووەمین زمان کە لەدوای سوێدی زۆرترین کەس قسەی پێدەکەن، ئێستا سوورییەکان بوونەتە گەورەترین ڕەوەندی سوێد.

ئەگەرچی لەنێو ئەو ڕەوەندەدا کورد، کریستیان و پێکهاتەی دیکەش هەن، بەڵام هەموویان وەکو ڕەوەندێکی عەرەبی هەژمار کراون و ئێستا بەراورد بە نەتەوەکانی دیکەی کۆچبەر، زۆرترینن و ژمارەیان گەیشتووەتە نزیکەی 155 هەزار کەس.

یۆهان ئیندرشبێر، نیگەرانە لە زۆربوونی ڕەوەندی سووری و دەڵێت: "سوێد بەتەنیا موڵکی سوێدییەکان نییە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ناسنامەی خۆی لەدەست بدات". بەڕای ئەو سوێدییە، سوورییەکان ڕەوەندێکی عەرەبیی ئیسلامین و هەڕەشەن لەسەر سوێد.

ئیندرشبێر کە کەمێک هاوسۆزە لەگەڵ نەژادپەرستەکانی ئەو وڵاتە، دەڵێت: "سوورییەکان ئاوارەی جەنگن، دەبێت ڕێزیان لێ بگیرێت، بەڵام نابێت ببنە بەشێک لە کۆمەڵگەی سوێدی".

بەبڕوای ئەو سوێدییە، زۆربوونی کۆچبەران بەتایبەتیش کۆچبەرانی سووری وای کردووە کە جەماوەری پارتی سوێدییە دیموکراتەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاد بکەن. ئەو پارتە کە بە ئاشکرا دژایەتیی کۆچبەران دەکات، ئێستا لەڕووی جەماوەر و لایەنگرەوە بە چوارەمین پارتی سوێدی دادەنرێ.

ڕیتا سڤانسۆن، مامۆستای زمان و شیاندن کە مامەڵەی زۆری لەگەڵ بیانییەکان هەیە، ڕایەکی پێچەوانەی هەیە و دەڵێت: "زۆر خۆشحاڵم کە سوێد توانیبێتی ئەو کارە گەورەیە بۆ سوورییەکان بکات، ئەوان کەسی باشن و قوربانیی سیاسەتێکی هەڵەی نێودەوڵەتین، ئەوان قوربانیی جەنگن".

کورد و کریستیانەکان پێکهاتەیەکی جیاوازی ڕەوەندی سوورین، لەزۆر بواردا یەک دەگرنەوە، بەڵام لەهەندێک بابەتدا جیاوازن.

کریستیانەکانی نێو ڕەوەندی سووری لە سوێد بەوە ناسراون کە هاوسۆزی دەسەڵاتی ئەسەدن و پێچەوانەی کریستیانەکانی عێراق و تورکیا کە بە میانڕەو ناسراون، گرووپی چەتەیان هەیە.

نینۆف گەنجێکی کریستیانی سوورییە، دەڵێت: "ڕاستە شەڕ هەیە، ڕاستە لە ڕەوشێکی خراپدا بووین، بەڵام بەشار ئەسەد شکۆی ئێمەی پاراستبوو".

بەڵام ڕیتا سڤانسۆن سەری لە بیرکردنەوەی کریستیانەکانی سووریا دەرناچێ و دەڵێت: "ئەوان خۆیان بۆ یەکلایی ناکرێتەوە، ڕایانکردووە، کەچی هاوسۆزی بەشار ئەسەدیشن".

هەندێ لە کریستیانەکانی سووریا، بە پێچەوانەی زۆربەی کریستیانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە کاری توندوتیژی و تاوانی ڕێکخراوەوە گلاون و ئێستا لە شارەکانی (سۆدێرتێلیا) و (ئیسکلستوونە) گرووپی چەتەیان هەیە.

جولیان پیترۆس ناوی خوازراوی سەرگرووپی کریستیانەکانی سۆدێرتیلیایە، پێی ناخۆشە بە "چەتە" ناویان بهێنرێ. ئەو کە بە گوتەی خۆی کۆنترۆڵی هەموو گرووپەکانی کردووە، گوتی: "ئێمە تەنیا داکۆکی لەخۆمان دەکەین، ئایا ئەمە چەتەییە؟ بە پێچەوانەوە ئێمە جێی شانازیی هەموو کریستیانەکانی سووریاین".

سەبارەت بە وەرگرتنی سەرانەش لە خاوەنکار و ڕێستورانتی ئەو ناوچانەی ئەوانی لێن، جولیان دەڵێت: "ئەوان خۆیان هاوکاریمان دەکەن و بەزۆر هیچ لە کەس وەرناگرین".

ستیفان بێری، مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری شیاندنی کۆمەڵایەتی، دەڵێت "گەورەبوونی کۆمەڵگەیەکی، وەکو ڕەوەندی سووری لە ماوەیەکی زۆر کەم شتێکی زۆر نۆرماڵ نییە، بەڵام بەو شێوەیەش مەترسی نییە".

ئەو دەڵێت کە لەنێو ڕەوەندی سووری "گرووپی چەتە، داعش، قاچاخچی و پەکەکەش هەن کە هەموویان هەڵگری خەسڵەتی توندوتیژین، بەڵام هەر لەنێو ڕەوەندی سووری کە لە سوێدن، کەسانی وەکو سەلیم بەرەکاتیش هەیە کە بەربژێری خەڵاتی نۆبڵ بووە".

### "ڕەوەندی سووری لە سوێد نییە"

هەرچەندە ئاماری دەوڵەت دەڵێت سوورییەکان ئێستا گەورەترین ڕەوەندی سوێدن، بەڵام ئێلینۆر هامرین کە کچە گەنجێکی سوێدییە و تێزی دکتۆراکەی لەبارەی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی سوێدە، دەڵێت شتێک بەناوی ڕەوەندی سووری لە سوێد نییە.

هامرین کە بەشێک لە تێزی دکتۆراکەی تایبەتە بە کورد، دەڵێت: "سووری وەک ڕەوەند لە سوێد نین، لێرە کورد، عەرەب، کریستیان و ڕۆم هەن، سووری و عێراقی نین".

هامرین لەبارەی ڕەوەندی کوردی لە سوێد دەڵێت "ڕەوەندی کوردی کارایە، هەمیشە لەدوای خەونی خۆیەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکە پێگەیەکی بەهێزی نییە لە سوێد".

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان 150 هەزار کورد لە سوێد دەژین، بەڵام لە دەزگای کۆچ بە عێراقی، ئێرانی، سووری و تورکی تۆمارکراون.





## پیاوێک بەهۆی خۆسووتاندنی هاوژینەکەی دەستگیردەکرێ

**ڕووداو- کەلار**

ژنێکی دانیشتووی کەلار خۆی سووتاند و گیانی لە دەستدا، دوای ڕووداوەکەش هاوژینەکەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. ئەو ژنە کە ناوی (هـ.س)ە و تەمەنی 53 ساڵە، دانیشتووی قەزای کەلارە، ڕۆژی 2017/5/26 لە نێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و گیانی لەدەستدا. ڕۆژی دواتریش هاوژینەکەی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری خۆسووتاندنی بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکرا. بە گوتەی سەرچاوەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئەو ئافرەتە نەخۆشیی دەروونی هەبووە. لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا، سێ ژن و کچێک لە کەلار خۆیان سووتاندووە و دوو ژنیش کوژراون.

تەنیا لە چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا

# لە سلێمانی 173 سکاڵای تایبەت بە فەیسبووک دراونەتە پۆلیس

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە کوردستان هەندێک لە کوڕان تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووکیان کردووەتە تۆڕی ڕاوکردنی نێچیر و دەستکەوتنی پارە و تێرکردنی ئارەزوو، قوربانییەکانیش زۆربەی جاران هەر ئافرەتانن. هەندێک لەوانە لەلای پۆلیس سکاڵایان تۆمار کردووە، لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆریان لەترسی ئەوەی هەڕەشە نەکەوێتە سەر ژیانیان، کێشەکانی خۆیان دەشارنەوە. لەوکاتەی کە بەشێکیان هیوایان بە دەزگا ئەمنییەکان و دادگا هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، بەشێکی دیکەیان ئەوەندە ترسێنراون کە ناوێرن سکاڵاش تۆمار بکەن و لە بارودۆخێکی دەروونیی خراپدا دەژین.

بەپێی ئامارەکانی پۆلیسی سلێمانی، تەنیا لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵدا، بەهۆی هەراسانکردنیانەوە لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان 173 سکاڵا تۆمار کراون کە بەشی زۆریان لەلایەن ژنانەوە بووە.

### شیرین چۆن کەوتە داوەکەوە؟

شیرین ناوی خوازراوی کچێکە کە لە بنەماڵەیەکی پارێزکار و تاڕادەیەک دەوڵەمەندە. ئەو باسی چیرۆکی یەکترناسینی خۆی لەگەڵ کوڕێک لەڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "چەند مانگێک لەمەوبەر لەڕێی فەیسبووکەوە ئەو کوڕەم ناسی. وەک کوڕێکی خوێندەوار و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز خۆی بە من ناساند. سەرەتا هاوڕێیەتی و دواتریش داوای خۆشەویستی لێکردم، دڵنیاشی کردمەوە کە هیچ ئامانجێکی خراپی لە ناسینی من نییە".

شیرین هەروەها دەڵێت: "ئەو پێیگوتم دەمەوێت بتخوازم، بەڵام پێویستە سەرەتا لە شوێنێک دابنیشین و قسە بکەین. منیش ڕازی بووم و چەند جارێک لەگەڵی چوومە دەرەوە و لە شوێنە گشتییەکانی وەک ریستۆرانت و پارکە گشتییەکان دادەنیشتین، هێندە ببووە جێی متمانە و بڕوام کە ئامادەبووم بۆ هەموو شوێنێک لەگەڵی بڕۆم".

لەکاتێکدا شیرین پلانی بۆ داهاتوو دادەنا و بیری لای خەونە جوانەکەی بوو کە شووکردن بوو بەو کوڕەی بەدڵ خۆشیدەویست، کوڕەکە بیری لای پلانی جیاواز بوو. شیرین گوتی: "لەناو بیرکردنەوەیەکی زۆر خۆشدا بووم، پلانم دادەنا کە هاوسەرگیرییەکەمان چۆن بێت و لە داهاتوودا چی بکەین و لەکوێ بژین، بەڵام لەناکاو هەموو شتێک گۆڕا، شەوێک ویستم قسەی لەگەڵ بکەم، گوتی کارم هەیە و چاوەڕێم بکە درەنگی شەو قسە دەکەین. منیش چاوەڕێم کرد. لەناکاو چەند وێنە و ڤیدیۆیەکی خۆمی بۆ ناردمەوە و گوتی ئەگەر لەگەڵم نەخەویت و پارەم نەدەیتێ، بڵاویان دەکەمەوە و حەیات دەبەم".

شیرین دەڵێت تووشی شۆک بووە "کاتێک ئەوەم لەو کوڕە بینی، سڕ بووم. بەڕاستی نەمدەزانی ئەمە ڕاستییە یان خەیاڵە. نەمدەزانی چی بکەم. ئینجا زانیم بۆسەیەک بووە بۆم دانراوەتەوە و کەوتوومەتە ناوییەوە".

شیرین دەڵێت ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن، دەزانن لەگەڵ کێ قسە دەکەن بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانیان بگەن: "ئەو کوڕە زانیاری لەبارەی خێزانەکەم و لایەنی ماددی من وەرگرتبوو بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەئامانجەکەی بگات کە ئەویش دەستکەوتنی پارە و شتی دیکە بوو. چەند جارێک پارەم داوەتێ، بەڵام ئەو هێشتا بەردەوامە لە هەڕەشەکانی و هەر کاتێک داوای پارەم لێبکات دەبێت بیدەمێ، ئەگەرنا ئەو گرتانە بڵاودەکاتەوە کە لەلایەتی. منیش لەترسی کۆمەڵگا و خێزانەکەی خۆم بۆ ئەوەی سەرشۆڕیان نەبم، ناچارم بە هەر ڕێگایەک بێ ئەو پارەیە پەیدا بکەم".

پۆلیسی سلێمانی هۆشداری دەدەن لەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە. بەپێی بەدواداچوون و زانیارییەکانیش، ئەوەی ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە، بووەتە دیاردە، تاوەکو ئێستاش چەندین کەس بەتۆمەتی هەراسانکردنی خەڵک دەستگیر کراون.

سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت: "ئەو توندوتیژیانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆرن، بۆ بەشێک لە ئافرەتانیش بووەتە مایەی گوشاری دەروونیی زۆر و هەندێک لەوانە کە سکاڵا تۆمار دەکەن، دەڵێن هەڕەشەمان لێدەکەن کە وێنەکانمان دەخەنە سەر فەیسبووک و بەهۆی ترسی بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆکانمان شەو و ڕۆژ خەومان لێناکەوێت".

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی داوا لەو ئافرەتانە دەکات کە سکاڵا تۆمار بکەن تاوەکوو بەدواداچوون بۆ کەیسەکانیان بکرێت: "بە هاوکاریی سکاڵاکارەکان دەتوانین ئەو کەسانە بدۆزینەوە و زۆریشیانمان دۆزیوەتەوە و ڕووبەڕووی دادگامان کردوونەتەوە، هەندێکیان سزاش دراون".



70%ی ئەو سکاڵایانەی بەهۆی فەیسبووکەوە تۆمارکراون لەلایەن ئافرەتانەوە بووە

3%ی جگەرەکێشەکانی کوردستان ئافرەتن

# جگەرە و نێرگەلەکێشان لەنێو ئافرەتان ڕوو لە هەڵکشانە



زۆربەی ئافرەتانی کوردستان بەدزی کەسوکاریانەوە جگەرە و نێرگەلە دەکێشن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

سارا بەدەم کێشانی جگەرەکەیەوە چیرۆکی فێربوونی جگەرەکێشانی خۆی دەگێڕایەوە و گوتی تەمەنی 10 ساڵان بووە کە جگەرەی بۆ داپیری داگیرساندووە، ئیدی لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا کە تەمەنی بووەتە 38 ساڵ، جگەرە دەکێشێ.

سارا خێزاندارە و خاوەنی دوو منداڵە، ئەو دەڵێت "من وەک هەندێک ژن جگەرە و نێرگەلە لە کافتریاکان ناکێشم کە تەنیا بۆ خۆدەرخستنە، بەڵکو وەک هاوڕێیەکی تەنیایی و خەم بەبادەری خۆمی دەزانم، هەرچەندە دڵنیام هۆکاری مەرگ و نەخۆشیی من ئەو هاوڕێیە دەبێ".

بەپێی ئامار و بەدواداچوونی وەزارەتی تەندروستی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە نەهێشتنی جگەرەکێشان، جگەرە و نێرگەلەکێشان لەنێو ئافرەتانی کوردستان ڕوو لە هەڵکشانە، بەشێکیش لە ئافرەتان بە نهێنی جگەرەدەکێشن.

شاناز نێرگەلەکێشێکە کە کەم لە پیاوان دەتوانن وەک ئەو لێزانانە بیکێشن. تەمەنی 22 ساڵانە و دایکی منداڵێکیشە، زۆربەی شەوان تا درەنگ لە کافتریاکان نێرگەلە دەکێشێ. شاناز دەڵێت "ئالوودەی نێرگەلە بووم، جارجارەش جگەرە دەکێشم".

شاناز لە تەمەنی 17 ساڵییەوە بە نهێنی جگەرە و نێرگەلەی کێشاوە، بە تایبەتی ئەوکاتانەی کەسیان لە ماڵەوە نەبووە. دەڵێت "کە ماڵەوەمان چۆڵ دەبوو بانگی هاوڕێکانم دەکرد، نێرگەلە و جگەرەیان دەهێنا و دەمانکێشا".

بەڵام شاناز زوو ئاشکرا بوو، پاش ئەوەی دراوسێیەکیان لەلای دایکی شکایەتی لێکرد و لەسەر ئەوەش لێدانی خوارد.

بەڵام ئەو لێدانە نەک جگەرە و نێرگەلەی بە شاناز تەرک نەکرد، بەڵکو زیاتر کردی بە دۆستی دووکەڵ "ئەوەی لە مرۆڤ حەرام کرا شیرینە و بەدڵنیاییشەوە توندوتیژی خێزانەکەم بەرامبەرم ئالوودەی نێرگەلەی کردم".

ئەو کە ئێستا شووی کردووە، هاوژینەکەی ڕێگری لێنەکردووە و دەڵێت "ئاسوودەم لەگەڵی، چونکە ڕێگریم لێناکات لە کێشانی نێرگەلە و جگەرە".

شاناز باش لەوە تێدەگات کە دەبێ ڕۆژێک باجی زیانەکانی ئەو نێرگەلەکێشانە بدات، بەڵام دەڵێت ناتوانێ دەستبەرداری ببێ.

کرانەوەی هەندێک خێزان بەڕووی کچەکانیان و زیادبوونی ژمارەی کافتریاکان لە کوردستان، هۆکارێکە بۆ زۆربوونی ڕێژەی ئافرەتی جگەرەکێش.

هەر کاتێک ڕۆژی لە دایکبوونی هاوڕێیەکیان دێتە پێش، سروە و هەندێک لە هاوپۆلەکانی لە کافتریا یان لە ماڵی هاوڕێیەکیان کۆدەبنەوە و دەست بە کێشانی جگەرە و نێرگەلە دەکەن. سروە قوتابی پۆلی چواری ئامادەییە و تازە تەمەنی 16 ساڵانە. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "لەڕێگەی سایتەکانەوە عاشقی جگەرە بووم، دایکم دەزانێت کە دەیکێشم، ئەویش بەدزی باوکمەوە دەیکێشێت، منیش زۆربەی کات لەگەڵ هاوڕێکانم لە ماڵ یان کافتریایەک جگەرە دەکێشم". جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی جگەرەی زۆرتری بە سروە کێشاوە. ئەو دەڵێت "شەوێک لە خۆشەویستەکەم جیابوومەوە، ئەو شەوە نەخەوتم و تا بەیانی جگەرەم کێشا".

### 3%ی جگەرەکێشانی کوردستان ئافرەتن

دکتۆر فەیسەڵ بلباس، سەرۆکی کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان لە هەولێر بە (ڕووداو) ی گوت: "بەپێی ئامارەکانی کۆمەڵەکەمان، نزیکەی 40%ی دانیشتووان لە هەرێمی کوردستان جگەرە و نێرگەلە دەکێشن، و پشکی شێریش بەر گەنجان دەکەوێت. 3%ی جگەرەکێشەکانیش لە ڕەگەزی مێن".

فەیسەڵ عارەب پێیوایە ڕێژەی جگەرەکێشانی ئافرەتان لەوە زیاترە "چونکە زۆر لە ئافرەتان بە نهێنی جگەرە و نێرگەلە دەکێشن و ڕێژەکەش لەم ساڵانە لەناو ژنان زیادی کردووە، بەتایبەتی کێشانی نێرگەلە لە کافتریاکان".

کۆمەڵەی نەهێشتنی جگەرەکێشان لە 20ی ئەم مانگەوە (ئایار) لەگەڵ دەستەی ژینگە دەستیان بە هەڵمەتی نەهێشتنی جگەرە و نێرگەلەکێشان کردووە، ئەویش لەڕێی دابەشکردنی نامیلکە لەبارەی کاریگەری و زیانە دەروونی و تەندروستی و ئابوورییەکانی جگەرە و نێرگەلە. هەڵمەکەتەش هەتا 31ی مانگ کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان بەردەوام دەبێت.

لوقمان شێروانی، سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی جگەرە و نێرگەلە لە کوردستان کە ئەم لیژنەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە دامەزراوە، دەڵێت "بەپێی دوایین ڕاپۆرتی وەزارەتی تەندروستیی عێراق کە لە 14 پارێزگا کراوە بە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانیشەوە، ڕێژەی جگەرە و نێرگەلەکێشان بە 23.4% خەمڵێنراوە و لەنێو ژنانیشدا ڕێژەکە 3%یە، بەڵام ڕێژەکە لەوە زیاترە، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان لەناو ئافرەتاندا ڕوو لە هەڵکشانە".

لوقمان شێروانی، پیاوان بە هۆکار دەزانێت بۆ زیادبوونی ڕێژەی کێشانی نێرگەلە و پێیوایە "بردنە ماڵەوەی نێرگەلە و کێشانی بە بەرچاوی خوشک و دایک و ژن و منداڵەوە هۆکارێکە بۆ چاولێکەری و فێرکردنیان، ئەوەی جێگەی داخیشە ئەوەندە هەرزانە منداڵێک دەتوانێت بە ڕۆژانەکەی خۆی جگەرە بکڕێت، بۆیە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دارایی و بازرگانی و دەستەی ژینگە هەوڵی گرانکردنی نرخ و باج خستنە سەر جگەرە دەدەین، تا سنوورێک بۆ کێشانی نێرگەلە دابنرێت کە هۆکارێکە بۆ تووشبوون بە 17 جۆری شێرپەنجە لە مرۆڤدا".

سەرۆکی لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە کوردستان:

**بردنە ماڵەوەی نێرگەلە و کێشانی بە بەرچاوی خوشک و دایک و ژن و منداڵەوە هۆکارێکە بۆ چاولێکەری و فێرکردنیان**

### هاوژینەکەی بە جگەرە کوشت

خەدیجە فارس، تەمەن 71 ساڵان، ڕۆژانە زیاتر لە کیسەیەک تووتن بە نەوەکانی دەپێچێتەوە، ئەو دەڵێت "لەززەت لە تووتنەکە نەک جگەرەی ئێستا وەردەگرم، بۆ مردن و نەخۆشیش هەر تووتن باشترە". هاوژینەکەی ئەو کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، جگەرەکێش نەبووە، بەڵام ڕێگریشی لێ نەکردووە. خەدیجە دەڵێت "مێردەکەم 11 ساڵە مردووە، پزیشکەکان گوتیان تووشی شێرپەنجەی سی بووە، گوتیان تۆ هاوژینەکەت کوشت، بەهۆی ئەو دووکەڵەی تۆوە هاوژینەکەت تووشی شێرپەنجە بووە، بەڵام تازە ناتوانم وازی لێ بهێنم، دەمەوێ خۆشم هەر بەو دووکەڵە بمرم".

کۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 459 ) - دووشەممە 2017/5/29



## 70%ی خەڵکی مەدەنی لەکوردستان چەکیان هەیە

ڕووداو- هەولێر

زیا پترۆس، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، داوا لە وەزارەتی ناوخۆ دەکات هەڵمەتێک بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت دەستپێبکات، چونکە وەک ئەو دەڵێت "هۆکاری نا ئارامی، ڕوودانی زۆربەی تاوانەکان بەهۆی بوونی چەکەوەیە لە ماڵاندا" پترۆس ئاشـکرای کرد کە بەپێی بەدواداچوونەکانیان 70%ی خەڵکی مەدەنی لەماڵەوە چەکیان هەیە. هەروەها سـامی جەلال، بەڕێوەبەری گشـتی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ، ژمارەی ئەو کەسانەی ئاشکرا کرد کە مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکیان هەیە و گوتی "لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکمان بە 3645 کەس داوە".

## دایکی بەجیا پرسەی بۆ داناوە

# کوڕەکەی خۆی بە تاپڕ دەکوژێت و هەڵدێ

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

باوک و کوڕ سـەرقاڵی دروێنەی گەنم و جۆ بوون، لەسـەر پەرژینکردنی زەوی کێشـە لە نێوانیان دروسـتبوو، باوکەکە دەستی بۆ تاپڕەکەی برد و بە گوللەیەکی تاپڕ کۆتایی بە ژیانی کوڕەکەی هێنا.

ئـەو ڕووداوە ڕۆژی 2017/5/18 لـە گونـدی کۆزە پانکەی سـەر بە ناحیەی دیبەگەی شـاری هەولێر ڕوویـدا، تێیدا کوڕێـک بەنـاوی کاروان عەبدوڵـڵا ئیبراهیـم، تەمـەن 34 سـاڵ و خاوەنی حەوت منداڵ، بە دەستی باوکی کوژرا.

کەسـێکی نزیـک لـەو خێزانـە بـە (ڕووداو)ی گـوت: "کاروان خەریکـی کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوو، بەهۆی کێشـەی زەوییەوە چەند جارێک لەگەڵ باوکـی کێشـەیان هەبووە، ئـەم کوڕ و باوکە بەردەوام شەڕ و کێشەیان هەبوو، لەگەڵ یەکدی نەدەگونجان".

ئـەو کەسـە نزیکـەی خێزانەکـە کە نەیویسـت نـاوی بڵاوبکرێتەوە، باسـی ژیانی ئەو خێزانەی کرد و گوتی "باوکی کاروان کە تەمەنی 62 سـاڵە، سێ ژنی هێنـاوە، بەڵام ئێسـتا تەنیـا یەک ژنی لەگەڵ ماوە. لەو ژنە خاوەنی 7 منداڵە، لەگەڵ دایکی کاروانیش کە ژنی یەکەمی بـووە، دەمێکـە جیابوونەتـەوە و سـێ منداڵی لێـی هەبووە، دووانیان مردوون، تەنیا کاروانی ماوە".

بـە گوتەی ئەو کەسـە، چەند ڕۆژێک پێشـتریش لەگـەڵ کەسـێکی نزیـک لـەو خێزانـە دانیشـتن کێشـەی زەوی چارەسـەر بکەن، بەڵام دواتر کێشـەکە سـەریهەڵدایەوە و ئەمجارەیـان خوێنی تێدا ڕژا. ئەو سەرچاوەیە گوتی "کاروان لەگـەڵ خاڵـی و کەسـوکاری دایکـی پەیوەنـدی هەبـووە، ئەمـەش بووەتـە جێگەی نیگەرانی و ناڕەزایەتی باوکی".

کوردسـتان کـە دایکـی کاروانـە و ماوەی 27 سـاڵە لە عەبدوڵڵای هاوژینی جیابووەتەوە، باسـی شـووکردنی خۆی بـەو پیـاوە دەکات و دەڵێـت "تەمەنـم 11 سـاڵان بوو کە بەشووودرام، عەبدوڵڵا نزیکەی 20 ساڵ لە من گەورەتر بوو، 3 منداڵـم لێی هەبـوو، دوو کوڕ و کچێک، کچەکەم بەهۆی نەخۆشییەوە مرد".

بـە گوتـەی کوردسـتان، عەبدوڵڵای هاوژینـی بـەردەوام لێیـداوە و کەسوکارەکەشـی ئەوەیـان قبـوڵ نەکردووە "عەبدوڵڵا بەردەوام لێیدەدام، هـەر بۆیە کەسـوکارم ئەمەیان قبوڵیان نەکرد و منیان بردەوە".

سـەبارەت بـە چارەنووسـی کوڕەکانیشـی، کوردسـتان گوتـی "کوڕەکان لەلای خۆم بوون، بەڵام ڕۆژێک عەبدوڵـڵا هات و کوڕەکانی بردەوە. ئەو ڕۆژەی کوڕەکانی بردەوە یەکێکیان مرد، شـایەتم هەیە کە هـەر ئەو ڕۆژە یەکێک لـە کوڕەکانمی بردبـوو بۆ دزینی نەوتی ڕەش، بـەڵام کاتێک هێـزە ئەمنییەکان هاتبـوون، پاڵی بـە کوڕەکەیەوە ناوە و کەوتووەتە ناو چاڵێکی نەوتی ڕەشەوە، دواتریش هاتووەتەوە و لە بیرە نەوتەکە دەریهێناوەتـەوە و شـۆڕدوویەتی بـۆ ئـەوەی کـەس بـەو ڕووداوە نەزانێـت. پاشان گوتوویەتی بۆ خۆی مردووە".

کوردسـتان خەمـی زۆری لـە مردنی کوڕەکـەی خواردووە. هەر بۆیە زوو ژنی بۆ کاروان هێناوە. ئـەو دەڵێت "کاروان ماڵـی خاڵەکانـی زۆر خۆشدەویسـت و هاتوچـۆی دەکـردن، ئەمـەش باوکـی نیگـەران کردبـوو، بڕیـار بـوو یەکدی ببینیـن، بـەڵام بەداخەوە بـە مردوویی بینیم".


کاروان عەبدوڵڵا ئیبراهیم

کوردسـتان تاوەکوو ئێسـتا سکاڵای لەسـەر هاوژینـی پێشـووی تۆمـار نەکـردووە، ئـەو دەڵێـت "مـن تـازە جەرگم سـووتاوە، ئەوە کاری حکومەتە لێپرسینەوە بکات".

کوردسـتان کە یاریدەدەری پزیشـکە و شـووی کردووەتـەوە، دوو منداڵـی هەیـە (کچێک و کوڕێـک) کوڕەکەی لە ئەورووپایـە و کچەکەی شـووی کردووە. دوو ساڵیشـە هاوژینەکـەی مـردووە، بۆیە ئێسـتا لـەلای بـرای هاوژینەکەی دەمێنێتەوە. ئـەو دەڵێت "ئەو خێزانەی ئێسـتام ڕێزم لێدەگرن، بۆیـە نامەوێت سـکاڵا تۆمـار بکـەم و ببمە کێشـە بۆ ئەوانیـش، چونکە من لـە کۆیە و ئەوان لـە دیبەگەن. ئەم هاتوچۆیە بۆ دادگاش بە من ناکرێت. تەنانەت بە جیا پرسـەم بـۆ کوڕەکەم دانـاوە. زۆریش داوام کرد لەناو هەولێر لەلای براکەی بینێژن، بەڵام لە گوندی کۆزەپانکە ناشتیان".

مقەدەم ئەیوب جەوهەر، بەڕێوەبەری پۆلیسـی دیبەگە، سەبارەت بەم کەیسە بە (ڕووداو)ی گوت: "پەڕاوی لێکۆڵینەوە بـۆ عەبدوڵـڵا ئیبراهیـم کراوەتەوە و بە بڕیـاری دادوەر و بەپێی مـاددەی 406 لە یاسـای سـزادانی عێراقـی، فەرمانی دەسـتگیرکردنی بـۆ دەرچـووە، بـەڵام هەڵهاتـووە و خـۆی شـاردووەتەوە، تیمەکانـی ئێمـەش بەردەوامن لە گەڕان بەدوای تۆمەتبارەکە و دەستگیرکردنی".



موقەدەمی مافپەروەر
ژیلەمۆ عەبدولقادر

## لە داخی مێردەکەی خیانەتی کرد

بـۆ هەموو کارێک کاردانـەوە هەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو جارێک کاردانەوەی کارێک بـە قازانجی تۆ بشـکێتەوە، ڕەنگـە بتخاتە کێشەیەکی گەورەوە، وەکو ئەو ئافرەتەی کە لە داخی مێردەکەی پەنای بۆ پەیوەندییەکی نادروست برد.

ئەو ئافرەتە ماوەیەک لەمەوبەر سـەردانی کردیـن و داوای ڕێگەچارەیەکـی یاسایی کـرد بۆئەوەی دەربـازی بێ لەو کێشـەیەی تێیکەوتووە کە قەت باوەڕی نەکردووە ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی ببێ.

ئافرەتەکـە بەسـەرهاتی خـۆی گێڕایەوە و گوتـی کاتێـک گەنـج بـووە، پەیوەندیـی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک هەبووە، کوڕەکە بەڵێنـی خـۆی بەرامبـەر بردووەتە سـەر و هاتووەتـە خوازبێنێ، سـەرەتای ژیانیان پڕ بووە لە یادەوەری و قسەی خۆش. بە گوتەی خـۆی ئەوەی لە ژیانـی ئەواندا هەبووە زیاتر لە خەیاڵ و ئەفسانەی نێو فیلمەکان چووە، بەڵام ئەو خۆشـیانە تا سـەر نەبوون. دوای دوو ساڵ هەڵسوکەوتی هاوژینەکەی ڕۆژ بەڕۆژ گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، ژنەکە بیر و خەیاڵی هەر لـەلای ئەو بووە، بەڵام پیاوەکە لە جیهانێکی دیکەدا ژیاوە.

کاتێـک ژنەکـە لـە هەڵسـوکەوتەکانی هاوژینەکەی کۆڵیوەتـەوە، بۆی دەرکەوتووە کە پەیوەنـدی لەگەڵ ئافرەتێـک هەیە، ئەو ژنە دەڵێت زۆر ئامۆژگاری هاوژینەکەی کرد کە خیانەتی لێنەکات، بەڵام سـوودی نەبوو، ماوەیـەک لێـی تـۆراوە و چووەتـەوە ماڵی باوکـی، بەڵام ئەوەش هیچ سـوودی نەبووە. بۆیە هەڕەشەی لە هاوژینەکەی کردووە ئەگەر واز لـە پەیوەندییە نادروسـتەکانی نەهێنێ، ئەویش هەمان ڕێگەی ئەو هەڵدەبژێرێ، بەڵام وەڵامێکی زۆر چاوەڕواننەکراوی لە مێردەکەی دەستدەکەوێ کە پێیدەڵێ "کەیفی خۆتە".

ئافرەتەکـە سـەیری بـەوە هاتبوو چۆن پیاوێـک ڕێگە بە ژنەکـەی دەدات پەیوەندی لەگەڵ پیاوێکی دیکە هەبێ، زۆر بیر لە قسەی مێردەکـەی دەکاتـەوە کـە ئایـا مێردەکەی تاقیدەکاتەوە یان دەیەوێ تووشـی پەندێکی بکات.

ئەوئافرەتە دەڵێت بەرلەوەی بیر لەو ڕێگە هەڵەیە بکاتەوە، ویسـتوویەتی جیاببێتەوە، بـەڵام هاوژینەکـەی پێیگوتـووە بەهیـچ شـێوەیەک ئامادە نییە تەڵاقـی بدات. جگە لەوەش پێشـتر خوشکێکی جیاببووەوە، ئەو ترسی لەوە هەبوو تێڕوانینێکی خراپ بەرامبەر خێزانەکەی دروسـت ببێ و کاریگەری لەسەر شووکردنی خوشکەکانی دیکەی هەبێ.

وەک کاردانەوەیـەک بەرامبـەر ئـەو ڕەفتارەی مێردەکـەی، ئافرەتەکە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێـک دادەنێ، بەڵام نەیزانی هێندە هۆگـری ئـەو کـوڕە دەبێ بە جارێک پشـت لـە هاوژینەکـەی دەکات، تەنانەت هیچ باکی بەوە نابێ مێردەکـەی خەریکی چییە؟ کەی دەردەچێ؟ کـەی دەگەڕێتەوە؟ دەچێتە لای کێ؟ شـەوان بـە تەلەفۆن قسـە لەگەڵ کێ دەکات؟

ئافرەتەکـە دەکەوێتـە داوی عەشـقی ئـەو کـوڕە، بەڵێن لـە کوڕەکـە وەردەگرێ کـە دەیخوازێـت، هـەر بۆیە لـە مێردەکەی دەتـۆرێ و دەچێتـەوە ماڵی باوکـی، داواش لە مێردەکەی دەکات تەڵاقی بدات، بەڵام لەو ڕۆژەی دەچێتـەوە ماڵـی باوکی، ئەو کوڕەی بەناو خۆشیدەویست تەنانەت تەلەفۆنێکی بۆ ناکات، بـۆی دەردەکەوێ ئەو کوڕە خۆشـی ناوێت و تەنیا کاتی پێدەکوژێ.

سـەبارەت بە ڕێگەچارەکەی، بەو ئافرەتە گوتـرا کـە ئـەوان تەنیـا دەتوانـن بانگـی هاوژینەکـەی بکـەن و ئامۆژگاریـی بکـەن، ئـەوان ناتوانـن ئیجرائاتی یاسـایی بەرامبەر هاوژینەکـەی بکـەن، چونکـە مافی گشـتی تێـدا نییە بەڵکـو مافی کەسـییە، دەتوانێ پەنا بۆ دادگای باری کەسـی ببەی و سـکاڵا لەسـەر هاوژینەکەت تۆمـار بکەی، ئەگەر بە بەڵگە سـەلماندت کە هاوژینەکەت خیانەتت لێـدەکات، دەتوانی داوای جیابوونەوە بکەی. هەروەها ئامۆژگاریش کرا کە واز لە پەیوەندی نادروست بهێنێ، چونکە ئەگەر ئاشکرا ببێ، هاوژینەکەی دەتوانێ سکاڵای لەسـەر تۆمار بکات و سزا بدرێ.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

## منداڵپارێزی کوردستان سواڵکردن بە منداڵان تەرک دەکات

# لە سلێمانی 424 منداڵ لەسەر شەقامەکانن

دیمەن بورهان
ڕووداو- هەولێر

دوو منداڵـی خەڵکـی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەسـەر شەقامی سالم لە سلێمانی ماسیحەیەکی بچووکیان بەدەسـتەوەیە و خەریکی سڕینەوەی جامی ئۆتۆمبێلەکانن، جارجارە ماسـیحەیەک و تۆزێ کەفاو دەهێنن بـە جامی ئۆتۆمبێلەکاندا، یـان تێر جوێن دەکرێن یان پشـتگوێ دەخرێن، ئەوان سواڵ دەکەن، بەڵام بەشێوازێکی دیکە.

ئەحمەد کە یەکێکە لـەو دوو منداڵە، دەڵێت "دوو بـرا و باوکم لە تەقینەوەدا شـەهید بوون، لەگـەڵ دایکـم و دوو خوشـکم ماوینەتـەوە و هەموومـان کار دەکەیـن، ئـەوان کلێنکـس دەفرۆشـن، منیش کاری خاوێنکردنەوە دەکەم، ڕۆژانە نزیکەی پێنج هەزار دینارم دەستدەکەوێت، بەڵام شوفێرەکان جنێومان پێدەدەن".

ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان پرۆژەیەکی بۆ کۆکردنەوەی ئەو منداڵانە لە شوێنێکی باشتر و بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتر هەیە.

بەپێی ڕووپێوییەکی ئەو ڕێکخراوە کە سـاڵی ڕابـردوو لـە سـلێمانی کـراوە، 424 منـداڵ کە تەمەنیان لە خوار 15 ساڵانەوەیە، سواڵ دەکەن.

نـەوڕەس ئەحمـەد مەحمـوود، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان بـە (ڕووداو)ی گـوت "بـە پێویسـتمان زانـی جێگەیەک بۆ منداڵە بێکەسەکان و ئەو منداڵانەی خێزانەکانیان نایانگرنەخۆ دابین بکرێت، ئەویش بـە داواکـردن لـە خانـەی چاودێریـی منداڵانی سـلێمانی کە شـوێنێکی جیایان هەبـوو، بەڵام پێویستی بە چاککردن بوو، داوایەکمان پێشکەش کرد بـە دابینکردنـی بوجەیەک، بـەڵام بەهۆی نەبوونـی بودجـەوە وەڵاممان نەدرایـەوە، بۆیە ئەمسـاڵ قایمقامی سلێمانی خۆی بانگی کردین بۆ پرۆژەکەمان".

ئێسـتا پرۆژەکە ناونراوە (سـنووردارکردنی کارکـردن و سـواڵکردنی منداڵانی خـوار تەمەن 15 ساڵ) بودجەشـی بۆ تەرخانکراوە. نەوڕەس دەڵێت: "ئەو بودجەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی بیناکەیە کە سەر بە خانەی چاودێریی کۆمەڵایەتی کوڕان و کچانە، چونکە ئەم منداڵانە کەیسەکانیان جیاوازە و نابێ تێکەڵ بە منداڵانی دیکەی خانەکە بکرێن".

سـتافێک بۆ خانەکـە دابیـن دەکرێت کە لە دوو تیمی گـەڕۆک پێکهاتووە، تیمـی توێژەری کۆمەڵایەتـی و تیمـی پۆلیسـی نەوجەوانـان. نەوڕەس دەڵێت "پێویسـتە بە شـەو و ڕۆژ ئەم دوو تیمە چاودێری منداڵان بکەن، تیمی پۆلیسی نەوجەوانان دەبێت بە جلی مەدەنی و ئۆتۆمبێلی مەدەنـی بێـت و لەکاتـی سـواڵ و کارکـردن و ئـەم منداڵانە ببەنە خانەی تێبینی لە پۆلیسـی نەوجەوانـان، تاوەکو بانگی خێزانەکەی دەکرێت و لەلایەن دادوەر بەڵێننامەیان پێ پڕدەکرێتەوە، ئەگـەر بـۆ جـاری دووەم منداڵەکـەی نـاردە سەرشەقام ئەوکات سزادەدرێن".

سەبارەت بەو منداڵانەی خێزانیان نییە یاخود نایانگرنـە خۆیان و کێشـەی خێزانییـان هەیە، نـەوڕەس ئەحمـەد دەڵێـت "لەو خانەیـە لەژێر چاودێـری توێژەرانی پسـپۆر بەخێویان دەکەین و تاوەکو ئێستاش نزیکەی 10 منداڵمان هەن".

بەڕێوەبـەری پەیوەندییەکانـی ڕێکخـراوی منداڵپارێزی کوردستان دەڵێـت "93.3%ی ئەم منداڵانەی سـواڵ یان کار دەکەن لەچوارچێوەی خێزانـدان ، ئـەوەی جێگەی داخـە زۆربەیان لە خوێندن دابڕاون و لەسەر شەقامەکانن، 41%یان توندوتیـژی فیزیکییـان بەرامبـەر دەکرێـت و 21%ـشیان توندوتیژی سێکسی و سوکایەتیان پێدەکرێت".

کەمالی تەمەن 12 سـاڵان و بەدیعەی تەمەن 7 سـاڵان دوو خوشک و بران کە ماوەی دوو ڕۆژ لەگەڵ خوشـک و براکـەی دیکەیان و 4 منداڵی دیکەی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر شەقامەکانی شـاری هەولێر مابوونەوە و شەوانەش هەموویان لەژێر یەک بەتانی دەخەوتن لەسەر شەقامەکان، کەمال دەڵێت: "ئێمە 8 منداڵ بووین، لەبەرئەوەی پارەمـان کۆنەکردبـووەوە، لـە ترسـی دایک و باوکمان نەمانوێرا بچینەوە ماڵەوە، بە هەموومان یەک بەتانیمان پێبوو، شەوان زۆر سارد بوو".

بەدیعە وکەمال چەند جارێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون "زۆرجار ئێمەیان گرتووە، دەڵێن دەبێـت بچینەوە ماڵەوە، بەڵام بـاوک و دایکمان دەڵێن دەبێت پارە پەیدا بکەن". کەمال دەشڵێت "لە هەولێر و بەغدا و کەرکووکیش سواڵم کردووە و کلێنکس و ئاوم فرۆشتووە، بەڵام زۆرترین کات هەر لـە هەولێر کردوومە، چونکە ئیشـکردن لە هەولێر باشترە و پارەی زیاترمان دەستدەکەوێت، ڕۆژانە لەگەڵ هەرسێ خوشک و براکەم 50 بۆ 55 هەزار دینارمان دەستدەکەوێت".

### پۆلیسی ڕێککاری لە هەولێر: 1300 سواڵکەر و دەستگێڕمان دەستگیر کردووە

لە هەولێر زیاتر لە سـاڵێکە پلانی نەهێشتنی سواڵکردن دانراوە و بەردەوامە لە کارەکانی. ڕائید نەبەز عەبدولقادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕێککاری هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "لە 2016/3/16ـەوە هەڵمەتێکمان بۆ نەهێشتنی دیاردەی سواڵکردن و دەستگیرکردنی ئەو کەسانە دەستپێکردووە و هەڵمەتەکەش بـەردەوام دەبێت تا ئەم دیاردەیە بنبـڕ دەکرێت، لەو ماوەیەشـدا نزیکـەی 1300 سـواڵکەر و دەسـتگێڕمان دەستگیر کردووە کە منداڵ و پیاو و ئافرەتیشـیان تێدایە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەمـان بۆ ڕێکخسـتوون و ڕەوانەی لای بەڕێز دادوەرمان کـردوون، لەوێش بەڵێننامە لە دایـک و باوکی ئەو منداڵانە وەردەگیرێت و دواتر ئازاد دەکرێن".

بەشێک لەو منداڵانە هۆکاری سواڵکردنیان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە دایک و باوکیان نەخۆشـن و توانـای کارکردنیـان نییە، بـەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی ڕێککاری لە هەولێر دەڵێت "دوای ئەوەی بانگی کەسوکارەکانیانمان کردووە، دەرکەوتووە هیـچ کێشـەیەکیان نییـە، بـەڵام لەبەرئـەوەی پیشەیانە، بەردەوام کار بەو منداڵانە دەکەن".


(فۆتۆ: ڕووداو)
لە سلێمانی کارکردنی منداڵانی خوار تەمەن 15 ساڵ سنووردار دەکرێت

## داهاتی 13 ساڵی ڕابردووی نەوتی عێراق 722 ملیار دۆلار بووە

# "112 ملیار دۆلاری عێراق دیار نییە"



13%ی دانیشتووانی عێراق لەژێر هێڵی هەژارییەوەن

(فۆتۆ: ڕووداو)

نوێنەر فاتیح
ڕووداو- هەولێر

داهاتی عێراق لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە تەنیا لە فرۆشتنی نەوت 722 ملیار دۆلار بووە، ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش دەڵێت 57%ی ئەو داهاتە براوەتە دەرەوەی وڵات و 112 ملیار دۆلاریش کەس نازانێت چی بەسەرهاتووە.

بەپێی بەدواداچوونی ڕووداو، بە پشتبەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی نەوت و دارایی عێراق، داهاتی حکومەتی عێراق لە 2003 تاوەکوو 2016 نزیکەی 722 ملیار دۆلار بووە، بەڵام ئەو داهاتەی لەو 13 ساڵەدا هاتووەتە عێراقەوە، هێشتا نەیتوانیوە هەژاری کەم بکاتەوە، یان خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی خەڵک دابین بکات.

عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕێژەی گەنج تێیدا بەرزە، 50%ی دانیشتووانەکەی تەمەنیان لە خوارووی 19 ساڵەوەیە کە ئەمەش هێزێکی کاری باشی دەداتێ، بەڵام بەپێی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕێژەی هەژاری لەعێراقدا 13.3%یە و داهاتی ڕۆژانەی 23%ی دانیشتووان تەنیا دوو دۆلارە، هەروەها 18%ی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 24 ساڵدایە، هیچ کارێکیان نییە.

لەڕووی خزمەتگوزاریشەوە، عێراق نەیتوانیوە بەو داهاتە خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین بکات، هێشتا تێکڕای پێدانی کارەبا 14 کاژێرە لە 24 کاژێردا، 20%ی خێزانەکان ئاوی خواردنەوەی پاکیان نییە و تەنیا 30%ی خێزانەکان ئاوەڕۆیان هەیە.

### 57%ی داهاتی عێراق براوەتەوە دەرەوە

بەڵام گەندەڵی کێشە گەورەکەی عێراقە کە زۆربەی جومگەکانی گرتووەتەوە، نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە 12%ی ئەو عێراقیانەی ئیشیان دەکەوێتە فەرمانگە حکومییەکان، بەرتیل دەدەن، لە کاتێکدا 95%ی حاڵەتەکانی وەرگرتنی بەرتیل دەشاردرێنەوە.

لە پێوانەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیدا، لە کۆی 176 وڵات عێراق لە ڕیزبەندی 166دایە، ئەمەش دەیکاتە یەکێک لە گەندەڵترین وڵاتەکانی جیهان.

لیژنەی دارایی و لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق چەندینجار هەوڵیان داوە بەدواداچوون بۆ دیارنەمانی داهاتەکان بکەن، یەکێک لەو حاڵەتانەش کە باس دەکرێت، بردنەدەرەوەی پارەی عێراقە.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شەش ڕاپۆرتی وردمان لەبەردەستە لەسەر بردنەدەرەوەی پارە کە دەریدەخەن 57%ی ئەو پارەیەی لە عێراق بەدەستهاتووە، چووەتە دەرەوە".

ئەحمەد حاجی ڕەشید باسی لەوە کرد کە 312 ملیار دۆلار لە داهاتی عێراق چووەتە دەرەوەی وڵات، بەڵام لەو بڕە 112 ملیار دۆلار هەر دیار نییە و بێ سەروشوێنە. ئەو گوتی: "ئەوەی حکومەت بەکاریهێنابێت 115 ملیار دۆلارە، کەرتی تایبەتیش 58 ملیار دۆلار، بەڵام 112 ملیار دۆلار دیار نییە".

لەبارەی ئەو لیژنانەی لە پەرلەمانی عێراق پێکهاتن بۆ شوێنکەوتنی ئەو پارانەی عێراق کە براونەتە دەرەوە یاخود سپی کراونەتەوە، بڕیاردەری لیژنەی دارایی دەڵێت "کار کراوە، بەڵام دادگاکانی ئەو وڵاتانە هاوکاری عێراق نین و ئەو پارەیە لە بانکەکانی خۆیان وەک سامانێک تەماشا دەکەن".

لەناو وڵاتانی عەرەبیدا، لەپاش ساڵی 2013 تا 2016 عێراق دووەم گەورەترین بودجەی هەبوو لەپاش سعودیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەکۆی 21 وڵاتی عەرەبی، لە پلەی 16یە بۆ ناشەفافیەت و گەندەڵی.

عادل نووری، گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی عێراق، پێیوایە کێشەی گەندەڵی لەوەدایە ئیرادەیەکی جددی نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی "گەندەڵی لە عێراقدا پشتی هەیە و کەسانی بەهێزی هەیە، ئیرادەیەکی باشیش نییە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە، بۆیە هەوڵەکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ناگەنە ئەنجام".

گوتەبێژی لیژنەی دەستپاکی دەڵێت، ئەگەر داهاتی ناوخۆ و باج و گومرگیش کۆبکرێتەوە و بخرێتە سەر داهاتی نەوت، ئەوا "کۆی داهاتی عێراق لەدوای ساڵی 2003وە دەگاتە زیاتر لە هەزار ملیار (یەک تریلیۆن دۆلار) ، بەڵام کوا؟".

عادل نووری گوتی: "لەڕێگەی بانکەکانەوە بەناوی بازرگانییەوە پارە دەبەنە دەرەوە و سپی دەکەنەوە، ئێمە تەنیا دەسەڵاتی چاودێریمان هەیە، ئیرادەیەک نابینین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، دوای ئەوەی وەزیرە گەندەڵەکان دەچنە دەرەوەی وڵات، ئینجا بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەردەکەن"

هەروەها ئاشکرای کرد کە لە ئەنجامی گەڕانیان بەدوای پارەکانی عێراقدا لە دەرەوە، 20 ملیار دۆلاریان دۆزیوەتەوە "بەڵام گەندەڵکاران دەسەڵاتیان بەدەستە و دۆسیەکەیان لە پەرلەمان لەئێمە وەرگرتەوە و ئەوە نزیکەی دوو ساڵە هیچ هەنگاوێکیان نەناوە".





### هەناردە و داهاتی نەوتی عێراق لە 2003–2016

| ساڵ | هەناردەی بەرمیل/ ڕۆژانە | کۆی داهاتی ساڵ/ دۆلار |
|---|---|---|
| 2003 | 1, 377, 000 | 8, 627, 000, 000 |
| 2004 | 2, 107, 000 | 17, 751, 000, 000 |
| 2005 | 1, 912, 000 | 24, 058, 000, 000 |
| 2006 | 1, 063, 000 | 32, 585, 000, 000 |
| 2007 | 1, 851, 000 | 38, 056, 000, 000 |
| 2008 | 2, 428, 000 | 63, 000, 000, 000 |
| 2009 | 2, 442, 000 | 43, 895, 000, 000 |
| 2010 | 1, 910, 000 | 52, 200, 000, 000 |
| 2011 | 2, 170, 000 | 82, 988, 000, 000 |
| 2012 | 2, 430, 000 | 94, 000, 000, 000 |
| 2013 | 2, 390, 000 | 89, 220, 000, 000 |
| 2014 | 3, 300, 000 | 84, 215, 000, 000 |
| 2015 | 3, 000, 000 | 48, 957, 000, 000 |
| 2016 | 3.564.000 | 43.280.000.000 |
| کۆی گشتی | | 721, 832, 000, 000 |

## ئەگەری زۆرە فاڕووق مەلا مستەفا دروستی بکات

# پاڵاوگەیەک بە 5 ملیار دۆلار لە کەرکووک دروست دەکرێ

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

حکومەتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نەوت لە کەرکوک دەربڕیوە. نوێنەرێکی کەرکووکیش لە پەرلەمانی عێراق ئاشکرای کرد کە تێچووی دامەزراندنی پاڵاوگەکە پێنج ملیار دۆلارە.

عاسم جیهاد، گوتەبێژی وەزارەتی نەوتی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزارەتی نەوت ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی نوێ لە کەرکووک داوە، لە ئایندەدا پرۆژەکە دەچێتە بواری جێبەجێکردن".

بڕیارەکەی بەغدا بۆ دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی زەبەلاح لە کەرکووک لە کاتێکدایە بەرەبەیانی ڕۆژی 2017/3/2 هێزە ڕەشەکەی یەکێتی کۆمپانیای نەوتی باکووری لە شاری کەرکووک گەمارۆ دا، ئاسۆ مامەند، بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی ئەوکات لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاند کە وەک ئاگادارکردنەوەیەک بۆ حکومەتی عێراق لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان وەزارەتی نەوت و پارێزگاری کەرکووکدا هەبووە، هێزیان جوڵاندووە. لەکاتێکدا جوڵاندنی ئەو هێزە پەیوەندی بە کێشەی نێوان باڵەکانی یەکێتییەوە هەبوو لەسەر دامەزراندنی ئەو پاڵاوگەیە.

ئێوارەی ڕۆژی 2017/3/7 حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق دوای بەشداری لە دیداری سلێمانی، لەگەڵ شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی، بە ئامادەبوونی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەکتەب سیاسییەکانی یەکێتی لە کەرکووک، کۆبووەوە. دواتر ڕایانگەیاند کە گەیشتوونەتە چارەسەر لەبارەی کێشەکانی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک.

ئەو ڕێککەوتنەی یەکێتی پشتی پێ بەستبوو، ڕۆژی 2017/1/10 پاش کۆبوونەوەیەک واژوو کرا کە هەر یەک لە وەزیری نەوت، پارێزگاری شارەکانی (کەرکووک، نەینەوا و سەلاحەددین)، هەروەها بریکاری وەزارەتەکانی نەوت، دارایی، کارەبا، پشکنەری گشتی لە وەزارەتی نەوت لە بەغدا ئامادەی بوون.

بەپێی خاڵی شەشەمی ڕێککەوتنەکە، وەزارەتی نەوت پشتگیری پارێزگای کەرکووک دەکات بۆ دەستکردن بە فراوانکردنی پاڵاوگە و کارکردن لەگەڵ کۆمپانیای بەرهەم بۆ دانانی پاڵاوگەیەکی نوێ، بەڵام ئێستا چەند کۆمپانیایەکی گەورەی کوردستانی پرۆپۆزەڵیان پێشکەشی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە، یەکێک لەو کۆمپانیایانە فارووق هۆڵدینگە کە خاوەنەکەی سەرمایەداری ناسراوی باشووری کوردستان فارووقی مەلا مستەفایە، ئەگەر زۆرە ئەو سەرمایەدارە پرۆژەکە وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش قەرزێکی یەک ملیار دۆلاری لە بانکەکانی چین وەردەگرێ.

فارووق مەلا مستەفا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هێشتا پرۆژەکە بە فەرمی بۆ هیچ کۆمپانیایەک دەرنەچووە، هەر کاتێک پرۆژەکە ڕاگەیەندرا، قسەی لەسەر دەکەین".

### پرۆژەکە 3 تا 5 ساڵی دەوێت

ڕێبوار تەها، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەزارەتی نەوتی عێراق ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پاڵاوگەیەکی مۆدێرن دەربڕیوە کە 5 ملیار دۆلار تێچووەکەیەتی، پرۆژەکە بە چەند قۆناغێک جێبەجێ دەکرێ و ڕەنگە 3- 5 ساڵ بخایەنێ".

ڕێبوار تەها کە نوێنەری پارێزگای کەرکووکە لە پەرلەمانی عێراق، هەروەها گوتی :"کەرکووک دووەم گەورەترین شاری نەوتیی عێراقە، بەڵام پاڵاوگەیەکی تەمەن 65 ساڵیی هەیە کە ڕۆژانە تەنیا 30 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێ و ناتوانێت پێداویستیی کەرکووک دابین بکات، بۆیە داوامان کردووە ئاستی بەرهەمهێنانی ئەو پاڵاوگەیە بۆ 70 هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا بەرز بکرێتەوە، بۆ ئەوەی چیدی نەوتی کەرکووک بە بیانووی پاڵاوتن نەبردرێتە شوێنەکانی دیکە".

دامەزراندنی ئەو پاڵاوگەیە، بە سەتان هەلی کار بۆ دانیشتووانی کەرکووک دەڕەخسێنێ، بە تایبەتی دەرچووانی زانکۆ، لەوانەش بەشە میکانیکی و تەکنیکییەکانی زانکۆی کەرکووک.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کۆمەڵێک کۆمپانیا لە ڕێگای بەغداوە پرۆپۆزەڵیان پێشکەش کردووە ئەو بابەتە لە ڕێگای حکومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە دەبێ لە دامەزراندنی ئەو پاڵاوگەیە ئەولەوییەت بۆ فەرمانبەر و کرێکاری کەرکووکی و کورد بێت".



کەرکووک کە دووەم گەورەترین شاری نەوتیی عێراقە، پاڵاوگەیەکی تەمەن 65 ساڵی هەیە

(فۆتۆ: ڕووداو)

### نەوتی کەرکووک چۆن ساخ دەکرێتەوە؟

کۆمپانیای نەوتی باکوور ڕۆژانە نزیکەی 160 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێ، کە 20 هەزار بەرمیل بە تانکەر بۆ پاڵاوگەی دۆرە دەگوازرێتەوە. بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەی کارەبای قودس. هەروەها 30 هەزار بەرمیل نەوتی دیکە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی نێوخۆ بەکاردێت. ئەو 110 هەزار بەرمیل نەوتەی دەمێنێتەوە، هەناردە دەکرێت کە نیوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێت و نیوەکەی دیکەشی حکومەتی عێراق. هەروەها بەپێی ڕێککەوتنی کۆمپانیای کارگرووپ و حکومەتی عێراق، پاڵاوگەی کەڵەک کە کۆمپانیای کار خاوەنیەتی، ڕۆژانە 40 هەزار بەرمیل نەوت لە کۆمپانیای نەوتی باکوور وەردەگرێ و بۆ حکومەتی عێراق دەیپاڵێوێ.

## هەفتانە لە عێراق 200 کەس بە جگەرە دەمرن

# دهۆک زۆرترین و سلێمانی کەمترین جگەرەکێشی تێدایە

سەروەر سالار
رووداو- سلێمانی

بەپێی رووپێوێکی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆک زۆرترین و سلێمانی کەمترین جگەرەکێشی تێدایە.

زۆربەی وڵاتان ساڵانە لە رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشاندا (31ی مایس) رێوشوێنە کردەییەکانی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان روون دەکەنەوە و ئاماژە بە ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتانەیان دەکەن کە بۆ رێگری لە جگەرەکێشان گرتوویانەتە بەر، بەڵام هەرێمی کوردستان جگە لە هەندێک کۆڕ و سیمینار و یاسا و رێنمایی سەر کاغەز، دەستکەوتێکی بەرجەستەی نییە بە داتا سەلمێندرابێ کە جگەرەکێشانی کەمکردووەتەوە.

بەپێی بەدواداچوونێکی (رووداو)، لە هەرێمی کوردستان مانگانە 250 هەزار کارتۆن جگەرە هاوردە دەکرێت کە 50% ی لە ناوخۆ بەکاردێتەوە. بەپێی داتاکانیش مانگانە لە هەرێمی کوردستان 1.25 ملیار جگەرە دەفرۆشرێت و رۆژانەش 22.4 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت. هەروەها ساڵانە زیاتر لە 500 ملیار دینار ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە جگەرەوە دەکرێت و 7%ی تێکڕای کاڵا و کەلوپەلی هاوردەکراوی کوردستان پێکدێنێ.

لە بەدواداچوونێکی پێشووتری رووداودا، بازرگانێک بە (رووداو)ی گوتبوو، هیچ شتێک لە کوردستان رێگە لە خەڵکی ناگرێ ببنە بازرگان یان تەنانەت قاچاخچیی جگەرە "لە وڵاتان ئەم ئەرکە بە چەند کۆمپانیایەک دەسپێردرێ کە دەبێت لە دابینکەری ناسراوەوە بەرهەمەکان وەربگرن و باجیش بدەنە حکومەت، کەچی لێرە هەر کەسێک بیەوێت بە دانی گومرگێکی رەمزی دەتوانێ بیکات".

ئەو بازرگانە کە جگەرە هاوردە دەکات، دەڵێت هیچ وڵاتێکی نەبینیوە هێندەی کوردستان جگەرەی تێدا هەرزان بێت "لێرە هەم باجەکە کەمە، هەم قاچاخیی جگەرە زۆرە و هەم سانسۆریش زۆر لاوازە".

وەک ئەو بازرگانە باسی دەکات، گومرگی کارتۆنێک جگەرە کە دێتە نێو سنووری کوردستان تەنیا 30 هەزار دینارە، لەکاتێکدا کارتۆنێک جگەرە کە لە کوردستانەوە دەچێتە عێراق 90 هەزار دینار باجی دەخرێتە سەر.



بەپێی داتاکان، لە هەرێمی کوردستان رۆژانە بە تێکڕا 22.4 ملیۆن جگەرە دەکێشرێت
(فۆتۆ: رووداو)

### دهۆک زۆرترین جگەرەکێشی تێدایە

بەپێی ئەو ئامارەی (رووداو) لە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستانەوە وەریگرتووە، رێژەی جگەرەکێشان لە کوردستان و عێراقدا بەرزترە لە تێکڕای جیهانی.

د.خاڵس قادر، گوتەبێژ و بەڕێوەبەری گشتیی دیوان لە وەزارەتی تەندروستی، دەڵێ لەسەر ئاستی جیهان 21%ی کەسانی پێگەیشتوو جگەرە دەکێشن، بەپێی رەگەزیش 38%ی پیاوان و 4%ی ژنان جگەرەکێشن، کەچی لە کوردستان رێژەکە زیاترە.

وەک بەرپرسەکەی وەزارەتی تەندروستی گوتی، رووپێوێکی بەرفراوان بۆ زانینی بەربڵاویی جگەرەکێشان لە کوردستان و عێراق بە هاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، زانکۆی بەغدا و نەجەف و وەزارەتی تەندروستیی عێراق و کوردستان دەریخستووە بە تێکڕا 23.4%ی کەسانی پێگەیشتوو جگەرەکێشن، لەنێو رەگەزی نێرینە رێژەکە 43.3% و لەنێو ئافرەتانیش 4.3%یە. هەمان رووپێوی دەریخستووە لە هەرێمی کوردستان زۆرترین رێژەی جگەرەکێشان لە دهۆکە و کەمترینیش لە سلێمانییە.

### هەفتانە 200 کەس دەکوژێ

داتابەیسی جیهانیی (تۆباکۆ ئەتڵەس) کە گرنگیی بە ئامارەکانی پەیوەست بە جگەرە دەدات، دەڵێ عێراقییەکان قوربانییەکی دیاری جگەرەکێشانن.

وەک لە خەمڵاندنەکانی ئەو پۆرتاڵە جیهانییەدا هاتووە، لە عێراق 1.9%ی حاڵەتەکانی مردنی پیاوان و 1.5ی حاڵەتەکانی مردنی ژنان بەهۆی جگەرەکێشانەوەن.

(تۆباکۆ ئەتڵەس) دەڵێ بە بەراورد بە وڵاتە داهات مامناوەندەکانی هاوشێوەی خۆی، ژمارەی کەسانی جگەرەکێش لە عێراق زۆرترە. لە داتاکانیاندا هاتووە، هەفتانە 200 کەس (121 پیاو و 79 ژن) لە عێراق بەهۆی جگەرەکێشانەوە دەمرن.

### یاسا.. مەرەکەبی سەر کاغەز

وەزارەتی تەندروستی دەڵێ ئەوان لە ساڵی 2014دا رێنمایی تایبەت بە جگەرەیان گەیاندووەتە ئەنجوومەنی وەزیران و چاوەڕوانن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گەنگەشەی بکات و بخرێتە کار.

د.خاڵس قادر گوتی "لەو رێنماییانەی رەوانەی ئەنجوومەنمان کردوون، ئاماژە کراوە بە زیادکردنی باج، نووسین بە کوردی لەسەر پاکەتەکان کە زیانەکانی روون بکاتەوە و ستانداردەکانی پاکەتی جگەرە کە وابکات جگەرە سەرنجڕاکێش نەبێ". سەبارەت بەوەی کەی دەخرێنە بواری جێبەجێکردن، د.خاڵس گوتی: "ساڵی 2017 رەزامەندی یەکەمی لەسەر دراوە و نێردراوە بۆ لیژنەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەوەی دیراسەی بکات".

وەک دکتۆر خاڵس باسی دەکات، بۆ ئێستا کاری وەزارەتی تەندروستی تەنیا چاودێریی شوێنە گشتییەکان و پێدانی رێنماییە. هەرچی پشکنین و رێگەپێدانی هاوردەکردنە، وەزارەتی پلاندانان دەیکات.

پەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە 31ی ساڵی 2007 جگەرەکێشانی لە شوێنە گشتییەکان قەدەغە کرد و سزایشی بۆ دانا، بەڵام دکتۆر خاڵس دەڵێ تاوەکو ئێستا ئاگادار نین کەسێک بەپێی ئەو یاسایە سزا درابێ.

### ستراتیژی نیشتیمانیی دەوێت

مامۆستایەکی زانکۆی سلێمانی دەڵێ بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان پێویستی بە ستراتیژێکی نیشتیمانی هەیە کە جددی و فرەڕەهەند بێ.

د.عەبدولفەتاح هەورامی، مامۆستای سکوڵی پزیشکی لە زانکۆی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت: "بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەر وڵاتێک ئەجێندایەکی بەرفراوانی نیشتیمانیی دەوێ، دەبێ بەرپرس و بڕیاربەدەستان و سیاسەتڤانان بەتایبەتی، بە وردی تێبگەن و پرۆژەیەکی بۆ دابڕێژرێ کە لە هەموو روویەکەوە رووبەڕووی جگەرە ببێتەوە، هەر لە زیادکردنی باج، تاوەکو بنیاتنانی سەنتەری توێژینەوە و پێکهێنانی نێوەندی ئەوتۆ کە یارمەتی خەڵک بدەن بۆ وازهێنان لە جگەرە".

---



# بۆچی کچان قژیان هەڵدەوەری؟

رووداو- فۆکس نیوز

لە هەردوو رەگەزەکەدا بەگشتی لەگەڵ چوونە تەمەن، قژ زۆرتر دەڕووتێتەوە، بەڵام کاتێک قژی کچێکی لاو دەست بە هەڵوەرین دەکات، ئەوە دەبێتە هۆی خەمگینی و گوشاری دەروونیی هەراسانکەر لەو تەمەنەدا کە بەلای کچانەوە بەهایەکی زۆری هەیە لە پاراستنی جوانیدا.

تەمەنی لاوێتی بەشێکی بەرچاو لە کچان، خاڵی نییە لە خەمی تەنکبوون و ژاکانی قژ، هەواڵە خۆشەکەش ئەوەیە کە زۆرکات چارەسەری هەیە. ئەمانە هۆکارە سەرەکییەکانی رووتانەوەی قژی کچانن:

**1- هۆرمۆنەکان:**

لە جەستەی کچانی لاودا هۆرمۆنەکان لە بەرزی و نزمیدان، ئەو بەرزی و نزمییە وەک چۆن کار لە گەشە و هەست و سۆزیان دەکات، کار لە گەشە و بەهێزیی مووەکانیشیان دەکات. هۆرمۆنی بەرپرس لەم حاڵەتەش بریتییە لە هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن کە بە هۆرمۆنی نێرینە ناسراوە و بە رادەیەکی بەرز لە پیاواندا هەیە، بەڵام جەستەی خانمانیش بە بڕێکی کەمتر ئەم هۆرمۆنەی تێدایە. هۆرمۆنەکە لەلایەن ئەنزیمێکی چەورییە رژێنەکانی مووەکانەوە دەگۆڕێت بۆ جۆرێک کە بە دایهادرۆ تێستۆستیرۆن ناسراوە. ئەمەی دوایی دەبێتە هۆی پووکانەوەی چیکڵدانەی مووەکان و هەڵوەرینیان.

بۆیە لەکاتی بەرزبوونەوەی ئاستی ئەو هۆرمۆنەدا، کچان قژیان دەڕووتێتەوە و تەنک دەبێت. کاتێک گەیشتنە تەمەنی پێگەیشتن و هۆرمۆنەکانیان باڵانسیان وەرگرت، ئیدی کەمتر هەست بە رووتانەوەی خێرای قژیان دەکەن.

**2- دەرمان:**

هەندێک دەرمان هەن لە هەریەک لە لاوان و پێگەیشتوواندا دەبنە هۆی رووتانەوەی قژ. لە خانمانی لاودا ئەو دەرمانە هۆرمۆنییەی بۆ رووبەڕووبوونەوەی لێکەوتەکانی وردەکیسی هێلکەدان (PCOS) بەکاردێ، هۆکاری سەرەکییە.

لە نموونەی دەرمانەکانی دیکە کە دەبنە هۆی قژڕووتانەوە: دەرمانەکانی دژە مەیینی خوێن، بێتابلۆکەرەکان و بڕی زۆر بەرزی ڤیتامین ئەی.

**3- خۆراکی نادروست:**

گەنجانی ئێستا لەبری میوە و سەوزە بخۆن، خەریکی خواردنی خۆراکە دەستکردە شیرین و چەورەکانن، ئەوەش مووەکانیان تووشی بەدخۆراکی دەکات، لاواز و ژاکاویان دەکات. هەندێکجار رێجیمی زۆر توندی خۆراکی دەبێتە هۆی بێبەشبوونی جەستە لە ڤیتامین و کانزا پێویستەکان.

**4- ستایل:**

بۆ رێکردن لەگەڵ رەوتی مۆدێلات و ستایلی ئەمڕۆ، کچانی گەنج پەنادەبەنە بەر بەکارهێنانی ئامێری گەرمکەری مووەکان، یان توند بەستنیان. هەموو ئەوانەش رێگە خۆش دەکەن بۆ وشکبوونەوە و ناسکبوونەوەی تاڵەمووەکان و هەڵکێشانیان.

**5- نەخۆشی:**

هەندێکجار رووتانەوەی مووەکان ئاماژەیە بۆ نەخۆشییەکی دیکەی جەستەیی، بۆ نموونە ناتەواویی رژێنی دەرەقی، شەکرە، نەخۆشیی پێست، ناتەواویی پێستی سەر و هەندێک حاڵەتی دەروونی کە تێیاندا کەسەکە بێئەوەی سەرنجی تەواوی لەسەر خۆی بێ، مووەکانی سەری خۆی هەڵدەکەنێ.

---

# نەخۆشیی دڵ لە پشدەر و بیتوێن روو لە هەڵکشانە

عومەر چاوشین
رووداو- راپەڕین

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستیی راپەڕین، رێژەی تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ لەنێو دانیشتووانی دەڤەری پشدەر و بیتوێن روو لە هەڵکشانە.

بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ماوەی رابردوودا ئاماری دوو ساڵ و چوار مانگی رابردووی بڵاوکردووەتەوە. تەها محەممەد، بەڕێوەبەری بەشی راگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی راپەڕین بە (رووداو)ی گوت، لە ساڵی 2015دا 1254 کەس لە پشدەر و راپەڕین بە تووشبووی نەخۆشیی دڵ تۆمارکراون، لە هەمان ساڵدا 254 کەس بەو نەخۆشییە مردوون. ساڵی رابردوو ژمارەی تووشبووان بۆ 1368 کەس بەرز بووەتەوە و 272 کەسیش مردوون. لە ماوەی چوار مانگی یەکەمی ئەمساڵیشدا 364 کەس تۆمار کراون و 118 کەسیش بەو نەخۆشییە مردوون.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، نەخۆشیی دڵ و خوێنبەرەکان هۆکاری یەکەمی مردنە لە جیهاندا. بەگوێرەی ئەو راپۆرتە، لە ساڵی 2015 دا نزیکەی 17 ملیۆن کەس بەو نەخۆشییە مردوون.

دکتۆر سەعید عوسمان، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی هەناو و دڵ، دەڵێت: "نەخۆشیی دڵ لە ئەنجامی تێکچوون و رەقبوونی خوێنبەرەکانی دڵەوە دەبێ. کەسی تووشبوو هەست بە ئازاری سنگ دەکات، ئەگەر نەخۆشییەکە چارەسەر نەکرێ سەردەکێشێ بۆ جەڵتەی دڵ کە بەوهۆیەوە بۆڕیی خوێن دەگیرێت و ماسولکەکانی دڵ خوێنیان لێدەبڕێت و سست دەبن. کاتێکیش ماسولکەکانی دڵی سست دەبن، دڵ وەکو پێویست ناتوانێ خوێن بنێرێت بۆ بەشەکانی لەش".

سەبارەت بە هۆکاری رەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ، ئەو پزیشکە دەڵێت هەندێک لە هۆکارەکان نەگۆڕن، وەکو تەمەن: لەو کەسانەدا زیاترە کە بە تەمەنن. بۆماوەیی و رەگەز کە پێش تەمەنی 50 ساڵی پیاوان زیاتر تووشی دەبن.

ئەو هۆکارانەشی کە دەکرێ گۆڕانکارییان تێدا بکرێ، بریتین لە: جگەرەکێشان، چەوری، بەرزیی گوشاری خوێن، شەکرە، جووڵەی کەم، خواردن و خواردنەوەی نادروست. قەڵەوی و گوشاری دەروونی.



---

# حەوت رێگا بۆ بەرەنگاربوونەوەی پرخەی خەو

رووداو- دەیلی میرەر

پرخەی خەو هۆکارێکی دابەزینی کواڵیتی خەوە بۆ خودی کەسەکە و ئەوانەشی کە لە نزیکی دەخەون، بۆیە گرنگە کەسەکە بیر لە رێگەچارە بکاتەوە بۆ نەهێشتنی.

ئەم حەوت رێگایە سەلمێندراوە کە کاریگەرن لە کەمکردنەوەی پرخەی خەو:

**1- کێشی جەستەت رێکبخە:**

زیادبوونی کێشی جەستە بە چەند کیلۆگرامێک، پرخەی خەویش زیاد دەکات، چونکە چەوریی دەوری قوڕگ دەبێتە هۆی گوشارخستنەسەر بۆڕییەکانی هەوا و ناهێڵێ هەوا بە ئاسانی بەو بۆڕییانەدا بێت و بچێ.

**2- لەسەر تەنیشت بنوو:**

کاتێک لەسەر پشت دەخەوی، زمان، چەناگە و چەورییەکانی دەوروبەریان گوشار دەخەنە سەر بۆڕییەکانی هەواو و تەسکیان دەکەنەوە و پرخە دروست دەکەن. ئەگەر لەسەر لا بخەوی، ئەو گوشارە بەو شێوەیە دروست نابێ!

**3- بەر لە نووستن کحول مەخۆرەوە:**

کحول وادەکات لەکاتی نووستندا ماسولکەکان زیاد لە پێویست خاو ببنەوە، ئەوەش پاشەوەی قوڕگ زۆرتر شلۆق دەکات و پرخەی خەو زیاد دەکات.

**4- واز لە جگەرەکێشان بهێنە:**

جگەرە دەبێتەهۆی هەوکردن و هەڵاوسان لە دیوارەکانی لووت و قوڕگدا، ئەوەش هاتوچۆی هەوا ئاستەم دەکات و پرخەیەکی زۆرتر دروست دەکات.

**5- مەهێڵە لووتت بگیرێ:**

هەناسەدان لە رێگی دەمەوە، هۆکارێکی دروستبوونی پرخەی خەوە. بۆیە ئەگەر بەهۆی هەستەوەرییەوە لووتت گیراوە، هەوڵ بدە دەرمان و سپرای دژە هەستەوەری بە رێنمایی پزیشک بەکاربهێنی بۆ بەربوونی لووتت.

**6- سەرکوتکەری پرخە بەکاربهێنە:**

ئەگەر هۆکارێکی تایبەت نەبیندرایەوە بۆ پرخەکەت، ئەوە هەندێک رێگەچارە هەن لە کۆگاکانی دەرمان و پێداویستی پزیشکیی کە بۆ نەهێشتنی پرخە بەکاردەهێنرێن و دەتوانی دانەیەک یان زیاتریان تاقی بکەیتەوە.

**7- سەردانی پزیشک بکە:**

ئەگەر ئەو رێگەچارانەی پێشوو هەموویانت تاقیکردنەوە و هەر چاک نەبووی، ئیدی دەبێ سەردانی پزیشک بکەی، کێ ناڵێ هۆکارەکە گەورەبوونی ئاڵووەکان (لەوزەتێن) نییە کە پێویستی بە لابردن بێ؟ یان شل و شێواویی مەڵاشوو نییە و پێویستی بە توندکردنەوە بێ بە لەیزەر؟

# قاعیدە لە سووریا بۆ جێگرەوەی تەحریری شام دەگەڕێ

ڕووداو- هەولێر

هەندێ سەرچاوەی نزیک لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا لە ئیدلیب دەڵێن سەرکردایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە خەریکی دامەزراندنی لقێکی نوێن لە سووریا، چونکە چیدی متمانەیان بە گرووپی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی جاران) نەماوە. هەندێ کەسایەتی ئیسلامیی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا وەکو لە لێکۆڵینەوەیەکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتووە، ئاشکرایان کردووە کە ئەلقاعیدە دەیەوێ ڕێکخراوێک دروست بکات لە مۆدێلە سەروونەتەوەییەکەی خۆیەوە نزیکتر بێ و خاوەنی هەمان ڕوانگەی ئەو بێ.

چارلز لیستەر، توێژەر و شارەزای کاروباری سووریا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI) کە دامەزراوەیەکی ئەمریکییە، لە زاری سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریاوە دەڵێت قاعیدە لەبەر دوو هۆکار چیدی متمانەی بە هەیئەتی تەحریری شام نەماوە. یەکەمیان ئەوەیە کە پێیوایە هەیئەتەکە لەڕووی ستروکتور، دونیابینی و کردارەوە بەکەڵک نەماوە و دووەمیش ئەوەیە سەکردایەتی هەیئەتەکە چیدی پابەن نین بەو پەیمانەی بە ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی قاعیدەیان دابوو.

لیستەر دەڵێت ریشەی ناکۆکییە ستراتیژییەکانی نێوان هەیئەی تەحریر و قاعیدە بۆ تەمووزی 2016 دەگەڕێتەوە، کاتێک بەرەی نوسرە ناوی خۆی بۆ بەرەی فەتحی شام گۆڕی و ڕایگەیاند چیدی پەیوەندییان بە قاعیدەوە نەماوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی (MEI)، بەرەی نوسرە بۆ ئەو هەنگاوە ڕاوێژیان بە ئەیمەن زەواهیری، سەرکردەی قاعیدە نەکردبوو.

کەسێکی نزیک لە هەیئەی تەحریر بە توێژەرەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕاگەیاندووە "زەواهیری لە 2014ەوە هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرکردایەتی نوسرە (تەحریری شامی ئێستا) نەبووە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەبو محەممەد جۆلانی (سەرکردەی سەربازیی هەیئەی تەحریر) خۆی بڕیار دەدا و چاوەڕێی مۆڵەتی زەواهیری ناکات".

کێشەکە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە دوو ستراتیژی جیاوازەوە هەیە. باڵی سەرکردایەتی ناوەندیی قاعیدە پێیانوایە ڕێکخراوەکە دەبێ شوناس و ستراتیژی سەروونەتەوەیی خۆی بپارێزێت. بەڵام هەنگاوەکانی جۆلانی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئاماژەیەکن بەوەی باڵی سووریای ڕێکخراوەکە دەیەوێ فۆکەسی خۆی بخاتە سەر فراوانکردنی پانتایی دەسەڵات و کاریگەریی خۆی لە سووریا. زەواهیری لە دوایین تۆماری دەنگیی خۆیدا ئەوە بە "هەڵە" وەسف دەکات و داوا دەکات "هەڵەکان ڕاست بکرێنەوە".

ڕاپۆرتەکە دەشڵێت لەناو سەرکردایەتی هەیئەی تەحریریشدا ئەوانەی بۆچوونیان لە سەرکردایەتی ناوەندیی قاعیدەوە نزیکە، دژی هەنگاوەکانی جۆلانین.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی (MEI) ، ئەوانەی لە بەرەی نوسرەی جاران جیابوونەتەوە، ئێستا خەریکی دروستکردنی لقێکی نوێی قاعیدەن لە سووریا. فەرماندەیەکی ئەحراری شام بە لیستەری گوتووە، ئەوانەی خەریکی ئەو کارەن ژمارەیەک لە گرنگترین فەرماندەکانی قاعیدەن لە سووریا.

لە نێوەڕاستی 2015، بەرەی نوسرە خاوەنی 8 بۆ 10 هەزار چەکدار بوو کە زۆرینەیان لە بەرەکانی جەنگی دژی ڕژێمی سووریادا بەشدار بوون. سەرکەوتنە سەربازییەکانی ئەم گرووپە لە دژی سوپای سووریا و دامەزراندنی سیستەمی بەڕێوەبەری بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بنکەیەکی گەورەی بۆ ڕێککخراوەکە دروستکرد.

لە کۆتاییەکانی 2015ەوە نوسرە و قاعیدە ڕووبەڕووی سێ تەحەدای گەورە بوونەوە: یەکەمیان گۆڕانکارییە نێوخۆییەکانی نوسرە بوو (پراگماتیزمی سیاسی و ئاینی)، دووەمیان ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و سەربازییانەی لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریادا ڕوویدەدا (دروستبوونی گرووپی چەکداری ئیسلامیی نوێ کە لە چوارچێوەی سووریادا بیریان دەکردەوە). سێیەمیشیان پەیوەندی بە هێزە دەرەکییەکانی بەشدار لە قەیرانی سووریا هەبوو (گۆڕانی بەرژەوەندیی وڵاتەکان و تێڕوانینیان بۆ قەیرانی سووریا). ئەم سێ گۆڕانکارییە بوونە هۆی ئەوەی قاعیدە چیدی نەتوانێ بەو ئاسانییە خەونە سەروونەتەوەییەکەی خۆی بهێنێتەدی.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی (MEI) ، لە نێوەڕاستی 2016 لە کۆبوونەوەی نێوان نوسرە و گرووپە ئیسلامییە چەکدارەکانی دیکەی سووریادا پڕۆژەی نوسرە بۆ دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە باکووری سووریا ڕەتکرایەوە، لەبەر ئەوەی گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە پێیانوابوو پڕۆژەی دامەزراندنی ئیمارەت هێندەی لە خزمەتی ئامانجە درێژخایەنەکانی قاعیدەدایە، هێندە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی سووریادا نییە.

## جۆلانی گرەوەکەی دۆڕاند

دوای ئەو کۆبوونەوەیە، ژمارەیەک لە سەرکردە باڵاکانی نوسرە (بۆ نموونە ئەمیری نوسرە لە حەلەب) هەوڵەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ ئەوەی جۆلانی هان بدەن زیاتر لە چوارچێوەی سووریادا بیر لە گرووپەکە بکاتەوە و خۆی لە قاعیدە دووربخاتەوە و هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێوخۆیی لەگەڵ گرووپە چەکدارە ئیسلامییەکانی دیکەی سووریا بدات.

ساڵح ئەلحەمەوی، سەرکردەی دوورخراوەی نوسرە، بە توێژەرەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی ڕاگەیاندووە "جۆلانی دوو بژارەی لەبەردەست بوو، جیابوونەوە لە قاعیدە و یەکگرتن لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی دیکە یان ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، سیاسی و سەربازی".

ڕاپۆرتەکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەمریکییەکان، ئامانجی نوسرە لەو هەنگاوە ئەوە نەبووە لە لیستی تیرۆر دەربهێنرێن، بەڵکو دەیانویست قەناعەت بە ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بکەن نوسرە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە درێژخایەن و تایبەتەکانی سووریادا بیردەکاتەوە، لەوێشەوە ڕازییان بکات کە ببنە هاوپەیمانی.

بەڵام جۆلانی گرەوی پێکهێنانی بەرەی هاوپەیمانی لەگەڵ گرووپە ئیسلامییەکانی دیکەی سووریای دۆڕاند. لە شەش مانگی کۆتایی 2016دا، نوسرە سێ جار هەوڵی پێکهێنانی ئەو بەرەیەی دا، بەڵام هەرسێ هەوڵەکە شکستیان هێنا. هۆکاری سەرەکیی شکستەکەش گرووپی ئەحراری شام بوو کە لەلایەن هەیئەی تەحریرەوە بە داردەستی تورکیا لەقەڵەم دەدرێ. نوسرە، تورکیا بە هۆکاری سەرەکی کەوتنی حەلەب دەزانێ و دژی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتیش بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، دەزگای هەواڵگریی تورکیا لە مانگی ئابی 2016 ژمارەیەک کۆبوونەوەی نهێنی لەگەڵ گرووپە ئۆپۆزیسیۆنەکانی سووریا کردووە بۆ ئەوەی بیر لە هەڵمەتێکی دژی بەرەی فەتحی شام بکەنەوە.

## داهاتوو چی لێدێت؟

تەنیا لە ماوەی شەش مانگدا بەرەی نوسرە دووجار ناوی خۆی گۆڕی. یەکەمجار لە تەمووزی 2016دا ناوی خۆی بۆ بەرەی فەتحی شام گۆڕی، دواتریش لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ ناوی خۆی بۆ هەیئەی تەحریری شام گۆڕی. گۆڕانکاری دووەمیان ناکۆکیی نێوان گرووپە نوێیەکە و ئەحراری شامی قووڵتر کردەوە، لەبەر ئەوەی سەرکردەی گشتیی هەیئەی تەحریر فەرماندەیەکی کۆن و دەستلەکارکێشاوەی ئەحرارە. وەکوو ڕاپۆرتەکەش دەڵێت، پێناچێت زەواهیری بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری گۆڕانکاریی دووەمیان بووبێ.

یەکێک لە سەرکردەکانی گرووپە ئیسلامییەکان لە ئیدلب بە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەی ڕاگەیاندووە "ئێستا هەیئەی تەحریر ڕێگە بە قاعیدە دەدات جۆرێک لە ئازادی کارکردنی هەبێ، بەو مەرجەی دەست لە کاروباری نێوخۆیی هەیئەی تەحریر وەرنەدەن". بەڵام بەردەوامبوونی ئەم دۆخە ئاسان نییە". حاڵی حازر باڵی ناوەندی قاعیدە لە سووریا ئەوەندە چەکدارەی نییە کە ڕووبەڕووی هەیئەی تەحریر ببێتەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێ هەتا داهاتوویەکی نادیار تەنیا بە ڕەخنەگرتن و دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر سیاسەتەکانی هەیئە ڕازی بێت.

ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشبینی دەکات لە داهاتوودا دوو ئەکتەری چەکداری سەرەکیی ئیسلامی لە ئیدلیب و باکووری ڕۆژئاوای سووریا بێنەئاراوە. لەلایەکەوە قاعیدە گرووپە جیهادییە بچووکەکان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە هەیئەی تەحریر هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی خۆی لە ئیدلیب و ناوچەکانی دەوروبەری بدات.


تەحریری شام لە کۆنترۆڵی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەدا نەماوە

# کۆشکی سپی گومانی لە زاواکەی ترەمپ هەیە

ڕووداو- هەولێر

ناوەندە هەواڵگرییەکانی ئەمریکا ئاشکرایان کردووە جارد کۆشنەر، زاوا و ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا، گومانی ئەوەی لەسەرە پەیوەندی بە دەستێوەردانی ڕووسیاوە هەبووبێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە 2016. بەو پێیەش، لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە دێتە ناو بازنەی خێزانیی سەرۆک خۆیەوە.

ڕۆژنامەی (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی، لە زاری کەسانی ئاگادار لە دۆسیەکە، ئاشکرای کردووە کۆشنەر لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ سێرگەی کیسلیاک، باڵیۆزی ڕووسیا لە ئەمریکا و بانکدارێکی ڕووسی کۆبووەتەوە، دواتریش بریکارێکی خۆی ڕەوانەی لای باڵیۆزەکە کردووە. دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا دەیانەوێ بزانن پەیوەندییەکانی کۆشنەر و حکومەتی ڕووسیا لە چ ئاستێکدایە، مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە و ئاخۆ پەیوەندی بە دەستێوەردانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکاوە هەیە یان نا؟

بەرپرسانی هەواڵگری و ئەمنی بە (واشنتن پۆست)یان نەگوتووە کوشنەر ئامانجی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانە، بەڵام ناوی کۆشنەر لەنێو لیسی ئەو کەسانەدایە کە دەبێ پرسیار و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێ.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە ڕۆژی 20ی کانوونی دووەمەوە دەستبەکار بووە، بەڵام لەو کاتەوە دۆسیەی پەیوەندییەکانی تیمی کەمپینەکەی لەگەڵ ڕووسیا یەخەی خۆی و ئیدارەکەی بەرنەداوە. مایکڵ فلین دوای کەمتر لە مانگێک کارکردن لە کۆشکی سپی، ناچار بوو دەست لە پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی سەرۆکی ئەمریکا هەڵبگرێت. فلین تۆمەتبار بوو بەوەی بەر لە دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێ، پەیوەندی بە باڵیۆزی ڕووسیاوە لە ئەمریکا کردبوو، بەڵێنی پێدابوو لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ترەمپدا سزاکانی سەر ڕووسیا سووکتر بکرێن.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە ئەمریکییەکە، فلین لە کۆبوونەوەکەی سەرەتای کانوونی یەکەمی 2016 لەگەڵ کۆشنەر بووە. کۆشنەر هەمان مانگ کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سێرگەی گۆرکۆڤ، سەرۆکی بانکی ڤنێش ئیکۆنۆمی ڕووسی هەبووە. وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا بەهۆی پشتگیریی ئەو بانکە لە جوداخوازەکانی ئۆکراینا، سزای لەسەر داناون. بۆیە ئەگەر کۆشنەر بە تۆمەتی تێوەگلان لەگەڵ حکومەتی ڕووسیاش لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێ، ئەوا بە تۆمەتی پشتگوێخستنی سزاکانی حکومەتی ئەمریکاوە دەکەوێتە ژێر لێپرسینەوە.

بەرپرسێکی هەواڵگریی ئەمریکا دەڵێت لە لێکۆڵینەوەکانی کۆشنەردا دەکرێ باس لە کۆبوونەوەکانی پێش دانیشتنەکەی کانوونی یەکەمیش بکرێ، لەوانەش ئەو بۆنەیەی مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو لە هۆتێل مەی فلاوەر (Mayflower) بەڕێوەچوو کە تێیدا کۆشنەر و کیسلیاک بەشداربوون و ترەمپ بەڵێنی دا ئەگەر ببێت بە سەرۆکی ئەمریکا پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتن دەدا. بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی، کۆشنەر لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی پاکانەی ئەمنیدا، باسی ئەو کۆبوونەوەیەی نەکردووە. پارێزەرەکەی کۆشنەریش ئەوەی بە هەڵەیەکی تەکنیکی ناو بردووە.

جارد کۆشنەر، هاوژینی ئیڤانکا ترەمپ و یاریدەدەر و ڕاوێژکاری باڵای ترەمپە، بەرپرسی پرۆسەی چارەسەری و ئاشتیی نێوان دەسەڵاتی فەلەستینی و حکومەتی ئیسرائیلە، جیا لەمە ئەرکی دانوستاندنی ئابووری و بازرگانی لەگەڵ چین، کەنەدا و مەکسیکیشی لە ئەستۆیە. کەسانی نزیک لە ئیدارەی کۆشکی سپی دەڵێن کۆشنەر باوەڕپێکراوترین کەسی ترەمپە. پارێزەرەکەی کۆشنەر دەڵێت ئامادەیە ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرسان و بازرگانانی ڕووسی بۆ لیژنەی هەواڵگریی ئەنجوومەنی پیران باس بکات.

سەرەتای ئەم مانگە جەیمز کۆمی بە فەرمانی ترەمپ لە پۆستی بەڕێوەبەری فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) لادرا. ڕاپۆرتەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن دۆسیەی پەیوەندییەکانی کەمپینی هەڵبژاردنی ترەمپ لەگەڵ ڕووسیا هۆکاری لادانی کۆمی بووە. لە پاش لادانی کۆمی، ڕۆبەرت مولەر، بەڕێوەبەری پێشووی (FBI) ئەرکی بەڕێوەبردنی دۆسیەکەی پێ سپێردراوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری پۆلیتیکۆی ئەمریکی، ژمارەیەک لە بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی هەوڵەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکان کاریگەری لەسەر ئەجێندای سەرۆکایەتی ترەمپ دانەنێت.

ڕاپۆرتەکەی پۆلیتیکۆ لەسەر زاری ژمارەیەک کاربەدەستی کۆشکی سپی ئاشکرای کردووە ستیڤ بەنۆن، داڕێژەری ستراتیژی ترەمپ و ڕاینس پریبەس، سەرۆکی دیوانی کۆشکی سپی گەشتەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەوروپایان لەگەڵ ترەمپ تەواو نەکردووە و گەڕاونەتەوە بۆ واشنتن. دوای گەڕانەوەشیان کۆبوونەوەیەکیان لە ئاستی بەرپرسانی باڵا ڕێکخستووە و تەنانەت پەیوەندییان بە پارێزەر و مافناسانەوە کردووە بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی ڕووسیادا بکەن.

بەرپرسێکی باڵای کۆشکی سپی بە گۆڤارە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە، کۆشکی سپی تەنیا نیگەرانی ئەوە نییە دۆسیەکە بەرپرسانی باڵای کۆشکی سپی بگرێتەوە، بەڵکو زیاتر نیگەرانی ئەوەن درێژبوونەوەی لێکۆڵینەوەکان "کۆشکی سپی ئیفلیج بکات" و هەموو وزە و توانای فەرمانگەکانی ئەمریکا بۆ خۆی بەرێت. بەرپرسەکەی کۆشکی سپی کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ، گوتی "ئەگەر ئەو هەموو وزە و توانایە بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە بڕوات، دیار نییە حکومەت چۆن دەتوانێ سیاسەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات".

ئاری فلیشەر، گوتەبێژی کۆشکی سپی لە سەردەمی جۆرج بوشی کوڕ، بە پۆلیتیکۆی ڕاگەیاندووە "کەیسی ڕووسیا کەیسێکی گەورەیە و کۆشکی سپی دەبێ بە ئارامی مامەڵەی لەگەڵ بکا". فلیشەر پێشنیازی ئەوەش دەکات "دەستەیەکی تایبەت لە کۆشکی سپی پێکبهێنرێ بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆسیەدا بکات و حکومەتیش کاری خۆی بکات".

لە پاش دەستنیشانکردنی مولەر بۆ بەڕێوەبردنی لێکۆڵینەوەکان، ڕاوێژکاری یاسایی کۆشکی سپی داوای لە ستافی ئیدارەکە کردووە سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکان لێدوان نەدەن.

ڕاوێژکارێکی کۆشکی سپی لە لێدوانێکدا بۆ پۆلیتیکۆ، نەیشاردووەتەوە یەکێک لەو کەسانەی کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە ترەمپ خۆیەتی کە لەلایەکەوە لە ڕێگەی تویتەرەکەیەوە پەیامی توند دەنێرێت و لەلایەکی دیکەشەوە لێدوانی ڕاوێژکار و وەزیرانی حکومەتەکەی لەسەر پرسە هەستیارەکان ڕەتدەکاتەوە.


دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا دەیانەوێ بزانن پەیوەندییەکانی کۆشنەر و حکومەتی ڕووسیا لە چ ئاستێکدایە و بۆ کەی دەگەڕێتەوە

(فۆتۆ: AFP)

## گرووپی ئەیر وۆرز:

# 15 هەزار سیڤیل لە شەڕی دژی داعشدا بە هەڵە کوژراون






رووداو – هەولێر

بەگوێرەی راپۆرتی ناوەندێکی لێکۆڵینەوە لە جەنگ، ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکانی جەنگی دژی داعش لە چەند مانگی رابردوودا یەکجار بەرزبووەتەوە، لە کاتێکدا سوپای عێراق دوای 8 مانگ شەڕ خەریکە دوایین گەڕەکەکانی مووسڵ کۆنترۆڵ دەکاتەوە و ماوەی زیاتر لە حەوت مانگیشە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی رەقەقە لە سووریا دەستیپێکردووە.

گرووپی ئەیر وۆرز (Airwars) لە دوایین راپۆرتیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکانی هەڵمەتی سەربازیی دژی داعش لە عێراق و سووریا لە سێ مانگی یەکەمی 2017دا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبووەتەوە. (ئەیر وۆرز) گرووپێکی قازانجنەویستە و زانیاری لەسەر قوربانییە مەدەنییەکانی جەنگی دژی داعش لە عێراق و سووریا کۆدەکاتەوە.

کۆتایی مانگی نیسان، سوپای ئەمریکا لە راپۆرتێکدا رایگەیاند کە لە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییەوە بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە ئابی 2014، زیاتر لە 377 کەسی سیڤیل بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە بوونەتە قوربانی. بەڵام بە گوێرەی راپۆرتەکەی (ئەیر وۆرز)، ژمارەی کوژراوە مەدەنییەکان رەنگە 10 هێندەی ئەو ژمارەیە بێت کە سوپای ئەمریکا رایگەیاندووە.

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی رابردوودا، ئیدارەی پێشووی ئەمریکا کۆمەڵێک لە رێساکانی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەکانی داعش لە عێراق گۆڕی. بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە، فەرماندەکانی سوپا مافی ئەوەیان هەیە راستەوخۆ و بەبێ مۆڵەتی فەرماندەیی ناوەندی داوای هێرشی ئاسمانی بکەن. لە سەردەمی ئیدارەی نوێی کۆشکی سپیدا دەستی فەرماندە و راوێژکارە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا ئاوەڵاتر کرا. رێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، ئەو هەنگاوەی وەزارەتی بەرگری "دەبێتە هۆی ئەوەی هاووڵاتییانی مەدەنی ئەگەری کوژران یان برینداربوونیان زیاتر بێ".

لە راپۆرتەکەی (ئەیر وۆرز)دا تەنیا ژمارەی کوژراوان ئاشکرا نەکراوە، بەڵکو ئاستی پشتڕاستکرانەوە و یەکلابوونەوەی هەواڵی کوژرانەکانی تێدایە. گومان دەکرێ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکوو کۆتایی هەفتەی سێیەمی مانگی ئایار 3131 کەسی مەدەنی بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتییەوە کوژراون. لەو ژمارەیە 171 حاڵەتیان لەلایەن هاوپەیمانانەوە پشتڕاست کراونەتەوە. 529 حاڵەتیان ئەگەری زۆرە هەواڵی کوژرانیان راست بێت، لەبەر ئەوەی وێنە یان ڤیدیۆ یان بیۆگرافیی قوربانیەکە بەردەستە و 2421 حاڵەتیش جێگەی مشتومڕن، واتە ئەو حاڵەتانەی رەنگە بەر هێرشی فڕۆکەکانی عێراق یان سووریا و هاوپەیمانان کەوتبن.

راپۆرتەکە بەپێی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی مەزندە دەکات لە 8ی ئابی 2014 تاوەکو 24ی ئایاری ئەمساڵ، لە 1415 رووداوی نەخوازراودا 10 هەزار بۆ 15 هەزار هاووڵاتیی مەدەنی لە عێراق و سووریا کوژرابن. لەو ژمارەیەش 3681 بۆ 5849 کەسیان بەهۆی هێرشەکانی هاوپەیمانەوە بووە. 3681 کوژراوە مەدەنییەکە ئەو راپۆرتانە لە خۆدەگرێ کە پشتڕاست کراونەتەوە یان بەڵگە هەیە کە دەتوانێ پشتڕاستیان بکاتەوە.

هاوپەیمانان تەنیا 94 رووداوی نەخوازراویان پشتڕاست کردووەتەوە کە تێیدا 377 کەسی مەدەنی کوژراون. بەڵام (ئەیر وۆرز) جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنانەت لەو رووداوە نەخوازراوە پشتڕاستکراوانەشدا ژمارەی کوژراوان لەوە بەرزترە کە هاوپەیمانان ئاشکرایان کردووە. بەپێی راپۆرتی گرووپە بەریتانییەکە، لەو 94 رووداوەدا 635 بۆ 1035 کەسی مەدەنی کوژراون.

راپۆرتەکەی (ئەیر وۆرز) ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە جگە لەو رووداوانەی هاوپەیمانان پشتڕاستیان کردوونەتەوە، 548 رووداوی دیکەش هەن کە بەڵگەی تاڕادەیەک باش لەبەردەستە لەسەر ئەوەی هاوپەیمانان هێرشەکەیان کردووە. لەو رووداوانەشدا لە نێوان 3108 بۆ 4894 کەسی مەدەنی کوژراون. لەو 548 هێرشەش 170ی لە عێراق بووە و مەزەندەی 1414 بۆ 2115 کوژراوی مەدەنی دەکرێ و 378 هێرشیان لە سووریا بووە و مەزندەی 1689 بۆ 2773 کوژراوی مەدەنی دەکرێ.

لەو حاڵەتانەی کە هێرشەکان پشتڕاست کراونەتەوە یان بەڵگە لەبەردەستە بۆ پشتڕاستکردنەوەیان، زیاتر لە 830 منداڵ و زیاتر لە 475 ئافرەت بوونەتە قوربانی.

بەپێی راپۆرتەکە، خوێناویترین مانگ بۆ هاووڵاتیانی مەدەنی مانگی ئاداری ئەمساڵ بووە کە مەزندە دەکرێت 1203 کەسی مەدەنی بەهۆی هێرشە ئاسمانییەکانەوە کوژرابن. لەو ژمارەیە 131 حاڵەت پشتڕاست کراونەتەوە، 192 حاڵەت ئەگەری زۆرە هەواڵی کوشتنەکەیان راست بێت و 880 حاڵەتیش جێی مشتومڕە.

### ژمارەی قوربانیانی شەڕی داعش 10 هێندەی ئەو ژمارەیە کە هاوپەیمانان ئاشکرای دەکەن

### فڕۆکەکانی رووسیا 11 هەزار مەدەنییان کوشتووە

رووسیا لە رۆژی 30ی ئەیلولی 2015ەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و بۆ پشتگیریکردن لە حکومەتی سووریا لە بەرامبەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە بەشدارە لە شەڕی نێوخۆی سووریا. بەگوێرەی داتاکانی (ئەیر وۆرز)، لەو رۆژەوە هەتا 27ی شوباتی ئەمساڵ 1904 رووداوی پەیوەندیدار بە هێرشەکانی رووسیا هەبووە کە خەڵکی سڤیلیان تێدا کوژراون.

مەزندە دەکرێ لەو رووداوانەدا 8324 بۆ 11 هەزار و 282 کەسی مەدەنی کوژرابن. لەو ژمارانەش 3962 کوژراو لە میدیا لۆکاڵییەکان و ناوەندەکانی تۆماری کوژراوە مەدەنییەکاندا بڵاوکراونەتەوە.

### هێرشەکانی هاوپەیمانان

بەگوێرەی راپۆرتی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، لە رۆژی هەڵمەتی دژی چەکدارانی داعش لە مانگی ئابی 2014ەوە هەتا 24ی ئایاری ئەمساڵ، هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی 21 هەزار و 663 هێرشی ئاسمانی لە عێراق و سووریا کردووە. لەو ژمارەیە 12 هەزار و 740 هێرشیان لە عێراق بووە و 8 هەزار و 923 هێرشیان لە سووریا بووە. لە هێرشە ئاسمانییەکانی عێراق 8 هەزار 724 هێرش (واتە 68.5%ی هێرشەکان) لەلایەن ئەمریکا و 4 هەزار و 16 هێرش (واتە 31.5%ی هێرشەکان) لەلایەن وڵاتانی دیکەی ئەندامی هاوپەیمانێتییەکەوە بووە.

بەپێی راپۆرتی هاوپەیمانان، لەکۆی هێرشەکانی سووریا 8 هەزار 518 هێرشیان لەلایەن ئەمریکاوە بووە و 405 هێرشیان لەلایەن وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانەوە.

زۆرترین ژمارەی هێرشی ئاسمانیی هاوپەیمانان لە عێراق لە ساڵی 2015 بووە، لەو ساڵەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی 5230 هێرشی ئاسمانییان هەبووە. بەپێی راپۆرتەکەی (ئەیر وۆرز)، ئەمساڵ هەتا کۆتایی هەفتەی سێیەمی مانگی ئایار 1954 هێرشی ئاسمانی لە عێراق کراوە. لەو ژمارەیەش 1406 هێرش لەلایەن ئەمریکاوە بووە و 548 هێرشیش لەلایەن وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانەوە.

بەگوێرەی (ئەیر وۆرز)، ئەمساڵ هاوپەیمانان 2475 هێرشیان لە سووریا کردووە. زۆرترین ژمارەی هێرشەکان لە مانگی نیسان بووە و 548 هێرش بووە. لە گرافیکەکانی گرووپی (ئەیر وۆرز)دا دەردەکەوێ لە سەرەتای ئەمساڵەوە ژمارەی هێرشەکانی هاوپەیمانان لە سووریا بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە کە دەکرێ پەیوەندی بە هاتنەسەرکاری ئیدارەی نوێی ئەمریکا و چڕبوونەوەی ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی رەقەقەوە هەبێت.

لە ماوەی 1022 رۆژ لە هێرشە ئاسمانییەکانی سەر داعش و قاعیدە لە عێراق و سووریا، 76 هەزار و 649 بۆمب و مووشەک بەکارهاتووە.

تاوەکوو 22ی ئایاری ئەمساڵ هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی ئەمریکا 4238 هێرشی ئاسمانی و تۆپخانە و مووشەکیان لە عێراق لەدژی داعش هەبووە. بەو پێیەش هاوپەیمانە غەیرە رۆژئاواییەکانی ئەمریکا تەنیا 177 هێرشیان لەو وڵاتە هەبووە. لە نێوان هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی ئەمریکادا، بەریتانیا و فەرەنسا زیاتر لە نیوەی ئەو هێرشانەیان بەردەکەوێت. ریزبەندی رێژەی هێرشەکانی وڵاتە رۆژئاواییە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا هەتاوەکوو 22ی ئەم مانگە بەو جۆرە بووە:

- بەریتانیا – 1240 هێرش.
- فەرەنسا – 1149 هێرش.
- هۆڵەندا – 492 هێرش.
- ئوستراليا – 483 هێرش.
- بەلجیکا – 370 هێرش.
- دانیمارک – 258 هێرش.
- کەنەدا – 246 هێرش.
- سعودیە، ئیمارات و ئوردن: 150 هێرشی ئاسمانی.

### ئەمریکا هەڵەی هاوپەیمانەکانی دادەپۆشێ

هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش لە کوژرانی 80 هاووڵاتی مەدەنی بەرپرسیارن کە ئەمریکا خۆی پشتڕاستیان دەکاتەوە. بەڵام هیچکام لەو 12 وڵاتەی بە هێرشی ئاسمانی لە هاوپەیمانێتییەکەدا بەشدارن ئامادە نەبوون بەرپرسیارێتی ئەو هێرشانە هەڵگرن کە 80 کوژراوە مەدەنییەکەی لێکەوتووەتەوە.

وەکوو لە راپۆرتی گرووپە بەریتانییەکەدا دەردەکەوێ هاوپەیمانەکانی ئەمریکا زیاتر لە 4400 هێرشیان لە عێراق و سووریا کردووە. بەگوتەی بەرپرسانی سەربازی ئەو وڵاتانە لەو ژمارە زۆرەی هێرشەکاندا هیچ حاڵەتێکی کوژرانی هاووڵاتی مەدەنی نەبووە، بەڵام بەدواداچوونێکی هاوبەشی گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی) ئەمریکی و گرووپی (ئەیر وۆرز) دەریدەخات ئەو لێدوانەی بەرپرسانی سەربازیی هاوپەیمانەکانی ئەمریکا راست نییە.

لە راپۆرتەکەی 30ی نیسانی هاوپەیماناندا ئاماژە بە 80 هێرش لە عێراق و سووریا دەکرێ کە پێشتر رانەگەیاندرابوون. سێ بەرپرسی فەرماندەیی ناوەندی هێزەکانی ئەمریکا (CENTCOM) پشتڕاستی دەکەنەوە ئەو هێرشانە لە لایەن هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە کراون، بەڵام وڵاتانی بەرپرسیار داوایان لە ئەمریکا کردووە "وردەکاری هێرشەکان بڵاونەکەنەوە".

بەپێی راپۆرتە هاوبەشەکەی (فۆرین پۆڵسی) و (ئەیر وۆرز) بەرپرسانی سەربازی ئەمریکا دڵگەرانن لە هاوپەیمانەکانیان، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانە ئامادە نین "دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن". پێنتاگۆن دانی بەوەدا ناوە کە لە ئاکامی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکادا 377 هاووڵاتی مەدەنی کوژراون، ئەو ژمارەیە 105 مانگی ئازار و لە ئاکامی هێرشی ئاسمانی ئەمریکا کوژران.

بەرپرسانی ئەمریکی ئاماژەیان بەوەداوە ئاشکراکردنی ناوی ئەو وڵاتانە ئاسان نییە کە بەرپرسیارن لە کوشتنی هاووڵاتیانی مەدەنی، لەبەر ئەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی رێککەوتوون لەسەر ئەوەی ئەگەر لە هێرشێکدا هاووڵاتی مەدەنی کوژرا، لە راپۆرتی مانگانەدا وردەکاری و ناوی وڵاتی بەرپرسیار لە هێرشەکە ئاشکرا ناکرێت. بەم پێیە ئەمریکاش دەتوانێ لە داهاتوودا بەرپرسیارێتی ئەو هێرشانە هەڵنەگرێ کە تێیاندا هاووڵاتی مەدەنی گیان لەدەست دەدەن. نهێنی مانەوەی وڵاتی بەرپرسیار لە هێرشەکەش دەبێتە هۆی ئەوەی خێزان و کەسوکاری کوژراوەکان نەتوانن داوای روونکردنەوەی تەواو و قەرەبوو بکەن.

ئامادەکارانی راپۆرتەکە پەیوەندییان بە هەموو 12 وڵاتەکەوە کردووە کە بە هێرشی ئاسمانی بەشدارن. هەموو 12 وڵاتەکە جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هێرشەکانی ئەوان کوژراوی مەدەنی لێنەکەوتووەتەوە، بەڵام بەرپرسانی سەربازی ئەمریکی دەڵێن ئەمریکا هەر کام لەو وڵاتانەی لە جۆر و ئاستی بەرپرسیارێتی وڵاتەکە ئاگادارکردووەتەوە.

یەکێک لەو وڵاتانەی کە لە راپۆرتەکەدا ئاماژەی بۆ دەکرێ بەریتانیایە. ئەم وڵاتە لە ئۆکتۆبەری 2014وە نزیک 1300 هێرشی ئاسمانی لە عێراق و سووریا کردووە. حکومەتی بەریتانیا شانازی بەوەوە دەکات کە هێرشە ئاسمانییەکانی وڵاتەکەی هیچ کوژراوێکی مەدەنی لێنەکەوتووەتەوە. بەڵام داتا جۆراوجۆرەکانی (ئەیر وۆرز) ئاماژە بۆ 120 حاڵەتی کوژران و برینداربوونی کەسانی مەدەنی لە عێراق و سووریا دەکات کە بەریتانیا تێیاندا بەشدار بووە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# هەڵهاتن لە عێراق

با وەکوو گریمانەیەک وای دابنێین کوردستان هیچ ئەجندایەکی نییە بۆ سەربەخۆیی و ئەو قسانەی لەلایەن ژمارەیەک خەڵک و هێزی سیاسییەوە دەکرێن، راستن کە گوایە باسکردنی ریفراندۆم تەنیا بۆ گۆڕینی ئاراستەی سەرنجی خەڵکە لە قەیرانەکانەوە بۆ پرسێکی تر و کوردستان بە دوای سەربەخۆییدا ناگەڕێت. یان ئەو قسانەی کە دەگوترێن گوایە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی نییە و مەبەستەکە ئەوەیە دوای ئەنجامدانی، هەرێمی کوردستان بە هێزێکی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکات. کەواتە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین لە هەردوو حاڵەتەکەدا مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەمێنێتەوە.

ئەمە وەکوو بابەتێکی ماتماتیکی وایە و هەڵە قبوڵ ناکات، هەرێم یان ئەوەتا رێگەی سەربەخۆیی دەگرێت، یاخود مانەوەی لەگەڵ عێراق، هیچ بژارەیەکی ترمان نییە. پێویستە هەر هاووڵاتییەکی کوردستانیش ئەم پرسیارە لەخۆی بکات: ئایا کوردستان لەگەڵ بەغدا بمێنێتەوە باشە، یان بەدوای دەروازەکانی رزگاریدا بگەڕێت؟ ئێستا لە کوردستان خەریکە هەردوو ئاراستەکە روونتر هەستیان پێدەکرێت. تا ئەندازەیەک خەڵک بەسەر ئەو دوو بۆچوونەدا دابەش بوون، بەشێک لەگەڵ مانەوەن لە عێراق و بەشێکیش تا رادەی ریسککردن بە دەستکەوتەکانیشەوە لەگەڵ ئەوەن هەرێمی کوردستان سەربەخۆیی رابگەیەنێت و دەرئەنجامەکانی هەرچییەک بوو مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکرێت.

با بڕوانینە عێراق و وای دابنێین هەرێم دەیەوێ لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە، خۆ دەبێ بزانین ئەم دەوڵەتە بەرەو کوێ دەڕوات و کورد تا کوێ توانای بڕکردنی هەیە لەگەڵ پێشهاتە تازەکانی ئەم وڵاتە. ئەگەر ئەو مێژووەش بخەینە ئەولاوە کە لە دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە تا رووخانی سەدام چی بەسەر کورد هێنراوە، دەبێ سەرەتای پرۆسەی بنیاتنانەوەی عێراق تا ئێستا وەک دەستپێکێکی قۆناغێکی تازەی پێکەوەژیان و پرەنسیپی پێکەوە بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە بکەین بە نموونە بۆ دروستکردنی وێنای وڵاتێک تا بزانین شوێنی ئێمە لەکوێی ئەم وێنایەدایە.

سەرباری ئەوەی کاتێک سەدام رووخا سەرکردەکانی کورد بە گوڕوتین و قورساییەکی سیاسی زۆرەوە روویان کردە بەغدا، ئەوکات کورد لە هەردوو پێکهاتەی عەرەبی بەهێزتر بوو. یەکەم لەبەر ئەوەی ئەمریکا هاتبووە ناوەوە و تا ئەندازەیەک کورد بەشێک بوو لە هاوپەیمانێتی ئەمریکا، دووەم لەبەر ئەوەی پێشتر ئەزموونی حوکمڕانی کوردی لە هەرێمی کوردستان تەمەنێکی هەبوو، پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی کاریگەر و ئامادە لە گۆڕەپانەکە بوون، هێزی پێشمەرگە هێزێکی ئامادە و بەهۆی ئەوەی دەستیان بە چەک و جبەخانەکانی سوپای عێراق گەیشت، تا ئەندازەیەکیش هێزێکی پڕچەک بوون. لایەنە عێراقیەکانیش سوننە لە دەسەڵات هێنرابوونە خوارەوە، شیعەش هیچ ئەزموونێکی بەڕێوەبردنی نەبوو، سوپای عێراق هەڵوەشێنرابووەوە، حیزبە عەرەبیەکان هێشتا پێگەی سیاسی و جەماوەرییان نەبوو. لەبەر ئەو هۆیانە کورد وەک بەشێکی خاوەن بڕیار لە دەسەڵات بەشداری کرد و چەندین پۆستی گرنگی وەرگرت. پرسیار ئەوەیە کورد بەو پێگە بەهێزەوە بەشداریی دەسەڵات و نووسینەوەی دەستوور و داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی عێراقی کرد، بەڵام ئەنجامەکەیمان بینی کە نەیتوانی هیچ کێشەیەکی نێوان کورد و عێراق چارەسەر بکات و نەیتوانی بە رێوشوێنی یاسایی و دەستووری و بە حوکمی ئامادەیی لە بەغدا بستێک خاک وەربگرێتەوە. بگرە چەندین کێشەی تریش دروست بوون کە لە ئایندەدا هیچ کامیان مەترسی و لێکەوتەکانیان لە کێشەکانی رابردوو کەمتر نابن.

عێراقێک لەوپەڕی لاوازی و کوردیش بەو پێگە بەهێزەوە، ئەنجامەکەی ئەوە بوویێت کە تەنها کاتی بەفیڕۆدابێت لەگەڵ بەغدا، ئەی ئەگەر بڕیار بێت ئێستا رووبکەینەوە عێراق کە هاوکێشەکان تەواو پێچەوانە بوونەتەوە، عێراق وڵاتێکی بەهێز و بە دەسەڵات، خاوەن سوپای پڕچەک و حەشدی شەعبی، ئێمەش بە کۆمەڵێک کێشە و قەیرانەوە، چیمان دەستدەکەوێت، ئەوە لەکاتێکدا عێراق بەمجۆرەش نامێنێتەوە و تادێت پێگەی بەهێزتر دەبێت. بەتایبەتی دوای رێککەوتنی ریاز لەنێوان کەنداو و ئەمریکا گوشارەکانی کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لەسەر ناوچەکە چڕتر دەبێت، لەو حاڵەشدا ئێران بیر لە بەدیلی پێگەکەی دەکاتەوە، پێگەی هاوپەیمانەکانی بەهێز دەکات تا لەئەگەری کشانەوەی ئێراندا ئەوان رۆڵی ئەو بگێڕن. یەکێک لەو وڵاتانەی لەڕووی جیۆپۆلیتیکەوە بایەخی گەورەی بۆ نفوزی ئێران دەبێت، عێراقە. لەبەرئەوە ئێران لە ئێستا بەدواوە عێراق بەهێز دەکات تا ئەرکەکانی ئێران لە ناوچەکە تەواو بکات.

واقیعی دوای داعش عێراق دەکاتە وڵاتێکی ناوەندیی بەهێز، چونکە لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەڵاتەوە لە دوای سەدام، شیعە کار بۆ ئەو ئامانجە دەکات. گەرچی سەرەتای پرۆسەکە سوننە بایکۆتی پرۆسەی سیاسییان کرد و گۆڕەپانەکەیان بۆ شیعە بەجێهێشت. بەڵام بەهۆی ئامادەیی ئەمریکا و پێگەی کورد لە دەسەڵات، ئەوکات گۆڕەپانەکە نەکەوتە دەستی شیعە. هەرچەندە دواتر سوننە بەهۆی تیرۆرەوە دۆخێکیان دروستکرد کە هەموو لایەک پێیوابێت بەگەڕانەوەیان بۆ ناو دەسەڵات سەقامگیری دروست دەبێت، بەوهۆیەشەوە زیاتر لە قەبارەی خۆیان درایە. بەڵام دوای کشانەوەی ئەمریکا نە پشکی کورد و نە پێگەی سوننەش نەیانتوانی بەر بە هەژموونی شیعە بگرن. سیناریۆی داعشیش زیاتر ئاوی کردە ئاشی شیعە و بە هۆیەوە کۆتایی بە پێگەی سوننە هێنرا و دوای داعش شتێک لە عێراق نامێنێت بەناوی هەیبەتی سوننە. پێشتر وێناکە بەوجۆرە بوو وەک دڵنیایی هاوسەنگی و پارسەنگ لەنێوان سوننە و شیعە رۆڵێکی گەورەتر بە پێگەی کورد دەدرا. دوای لاسەنگبوونی هاوکێشەکانی نێوان سوننە و شیعە، کورد ئەو رۆڵەی نامێنێ و بگرە لەدوای سوننە ئیتر نۆرەی پەرتەوازەکردن و لاوازکردنی پێگەی کوردیش دێت. بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە ئێستا تا ئەندازەیەکی زۆر عێراق بۆ شیعە یەکلایی بووەتەوە، سوننە لەمەودوا ئەوانەی دەگەنە دەسەڵاتیش، دەبێت سوننەی ئەڵقەلەگوێی شیعە بن، ئەگەر کورد لە بەغدا ئامادەیی هەبێت و پێگەی بەهێز بێت، یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەهێزبوونەوەی پێگەی سوننەکان، بۆیە هیچ لۆژیکێک رێگە بەوە نادات شیعە ئامادەیی ئەوەی تێدابێت دەرفەت بداتەوە بە بەهێزبوونەوەی سوننە. بەمجۆرەش نەک دەرگاکانی بەغدا بۆ کوردێکی بەهێز ناخرێنە سەر پشت، بەڵکوو هێزی بەغدا لە بچووککردنەوەی کورددا بەکاردەبرێت، چونکە مانەوەی کورد بە بەهێزی لە بەرانبەر شیعە، یەکسانە بە هەستانەوەی سوننە کە نە ئێران و نە بەغداش ئەوەیان ناوێت.

کەواتا چاوەڕێکردنی ئەوەی کورد لە عێراق دەتوانێ بەوجۆرە بمێنێتەوە و پارێزگاری لە مافەکانی خۆی بکات و چارەسەر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە، چاوەڕوانییەکی خۆخەڵەتێنەرە. چونکە بەغدا کوردستانێکی بەهێز پەسەند ناکات کە ریسکەکەی لێ بکاتەوە بە خوری، بەڵکوو کوردێکی لەڕوولاوازی دەوێ تەنها بۆ شەرعیەتدان بە ستراتیژی تەشەیوع لەژێر بەیداخی عێراقی پێکەوەژیانی ئاشتییانە. تاکە رێگەچارەی خۆدەربازکردنیش بۆ کورد تا تووشی ناکۆکی و دوژمنایەتی نەبێت لەگەڵ شیعە، ئەوەیە بەخێرایی لە عێراق دووربکەوێتەوە و عێراق بۆ شیعە جێبهێڵێت.



مەجید نیزامەدین گلی

# شەڕێکی چارەنووسسازتر لە شەڕی داعش

هەفتەی رابردوو، فڕۆکە ئەمریکییەکان لە باشووری رۆژهەڵاتی سووریا هێرشێکیان کردە سەر کۆمەڵێک چەکدار. وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا دەڵێت ئەوانە میلیشیای نزیک لە ئێران و پشتیوانی ئەسەد بوون و خەریک بوو لە شارۆچکەی تەنف نزیک دەبوونەوە. تەنف شارۆچکەیەکی بیابانیی بچووکە و دەکەوێتە سەر سنوورەکانی نێوان ئوردن و عێراق و سووریا. لە ئاداری 2016دا سەتان چەکداری ئۆپۆزسیۆنی سووریا لە ئوردنەوە هاتن و بە هاوکاریی سی ئای ئەی شارۆچکەکەیان کۆنترۆڵ کرد.

بۆ من ئەمە یەکەمین تەقەی شەڕی قۆناغی دوای داعش بوو، دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە زۆر لە شەڕی مووسڵ چارەنووسسازترە بۆ باشووری کوردستان.

## گرنگیی تەنف بۆ ئێران

نزیکەی دوو مانگە، هێزەکانی ئەسەد و میلیشیاکانی نزیک لە ئێران دەستیان کردووە بە هەڵمەتێکی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی نزیک سنوورەکانی عێراق. ئەگەر هێزەکانی ئەسەد سەرکەوتوو بن لەو هەڵمەتە سەربازییە، ئەوە چەک و چەکداری شیعی و ئێرانی بە رێگای وشکانی لە عێراقەوە دەگەنە دیمەشق و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست. ئەمە یەکێکە لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێران لە شەڕی سووریا کە بەرپرسانی باڵای ئێرانی وەکو یەحیا رەحیم سەفەوی و راوێژکارانی دیکەی عەلی خامنەیی، بە ئاشکرا باسیان کردووە. کردنەوەی رێگایەکی وشکانی لە تارانەوە بۆ دەریای ناوەڕاست گرنگە بۆ رێگەگرتن لە بێهێزبوون و رووخانی کۆماری ئیسلامی (کە لێرەدا دەرفەت نییە باسی بکەم).

پێشتر جگە لە میلیشیایەکی عەلەوی بەناوی "هەڵۆکانی بیابان"، سوپای سووریا و میلیشیا ئێرانییەکان زۆر گرنگییان بە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی سووریا نەدەدا و زیاتر بۆ داعشیان جێهێشتبوو. بەڵام دوای ئەوەی ئامادەگی سەربازیی ئەمریکا و تورکیا لە رۆژئاوا و باکووری سووریا زیادی کرد، ئێران هیچ هیوایەکی نەما بەوەی بتوانێت بە هاوکاریی یەپەگە ئەو رێگا وشکانیە بکاتەوە.

دیپلۆماتکارێکی وڵاتێکی ئەورووپی بە منی گوت کە ئێران پێشتر بەهیوای ئەوە بوو لەڕێی شنگال و باکووری سووریاوە رێگایەکی وشکانی زامن بکات بۆ ناردنی چەک و چەکدار بۆ سووریا، بەڵام دوای جێگیربوونی هێزەکانی تورکیا و ئەمریکا لە باکووری سووریا، ئیتر تەرکیزی هێزەکانی ئەسەد و میلیشیاکانی سەر بە ئێران کەوتووەتە سەر باشووری سووریا و ناوچەکانی نزیکی دێرەزوور.

ئەوە دوو مانگە میلیشیاکانی ئەلقودسی فەلەستینی (کە سەر بە ئێرانن) و کۆمەڵێک چەکداری حیزبوڵڵا بە هاوکاریی سوپای سووریا، لە ناوچەکانی نزیک دێرەزووری رۆژهەڵاتی سووریا و ناوچەی بادیەی باشووری سووریا شەڕ دەکەن و وردە وردە هەوڵ دەدەن ناوچەکە لە داعش و چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن پاک بکەنەوە. بەڵام ئۆپەراسیۆنەکە زۆر سەرکەوتوو نییە.

کێشەکە ئەوەیە ئێران پێویستی بە چەکداری زیاترە لە سووریا. چەکدارانی حیزبوڵڵا زیاتر خەریکی شەڕەکانی رۆژئاوای سووریان و چەکدارە عێراقییەکانیش ژمارەیان کەمە، ئەوەی دەمێنێتەوە چەکدارە شیعە ئەفغانی و پاکستانییەکانن کە لەشەڕدا باش نین و ئێرانی و سوورییەکان گلەییان لێیان زۆرە و لە سۆشیال میدیاوە دەڵێن تەنیا بۆ پاسەوانێتی باشن.

لەبەر ئەمەیە کە ئێران لە سووریا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە میلیشیا شیعییەکانی عێراق دەبێت، بەڵام بەبێ رێگایەکی وشکانیی کراوە، بردنی ژمارەیەکی زۆری ئەو چەکدارە عێراقیانە بۆ سووریا زۆر زەحمەتە. جگە لەوە، تاوەکو شەڕی مووسڵ و حەویجە تەواو نەبێت و وجودی هێزەکانی پێشمەرگە لە ناوچەکانی ماددەی 140 کەمنەکرێتەوە، بۆ ئێران لەوانەیە زەحمەت بێت قەناعەت بە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بێنێت کە ژمارەیەکی زۆری چەکدار بنێرنە سووریا.

## پەیوەندیی ئەمە بە کوردستانەوە چییە؟

ئەم سیناریۆیە بهێنە پێش چاوت. لە ئەنبارەوە بۆ دێرەزوور و بە رێگا پان و پۆڕەکانی بادیەی سووریادا کاڵای بازرگانی و تەنانەت نەوتی ئێرانی بگاتە لازقیە و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست. پاشان ئێران چەک و چەکدار و پارە بە عێراق و سووریادا بنێرێت بۆ باشووری لوبنان و حیزبوڵڵا. ئەمە نەک هەر ئێران دەکاتە هێزێکی سەر دەریای ناوەڕاست، بەڵکو زۆر پێویستی بە کەنداوی فارسی نامێنێ بۆ گەیشتن بە بازاڕەکانی ئەورووپا و جیهان. ئێستا بۆ ناردنی بەرمیلێک نەوت یان هاوردەکردنی ئایفۆنێک، ئێران دەبێت بە گەرووی هورمز و لەژێر چاوی نزیکەی 30 هەزار سەربازی ئەمریکی و وڵاتە عەرەبییەکانی کەنداو تێیپەڕێنێت. جگە لەو رێگا دەریاییە دوورەی کە نەوتی ئێرانی ناچارە بیبڕێت بۆ ئەورووپا. لەڕووی مێژووییشەوە، ئێران لە سەردەمی رووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەوە خەون بە گەڕانەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست دەبینێ.

راستە لەکاتی کردنەوەی ئەو رێگا وشکانیە و ناردنی چەک بە عێراق و سووریادا بۆ حیزبوڵڵا، لەوانەیە ئیسرائیل و ئەمریکا جار جار بە هێرشی ئاسمانی چەند کاروانێکی ئێرانی تێکبشکێنن، بەڵام ئەو هێرشانە ناتوانن سەتان کاروان بسووتێنن و لە گرنگی سیاسیی ئەو رێگایە کەم ناکەنەوە. ئەمە تەنیا هێڵێکی گواستنەوە نییە، بەڵکو زامنکردنی ئەوەیە کە عەلەوییەکانی سووریا هەر پێویستیان بە تاران بێت و سروشتی تائیفی ئەم پرۆژەیە ئەوە زامن دەکات کە جارێکی دیکە عێراقێکی بەهێز دروست نەبێتەوە هەڕەشە لە سەروەریی تاران بکات.

لەم سیناریۆیەدا، سعودیە و وڵاتانی نەیاری تاران هەموو شتێک دەکەن بۆ ئەوەی ئێران لە عێراق و سووریا ئەوەندە بێ کێشە نەبێت کە دەرفەتی هەبێت بۆ هەڕەشەکردن لە سەقامگیریی رۆژهەڵاتی سعودیەی زۆرینە شیعە و وڵاتانی دیکە. جگە لەوە تورکیا زەحمەتە قەبوڵی ئەوە بکات کە ئێران بێ کێشە لە عێراق و رۆژئاوای سووریادا باڵادەست بێت.

لەبەر ئەوە، ئەگەرێکی زۆر هەیە کە وڵاتانی نەیاری ئێران لەدوای شەڕی داعشیش، لایان گرنگ بێت باشووری کوردستان بە سەقامگیری بمێنێتەوە و هێزەکانی پێشمەرگە بایی ئەوەندە چەکیان هەبێت کە بتوانن رێگا بگرن لە نزیکبوونەوەی حەشدی شەعبی لە سنوورەکانی تورکیا. هەروەها دەزگاکانی سیخوڕیی ئیسرائیل و ئەمریکا لەوانەیە ناچار بن پشت بە هەولێر ببەستن بۆ چاودێریکردنی ئەو یارمەتیە سەربازیانەی بە عێراقدا دەچێتە باشووری لوبنان. ئەمەش بۆ کورد گرنگە. چونکە لە دوای شەڕی داعش هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە وەکو ئێستا پشتگیری لە باشووری کوردستان دەکەن. لەدوای شکستپێهێنانی داعش، کەس ناتوانێت گەرەنتی ئەوە بکات کە ئەمریکا وەکو ساڵی 2011 لە عێراق ناکشێتەوە. کێ پێش ساڵی 2011 پێشبینی ئەو کشانەوە یەکجارەکییەی ئەمریکای دەکرد لە عێراق؟ پاشان ئابی 2014مان لەبیرنەچێت کاتێک داعش لە هەولێر نزیکبووەوە و دڵنیانەبووین کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بەهانامانەوە دێن یان نا. کەواتە دوای شەڕی داعش لەوانەیە زۆر شت (بە باش و بە خراپ) روودەن کە کەس لە خەیاڵیدا نەبێت، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئێران لەوانەیە پاڵنەرێکی سەرەکی بێت لە پشت بەردەوامی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ کورد. سەرکەوتنی ئێران لە سووریا لەوانەیە ببێتە هۆکاری سەرەکی بۆ پاڵپشتی نێودەوڵەتیی زیاتر لە سەقامگیریی باشووری کوردستان.

وەکو لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بابەتەدا باسمکرد، جگە لە ئێران و سعودیە، هەموو وڵاتانی دیکەی بەشداربووی شەڕی سووریا، ئامانجی کورتخایەنیان هەیە. لەبەرئەوە ئەگەرێکی زیاتر هەیە کە سەرکەوتن یان شکستی ئێران و سعودیە لە سووریا زیاتر دەرئەنجامی درێژخایەن و بەردەوامی هەبێت لەسەر ناوچەکە و باشووری کوردستان.

***مەجید نیزامەدین گلی، بەرپرسی نوسینگەی رووداو لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک و پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.**



رابەر تەلعەت

# فەیسبووک.. خاڵیبوونەوە تا بێدەنگی

بەهاری عەرەبی و کاریگەریی فەیسبووک و تویتەر لە وروژاندنی شەقامدا، رووداوێکی کاریگەر بوو کە زۆر خێرا بووە جێگای تێڕامان و لێکۆڵینەوەی سیاسی و سۆسیۆلۆژی لەسەر ئەو تێگەیشتنەی کەوا تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی دەتوانێت چ خزمەتێک بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکات و چ کاریگەرییەکی بەسەر رەوتی گۆڕانکاری و رووداوەکانەوە هەبێت. گومان لەوەدا نییە زانیاری و تۆڕەکانی پەیوەندی، گواستنەوە و هۆیەکانی بڵاوبوونەوەی هەواڵ و دەستڕاگەیشتنی هەموو کەس بەو ئەندازە و بڕە زۆرە لە زانیاریی هەمەچەشن، دەسکەوت و باشییەکانی زۆر زیاترن لە زیانەکانی، یان باشترە بڵێم با واز لە هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای زەرەر و قازانج بهێنین، تۆزێک خۆمان لەو لۆژیکە بازرگانییە بەدوور بگرین و وەک دیاردە خوێندنەوە بۆ چەند لایەنێکی بوون و کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەین لە ژیانی مرۆڤی مۆدێرندا، بە تایبەتیش فەیسبووک لە ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستاندا.

ئێستا، ئەوەی لە فەیسبووکدا دەبینرێت، زیاتر دەرئەنجام و لێکەوتەیە نەک فاکتەرێکی سەربەخۆ. هەژمار و رووپەڕەکانی فەیسبووک سەکۆیەکن بۆ نیشاندان و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا لە چەندین فۆرمی جیاوازدا. کاریگەرییان بەسەر سیاسەتەوە زۆر جار پاسیڤە، وەک ئەوەی کە دەبنە ئامانجی کەسان و لایەنێک بۆ خۆدەرخستن و فرۆشتنی هەڵوێست و پۆپۆلیزم، کەم هەڵدەکەوێت وەک ئاکتۆرێکی ئەکتیڤ رۆڵیان لە بەڕێخستنی رەوتێک یان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا گێڕابێت. باس و نووسین، دروشم و تەنانەت زۆر لە هەڵوێستەکانی نێو فەیسبووک، لە نووسراوی سەر دیواری ئاودەستی مزگەوت و شوێنە گشتییەکان دەچن، هەموو شتێک کە تابۆیە و بقەیە و حەرامە، تێیاندا دەنووسرێت و باس دەکرێت، هەموو کەس خۆی خاڵی دەکاتەوە لەو دونیا مەجازییەدا، بەڵام کەس بە تایبەت ناچێت بۆ ئاودەستەکان بۆ خوێندنەوەی ئەو دروشم و نووسینانە.

لەسەر رووپەڕی ئەکاونتەکانی فەیسبووک تێگەیشتن و سەلیقەی جیاواز هەیە بۆ هەر پرس و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستاندا روودەدات، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و گومانی تێدا نییە، بریتییە لەوەی حیزبەکان توانیویانە خەڵک دابەش بکەن، ئەمەش تا رادەیەک ئاسایی دێتە بەرچاو، چونکە ئەگەر حیزب نەتوانێت ئەوە بکات، مانای وایە هیچ بایەخێک بۆ بوونی نییە و ناتوانێت بەهێز بێت. هێزی حیزبەکان لە دابەشکردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە هیچ کۆمەڵگایەکیشدا خەڵک لە ئاست ناکۆکیی حیزبەکان یاخود سیاسەتەکانیاندا بێلایەنی هەڵنابژێرن، جیاوازیی سیاسی لەناو هەرێمی کوردستاندا شۆڕ بووەتەوە بۆ شەقام و بۆ ناو خەڵک و زۆر بەشێوەیەکی توندتریش بۆ سەر لاپەڕەکانی فەیسبووک، بۆیە چالاکانی فەیسبووک و بەکارهێنەرەکانی لەهەموو ئاستە جیاوازەکاندا، کارەکتەری سەربەخۆ نین بۆ ئاراستەکردنی رووداوەکان، بەڵکو پاشکۆن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکان لەم دونیا مەجازییەدا کە هەموو شتێک دەکرێ بگوترێ، هیچ کەسایەتی و هێز و لایەنێک بەدەر نییە لەو تەوژمە لە رک یاخود خۆشەویستی، پیاهەڵدان یان داشۆرین، بەرزکردنەوە یان سووککردن، کە فەیسبووک بەرهەمی دەهێنێت.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیشدا، فەیسبووک بووە بە پەناگە و نیشتیمانی زۆر کەس و گرووپ و لایەن کە هێشتا زۆر دوورن لەو رۆژەی بتوانن لەسەر شەقامەکاندا بە ئاشکرا پەردە لەسەر رووی خۆیان لابەرن و بە جیاوازییەکانیانەوە کۆمەڵگا و کولتوور قبوڵیان بکات و لەخۆیان بگرێت، لە نموونەی هاوڕەگەزبازەکان، ژنان و کچانێکی یاخی لە کۆمەڵگا و ئاین، بێ باوەڕەکان و ئەوانەی رەخنەیان لە بونیادی ئاینی کۆمەڵگا هەیە، تا دەگات بە کەسانێک کە لەژێر پیشە و گوتار و نواندن و ناونیشانی جیاجیاوە رۆژانە دونیای نێو فەیسبووکیان بەخۆیانەوە خەریک کردووە و لەنێوان دژ و لایەنگرەکانیاندا بێ ئەندازە نەفرەت و خۆشەویستی، خۆخاڵیکردنەوە و چەپاندن، پێشکەش بەم دونیا ئازادە بێ سنوورەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

ئەنجامی ژیان و هاووڵاتیبوون لەنێو دونیای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەنگبەرزکردنەوە و بەیانکردنی خودە تا ئەودیوی سنوورەکانی تابۆ و حەرامەکان، خۆخاڵیکردنەوەیە لە هەموو حەسرەت و رک و کینە و گومانێک، لە هەموو خۆشەویستی و پەرستن و پێداهەڵدانێک کە دونیای راستەقینە و ژیانی کۆمەڵایەتی و واقیعی سیاسیی کۆمەڵگای ئێمە رۆژانە بە مرۆڤەکانی دەبەخشێت بەبێ ئەوەی لە ژیانی راستەقینەدا هەموو هەست و هەڵسوکەوت و دەربڕینێکیان لێ قبوڵ بکات، رۆژانە هەموو رووداوێکی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت ئاین، بە هەزاران پرسیار و ناکۆکی و ناڕەزایی و گومان، دڕدۆنگی و هەستی نامۆبوون لای مرۆڤی ئێمە دروست دەکەن، بەڵام واقیعی هێز لەناو کۆمەڵگادا، تەنانەت خودی مرۆڤەکان خۆیان، بەو ئەندازەیەی کە نیگەرانی بەرهەمدەهێنن، بەو ئەندازەیە رێگرن لە گواستنەوەی ئەو نیگەرانییانە بۆ ئەوەی ببنە هێز و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی راستەقینە و دانپێدانراو لەناو واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا. ئەمڕۆ فەیسبووک لە واقیعی ئێمەدا جیهانێکە بۆ خۆخاڵیکردنەوە، هەموو هێزە سەرکوتکراوەکان، هەموو حەرامەکان، بە فەیسبووک خۆیان خاڵی دەکەنەوە، بە لێکچواندنێکی وردتر، فەیسبووک ئامرازێکە بۆ خاڵیبوونەوە تا ئاستی بێدەنگی، تا ئاستی خۆشاردنەوە، تا ئەندازەی دوورکەوتنەوە لە هەموو کردە و ئاکشنێکی کردارەکی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# خەتی سێیەم

## 1

ئێستا کە نەوشیروان مستەفا لە ژیاندا نەماوە، قسە لەسەر میراتی ئەوە کە بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەرییە. ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر فاکتەرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دروستبوونی بەلایەکەوە بنێین، بەرهەمی دوو شتە: یەکەمیان ئەوەی کە نەوشیروان مستەفا (دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و تواندنەوەی لەناو یەکێتیدا) لە ژیانی سیاسیی خۆیدا، بتوانێ خۆی سەرۆکایەتی حیزبەکەی لەدەستدابێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت بۆ ئەوەی ئەوەی ئەو دەیەوێت بیکات. دووەمیان کاردانەوەیەکبوو بەرامبەر بەو ڕێککەوتنەی کە تاڵەبانی لەپێناو گەیشتن بە ئامانجە تاکە کەسییەکانی لەگەڵ بارزانیدا کردی. بۆیە قەت گۆڕان لە سیاسەتدا نەیتوانی ئەوە بەرجەستە بکات کە خەتی سێیەمە. کار و سیاسەتەکانی بزووتنەوەکەی ڕەنگدانەوەی کەسایەتی نەوشیروان مستەفا بوو. ئەگەرچی خۆیان پێ جیاواز بوو، بەڵام تاوەکو سەر ئێسقان پاشڤەڕۆی مەدرەسەی ئیبرایم ئەحمەد و دابەشبوونی جەلالی و مەلایی بوون. بۆیە بزووتنەوەکە لە پێش مەرگی ڕێکخەرەکەیەوە مرد، چونکە میراتگرەکانی ئەو مەدرەسەیە لەو بەهێزتر بوون. نەوشیروان مستەفا ئەو ڕاستییەی دەزانی کە سیاسەت لە کوردستان بەبێ چەک و پارە ناکرێت، بۆیە بەوئومێدە چووە ناو حکومەتەوە کە بەشێک لە ژێرخانی ئابووری و حوکمڕانیی کوردستانی بکەوێتە بەردەست، بەڵام بەدەستی بەتاڵ لێی هاتنە دەرێ. دواییش بزووتنەوەکەی خۆی هاویشتەوە باوەشی بنەماڵەی تاڵەبانی بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ یەکێتی. بەڵام لە دوای خۆی جەماوەرێکی دڵشکاو، ناڕازی و بێهیوای بەجێهێشت.

ئەگەرچی ئەمڕۆ نێچیرڤان بارزانی خاوەنی حیزب نییە و جێگری سەرۆکی پارتییە، بەڵام کەسایەتییەکی بەهێزی حوکمڕانییە لە کوردستاندا و توانی ئەوە ئیسپات بکات کە دەتوانێ لە دەرەوەی سیاسەتی حیزبەکەی، وەک دەوڵەتمەدارێک هەنگاو بنێت. بچێتە سەر مەزاری نەیاری سیاسی خۆی و ڕێزی لێبگرێت. نەوشیروان مستەفا هەرچییەکی بەرامبەر بە پارتی کردبێت، شایەنی ئەوەبوو وەک سەرکردەیەک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. نێچیرڤان بارزانی ئەوەیکرد و جەماوەریش ئەوەی لەبەرچاو دەبێت. هیچ حیزبێک موقەدەس نییە و بە پارتیشەوە و، هەموویان باڵیان تێدایە. ئێستا و ڕابردوو، زۆر گرەو لەسەر خەتی سێیەم کراوە، بەڵام خەتی سێیەمی ڕاستەقینە ئەگەرچی ڕاگەیێندراو نییە، هەیە و ئەو خەتەش خەتی نێچیرڤان بارزانییە.

---

## ئێران و گردەکە

## 2

ئەگەرچی ئێران دەرگیری شەڕی مانەوەی خۆیەتی وەک هێزێکی گەورەی ناوچەیی و بەردەوامی ڕژێمەکەی لە ناوخۆدا، بەڵام سیلەیەکی چاویشی هەر لە وەزعی ناوخۆی سلێمانییە و پەیامێکی ماناداریان بۆ پرسەی کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا نارد. بەدەر لە هەموو تەفسیر و تەئویلەکان، ئێران مەترسیی ئەوەی هەیە کە یەکێتی نەتوانێ دەست بەسەر میراتی نەوشیروان مستەفادا بگرێت. هەر بۆیە سەرەخۆشییان لە تاڵەبانی کرد و ویستیان نیشانیبدەن کە خاوەنی گۆڕان یەکێتییە. سەرانی یەکێتی لەوە دڵنیابوون کە مردنی نەوشیروان مستەفا نزیکە و بە مردنەکەی غافڵگیر نەبوون. هەر بۆیەش نەوشیروان مستەفا کە خۆی زۆر دژی ئەوەبوو مەزاری سەرکردەکان لە گرد و تەپۆڵکەکان بێت (لە کتێبی بیرەوەرییەکانی خۆیدا، ڕەخنە لە هێنانەوەی تەرمی بارزانی باوک و کاک ئیدریس دەگرێ بۆ بارزان) وەسیەتی کرد (یان وایان بڕیاردا!) کە لە گردەکە بنێژرێت و ئەوەش لەپێناو ئەوەبوو کە دوو ئامانج مسۆگەر بکات، موڵکایەتی گردەکە و بزووتنەوەکەش نەبێتە پاروویەکی ئاسان بۆ یەکێتی.

لەو بەینەدا، پارتی (باڵی هەڵۆیەکان) زۆر خۆشحاڵە کە گەورەترین بەربەستی بەردەم خەونەکانی بۆ دروستکردنی هەژموونی بەسەر کوردستانی باشووردا نەماوە. نەوشیروان مستەفا دوایین قەڵای بەردەمی پارتیبوو کە نەما. بۆیەش بۆی گرنگ نییە کە چ ڕوودەدات، دەبنەوە بە یەکێتی یان نابنەوە، دەچنە ناو حیزبی دیکە، دەبن بە پارتی یان نا؟ گرنگ ئەوەیە مۆتەکەی نەوشیروان مستەفایان بەسەرەوە نەما. بەڵام ئەوەیان لەبەرچاو نییە کە ئەو جەماوەرە وا بە ئاسانی و بێ بەرنامە ناگەڕێنەوە ناو ئەو سیستەمەی کە فێرکراون دژی بن. بۆیە ئێران بەردەوام ئیش لەسەر ئەوە دەکات کە یەکێتی بتوانێ خاوەنداریی بزووتنەوەکە بکات، چونکە تازە لە کوردستان تەنها لەناو ماڵباتی بارزانی سەرکردەی وا هەیە کە بتوانرێ وەک پلە یەک حیساب بکرێت و ئەوانیدیکە هەمووی پلە دوون. ئەوەش وادەکات کە جەماوەرێکی سەرگەردان و بێ بەرنامە دروستبێت. کەس نەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات و ڕێکیانبخات. یەکێتی لە ڕێگەی ڕێککەوتنە سیاسییەکەیان لەگەڵ نەوشیروان مستەفادا و بێ ئەوەی گوشاریان بۆ بێنن، دەیانەوێ ئامانجەکەی خۆیان و ئێران بهێننە دی.

## کێشەکە سەرۆک نییە

## 3

لە ماوەی ڕابردوودا، هەوڵێکی جددی هەبوو بۆ ئەوەی پەرلەمان هەر نەبێ بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی کارا بکرێتەوە. چونکە سەرباری ئەوەی کە دەگوترێ هەڵبژاردن لە کوردستان دەکرێت، پێناچێ یەکێتی و پارتی ئەمجارەیان خۆیان بدەنە دەست قەدەر و تا باش دڵنیا نەبن کە ئەنجامەکەی چی دەبێ، هەڵبژاردن ناکەن. ئێستا چاوەکان لەسەر گۆڕانە کە سەرکردایەتیی تازەی لەوبارەوە چ موبادەرەیەکی دەبێت. یەکێتی و پارتی ئەمجارەیان دەستیان بەهێزە بۆ گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان و، گۆڕانیش ئەگەر بیەوێ لە کایەی سیاسیدا بمێنێتەوە، دەبێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە. بەڵام مەسەلەکە لێرە تەواو نابێ، چونکە پارتی تەنها بە گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان قەناعەتی نایەت و نایەوێ پەرلەمان دامەزراوەیەک بێت دەسەڵاتی بەسەریەوە نەبێت. بۆیە لە هەر پێشهاتێکی نوێدا سەبارەت بە پەرلەمان، پارتی میکانیزمی کارکردنی پەرلەمانیش دەگۆڕێت و وای لێدەکات کە ئەگەر سەرۆک، جێگر و سکرتێری پەرلەمان بەیەکەوە شتێک نەخەنە دەستووری کارەوە، نەخرێتە کارنامەوە، کەواتە دوای ئەوە گرنگ نییە کێ سەرۆکی پەرلەمان دەبێ.

---



عەبدوڵڵا عالایی
abdullahalayi@gmail.com

# زەکات بۆچی هەر بۆ مەلا بێت؟

زەکات سێیەمین ڕوکنە لە پێنج پایەکانی ئایینی ئیسلام، بە کۆمەڵێ مەرج کە هاتنە دی، لەسەر هەموو تاکێکی موسڵمان واجب دەبێت. زەکات لەنێو دینە ئیبراهیمییەکانی دیکەش "مەسیحێتی - جوویێتی" هەیە، بەڵام بە وردەکاری و شێوازی جوداوازەوە.

زەکات لەنێو ئیسلامدا لە قۆناغی مەککە بە ماوەیەکی کەم بەر لە کۆچی نەبەوی هاتە فەرزکردن، دوای کۆچ "الهجرە"ی پێغەمبەری ئیسلام و هاوەڵەکانی بۆ مەدینە "یثریب" و گۆڕانی دۆخی ئیسلام لە دۆخی تیۆری و ڕۆحانییەتی تەوحیدەوە بۆ دەوڵەت و بانگەواز "الدعوە" و جیهاد، چۆنێتی و وردودرشتی وەرگرتن و بەخشینی زەکات داڕێژرا، لە "ئیجمالیەت"ەوە بەرەو "تەفاسیل" بردرا. لێرەوە کە دەوڵەت بنیاتدەنرێت، زەکات چیتر ئەرکێکی کەسێتیی ئازاد نییە، بەڵکوو دەبێت بە سیستم و قورئان بە سیغەی فەرمانکردن [خذ من أموالهم صدقه] داوا لە پەیامبەرەکەی دەکات زەکات لەم کەسانە بسەنێت کە بەر مەرجەکانی دەکەون، لەم سۆنگەیەوەش، پەیامهێن (عومەری کوڕی خەتاب) بە کۆوەکردنی زەکات ڕادەسپێرێت، (عەلی و خالید) بۆ یەمەن دەنێرێت، (زیاد) دەنێرێت بۆ حەزرەمەوت، (عەلای حەزرەمی) ڕەوانەی بەحرێن دەکات، گشتیان بۆ سەندنی زەکات و کۆوەکردنی بەخشین لە نکاری پێغەمبەرەوە فەرمانیان پێ دەکرێت.

دوای مردنی پەیامهێن، لە ڕۆژگاری خیلافەتی ئەبووبەکری سدیق، زەکات هەر لەسەر ڕێڕەوی خۆی شێوەی سیستەمی وەردەگرێت، بەڵام چەند هۆزێک ئەگەرچی باوەڕیشیان بە زەکات دەبێ، بەڵام بە ئەوە ڕازی نابن زەکات ڕادەستی ئەبووبەکر بکەن، بە شێوازی خڕکردنەوەی ئەو قایل نابن، لێرەوەش جەنگی هەڵگەڕاوەکان "حرب الردە" بەرپا دەبێ. بە درێژایی ڕۆژگاری خیلافەتە ئیسلامییەکان زەکات جمکی دەوڵەت بووە، خەلیفە و وەلی ئەمری نێوچەکان سەرپەرشتی کۆوەکردنیان کردووە، تا ڕووخانی خیلافەتی عوسمانی، ئیتر جارێکی تر زەکات لە جیهانی ئیسلامی بۆ قۆناغی مەککەیی و بەر لە هیجرەت دەگەڕێتەوە، بەوەی لە دۆخی جەبر و سیستەمییەوە بۆ فەریزەیەکی شەرعیی شەخسی، دەگەڕێتەوە. لە فیکری ئیسلامی و لە مێژووی موسڵمانێتیدا، زەکات پێوەستە بە دەوڵەت و سیستمی سیاسیی بەڕێوەبردنی وەڵاتەوە.

لە دوای خیلافەتی عوسمانییەوە، لە واقیعدا ئەم دونیابینییە پاشدەخرێت، بەڵام وەکوو جێگرەوەیەک بۆی، لە هێندێ وەڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بۆرد و دەزگەی تایبەتکراو بۆ زەکات، بنیات دەنرێ. نموونەی: (لیژنەی قانوونیی زەکات) لە مەغریب، (لیژنەی وردبینی زەکات) لە سعوودیە، (دامەزراوەی زەکات) لە مالیزیا، (ماڵی زەکات) لە کوێت، (سندووقی زەکات) لە ئوردن، (دیوانی زەکات) لە سودان، (دەستەی زەکات) لە فەلەستین و... تاد لە چەندان وڵاتی دیکەی عەرەبی و ئیسلامی ئەم دامەزراوانە هەن.

ڕۆژی 21 - 5 - 2017 ڕابیتەی ئیسلامیی کورد، بە سەرپەرشتی بەڕێز (مەلا عەلی قەرەداغی) پڕۆژەی (سندووقی زەکات)ی لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند، لە ڕاگەیاندن و پەیامی دامەزراندنەکەیشیاندا، داوا لە سەرمایەداران و موسڵمانانی کوردستان دەکەن، لەم ڕەمەزانەوەڕا زەکاتی ئەمساڵیان ڕادەستی ئەم سندووقە بکەن.

وەکوو ئاماژەم پێدا، ئەم سندوق و بۆردانە لە بەشێکی وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکان هەیە، بەڵام ڕاستەوخۆ سەر بە حکوومەتن و لایەنی پێوەندیدار سەرپەرشتییان دەکەن، ئەوەی بەڕێز (مەلا عەلی قەرەداغی) جوداوازییەکەی لە ئەوەدایە سندووقەکەی سەر بە بزاوێکی سیاسییە کە خەریکە لەئاستی نێودەوڵەتیدا دەخرێتە نێو خانەی (تیرۆر)، هەڵبەت باسی (ئیخوان موسلیمین) دەکەم.

زەکات مادام پێوەندی بە باری ئیکۆنۆمی خەڵکییەوە هەیە، دەبێت بە سیستم بکرێت و هەر حکوومەتیش چاودێری بکات. گرفتێکی گەورە لە وەڵاتی ئێمە ئەوەیە سیستمی بانکیمان کارا نییە، ئیکۆنۆمی و داهات و دەرامەت و خەرجییەکانی خەڵک بە بانکەوە پەیوەست نین، کەس نازانێ خەڵک چی دەکات و چی دەستدەکەوێ و چی سەرف دەکات و لە چیش خەرجیان دەکات. کەلێنی گەورەی دامەزراوەیی کوردستان و ئەم نێوچە تاریکەی مە ئەوەیە کە هەمووان بە کاش مەنی ئیش دەکەن نەک بە کارت و هەژماری بانکی، ئەم کەلێنە سەرچاوەیەکی گەورەی گەندەڵییە. بۆ دونیای نوێ، ئیکۆنۆمی نەکرێت بە سیستمی بانک و داتا و ژمارە و کرێدیت بانک، ئیدی دونیای گەندەڵی هەردەم دەرگای واڵایە. هەر لەنێو ئەم بەسیستمکردنە زەکاتیش دەبێت بەر ئەم دامەزراوەییە بکەوێت، بەڵام لەژێر چاودێریی لایەنی پێوەندیدارەوە.

پارەیەکی زۆری زەکات بەهەدەر دەڕوات، حکوومەت دەبێت لەژێر چاودێریی خۆیەوە لەڕێی بەدامەزراوەکردنەوە ئەم ئاڵۆزییە ڕێکبخات. ئەمە کاری ڕێکخراو و بزاوێکی سیاسی و ئیدیۆلۆجی نییە. ساڵانە، بڕێکی زۆر لە داهات کە ئەنجامی کۆوەکردنی زەکات خڕبووەتەوە، بێسەروشوێن دەکرێت، شونبزر دەکرێت بەم مانایەی لە شتێکی ئەوتۆی وەهادا خەرج ناکرێت کە شوێنی خۆی بگرێت، ئیسلامیزمی کوردستان داوای زەکات بۆ دەزگە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان دەکەن، ئیخوانی کوردی و سەلەفیزمی مەدخەلی زەکات تەنیا بەسەر هەوادارانی خۆیاندا پەرش و وەشان دەکەن، سەرمایەداری دینداری سادەش بڕی زۆری زەکاتەکەی بۆ (مەلا)یانە، کێ زەمانی ئەوە دەدات دەستکەوتە زەبەلاحەکەی زەکات کە ڕادەستی ڕابیتەی ئیسلامی و بەڕێز مەلا عەلی بکرێت، هەمدیس هەر لە مەلایان و بەتەنێ لە مزگەوت و مەدرەسەی دینییان خەرج نەکرێتەوە؟

قورئان بۆ پێدانی زەکات، هەشت چینی پۆلین کردوون (إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ )التوبة:60 . لە هیچ کامیان باسی مەلا نەکراوە، ئەی بۆ ئەم کوردە بەتایبەت کوردی گوندی و لادێیی، سەرجەم زەکاتەکەی بە مەلا دەبەخشێتەوە؟ من مەلای ئەوهام ناسیوە، لە ڕەمەزاندا نێزیکی 30 هەزار دۆلاری خڕکردووەتەوە، کەچی دووەم ڕۆژی جەژن گوندەکەی جێهێشتووە، کە نێزیکەکانی لێیان پرسیوە بۆ ڕویشتووی لەوێ؟ وەڵامی ئەوە بووە تا بۆ ساڵێکی دیکە لە گوندێکی دیکە زەکاتی دەستبکەوێت و لێی بێبەش نەبێت.

مەلا وەکوو هەر فەرمانبەرێکی دیکە فەرمانبەری حکوومەتە، مەلا چی جوداوازە لەگەڵ مامۆستا؟ ئەمیان لەبەرانبەر فێرکردن و نووسین و خوێندنەوەدا مووچەی خۆی وەردەگرێت، ئەمیشیان لەبەرانبەر نوێژ و بانگ و تەلقیندا پارەی خۆی وەردەگرێت، بۆچی هەموو پارەی نێو جۆرکی زەکاتیان بۆ بەرکی مەلایە و دەستی چ کەسێ بە گیرفانی مامۆستا ڕاناگات و پڕی ناکاتەوە؟

هەر بەم بۆنەیەوە دەبێت لێرە باس لە خانووی مەلاش بکەم، یەکێک لە کەلێن و نەهامەتییە دینییەکانی ئێمە خانووی مەلایە لەنێو مزگەوتان کە جۆرێک لە تەقدیس و موقەدەسییەتی بە چوار دیواری وەکوو هەر خانووێکی دیکەی خەڵکی بەخشیوە، ئەوە هیچ کە ئاو و کارەبای بەخۆڕاییە، بگرە کەلوپەلی نێوماڵ و خواردن و خواردنەوەشی دابینە، تەنێ لەبەر ئەوەی لەنێو مزگەفتدایە. مەلا کە وەکوو مامۆستا فەرمانبەرە، دەبێت ئەمیش وەکوو ئەو لە دەرەوەی فەرمانگەکەی خۆی، خۆی و خێزانەکەی بژێنێت، نەک ئەم ئیمتیازە بەخۆی بدات کە تاکە فەرمانبەر بێت خانووی بۆ دابین بکرێت.

من لەسەر هەشت چینەکەی نێو قورئانیش کە بە شایەنی وەرگرتنی زەکاتی داناون، تێبینی و تێڕامانم هەیە، ئاخر بە سرووشتی حاڵ چەند چینێکی نێو ئەم هەشت چینە هەر نەماون یان لە دونیای ئێستەدا لەم ئاستەدا نین کە خێریان پێ بشێت. هەرچەندە تا ئێستە شتێکم بەرچاو نەکەوتووە کە بیرمەند یان فەقیهێکی ئیسلامی چاوێکی بەم هەشت چینە خشاندبێتەوە و ئیجتهادی نوێی لێ کردبێ، بەڵام دڵنیام لەمەودوا قسەی لەسەر دەکرێت. ناکرێ بە بەهانەی (پوابت) ئەمەشمان لێ بکرێت بە بڤە و نەتوانرێ قسەی لێ بکرێت،هەموو عولەمای شەرع کۆوەبکەیت ناتوانن کۆدەنگ بن لەسەر ئەوەی ئاخۆ سەوابت چییە، چۆنە، چەندە؟ مەگەر هەر لەسەر ئەوە هاوڕابن کە سەوابت بریتییە لە باوەڕهێنان بە ئەرکانەکانی ئیمان و ئیسلام، بەڵام باقی وردەکارییەکانیان، ناچێتەوە نێو خانەی سەوابت. ڕیفۆرمیش دەبێت بە پلەی یەک لە تێکستی سەرەکی و بنەما مەعریفی و شەرعییەکاندا بێت، نەک لە لقوپۆپ و پرسی لاوەکیانەی دین.

ئەگەر تا دوێنێ (فەقیر) ئەوە بوو کە نان و ئاو و پۆشاکی نەبوو، ئەمڕۆ ئەوەیش فەقیرە کە مۆبایل و ئەنتەرنێتی نییە کە بۆ دونیای نوو وەکوو نان و ئاوەکە پێویستیی هەموو تاکێکن.

حکوومەت ئەگەر بانگەشەی مەدەنییەت و سیکۆلاریزم دەکات، لێرەوە دەبێت بە جددی مشووری پرسی زەکات بخوات. خەڵکەکەیش ئەگەر دەیانەوێت شکۆدارانە بژیێن و نەکەونە بەر خەڵەتاندنی دینی و مەزەبییانە، با دوور لە سۆز و هەڵچوون، بە شێوازی پێدان و بەکێدانی زەکاتدا بچنەوە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کوردستان بە چاویلکەی ورچەکە

هاتنەوە لەپڕەکەی رووسیا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆ ئەو گەل و حکومەتانە لەپڕ بوو کە پاش رووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، ئاگایان لە هەواڵەکانی مۆسکۆ نەمابوو. وێنەی بیست و پێنج ساڵی رابردووی رووسیا لای ئێمە وێنەی وڵاتێک بوو کە گیرۆدەی شەڕوشۆڕی نێوخۆیی و سەرسنوورەکانی و دەرهاویشتەی لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سوپەر-دەوڵەتە سوورەکە بوو. بەڵام وەک لە رۆژانی رابردوودا بیرمەندی رووسی ئەلێکساندەر دووگین لە پانێلێکی رووداودا لە هەولێر باسی کرد، مۆسکۆ لەو ماوەیەدا وەک ورچێکی بریندار خەریکی تیمارکردنی زامەکانی بووە و ئێستا بە متمانەوە خەریکی جێبەجێکردنی پەلهاویشتنەوە پلان بۆ داڕێژراوەکەیەتی. جا کوردستان کە لە سەدەی بیستدا چەند جارێک بە چرنووکی ورچەکە بریندار بووە، هەقی خۆیەتی دیسان بپرسێتەوە: ئەمجارەش هەمان ورچ چرنووکمان لێدەدات یان هەنگوینمان بۆ دەهێنێ؟

دووگین تیۆریسیەنی بیرۆکەی هەستاندنەوەی رووسیایە. وەک باسی دەکەن راوێژکارێکی نزیکی پووتینە و قسە و کردەوەکانی پووتینیش دەیسەلمێنن کە جێبەجێکاری تیۆرییە کۆنسێرڤاتیڤانەکەی دووگینە. شەوی پێش پانێلەکە دووگین لەسەر دڵەڕاوکێکانی کورد بەرامبەر رووسیا قسەی بۆ کردین و وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە. ئەوەی تێیگەیشتین و تووشی سەرسوڕمانی کردین، لەسەر مێزی بڕیاردانی کرملین ئەجێندایەکی روون و بڕیارلێدراو لەبارەی کوردستان نییە. واتە ئەگەر پێمانوابێ رووسیا بڕیاریداوە دژی سەربەخۆیی کوردستان بێ بەهەڵەدا چووین، ئەگەریش پێمانوابێ لەگەڵیدایە دیسان هەڵەین. بەڵام کرملین ئامادەیە گوێ لە کوردستان بگرێ کە بۆچی هەولێر سوودی دەبێ بۆ جێبەجێکردنی پلانی گەڕانەوەکەی رووسیا بۆ ناوچەکە.

کورد لە باشوور لەماوەی بیست و حەوت ساڵی رابردوودا هەموو هێلکەکانی خستووەتە سەبەتەی ئەمریکی و ئەورووپییەوە. هەمان ئەو ئەمریکایەی لە حەفتاکانیشدا هێلکەکانی کوردی لە سەبەتەکەی فڕێدایە دەرەوە و زۆربەیان شکان. ئەمریکایەک کە ڕاستە لە شەڕی داعشدا پشتیوانی لە کوردستان دەکات، بەڵام بە پاساوی دەستگرتن بە یەکپارچەیی عێراقەوە زۆرجار کوردی پاڵپێوەناوە بۆ ڕازیبوون بە گوشارەکانی بەغدا. ڕاستە کورد لەگەڵ مۆسکۆش ئەزموونێکی هاوشێوەی هەیە و هێلکەکانی کۆماری کوردستان لە سەبەتەی مۆسکۆدا بەتەواوەتی شکان، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەمجارە کورد ناچار نییە هەموو هێلکەکانی نە لەلای واشنتن دابنێت و نە لە مۆسکۆشیان بشارێتەوە.

زۆر کورد هەن شانازی بەوەوە دەکەن کە لە دنیادا بە وڵاتەکەیان بگوترێ ئیسرائیلی دووەم، بەڵام لەبیریان چووە "ئیسرائیلی یەکەم" تەنیا بە پشتیوانیی ئەمریکا دروست نەبووە و جگە لە توانای ئیسرائیلییەکان، ڕاگرتنی باڵانسیش وای لەو دەوڵەتە کردووە کاریگەری و هەژموونی بمێنێتەوە. بۆنموونە هەمان ئەو ئیسرائیلەی لۆبییەکەی لە واشنتن بە کاریگەرییەوە کاردەکات، لە مۆسکۆ و لە کرملنیش کاریگەریی هەیە و دەتوانێ بڕیاری رووسی بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە. ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئابووریی رووسیا و پەتەکانی بڕیارسازیی سیاسییەکانی رووسیا بەدەست جووەکانەوەیە. هەمان ئەو جووە رووسیانەی لە دروستکردنی دەوڵەتی ئیسرائیلیشدا ڕۆڵی گەورەیان هەبووە و ئێستاش لەنێو ئیسرائیل بە چاوی ڕێز و سەرسامییەوە تەماشایان دەکرێ.

وێنەی کورد لە چاویلکەی رووسیدا وێنەیەکی تەڵخە و خەریکە وردە وردە بە ڕێککەوتنی ئابووری و هاتنی رووسەکان بۆ باشووری کوردستان ڕوونتردەبێتەوە. کورد زۆر پێویستی بەوەیە ئەو وێنەیە هەرچی زووە ڕوونبێتەوە، بۆئەوەی چیدیکە منەتی بەوە نەبێت کە ئەمریکییەکان لەپڕ وەک ساڵانی حەفتا چاویلکەکانیان دەربهێنن و چیدیکە کوردی لەو ناوچە پڕ لە ئاشووبەدا پێ نەبینن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more


مەلیس بەرچەم:



## به داخەوە کە کوردی نازانم

« 10


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان ، ژیرۆ عەبدولرەحمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997

ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net








